# لەبارەی کتێبی (شوێن و شوناس)ـەوە.

کتێبی
(شوێن و شوناس) توێژینەوەیەکی
فەلسەفیە لە بارەی شاریی سلێمانیەوە. کتێبەکە لە مانای شار وەك شوێن و لە گرنگیی شوێن بۆ دروستکردنی شوناسی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە... شاری سلێمانی لەم ڕووەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و شوێنێکە بە دەر لەوەی کەوتۆتە چ ناوچەیەکی جوگرافیایی جیهان و کوردستانەوە، ئەوە بە درێژایی مێژووەکەی خۆی شارێکی شوناسبەخش بووە.

ئەم کتێبە لەو پەیوەندییەی نێوان مرۆڤ، تاکەکەس و خودێتی دەکۆڵێتەوە کە دەیبەستێت بە شوناسەوە. واتە لەو دۆخە دەکۆڵێتەوە کە تیایدا شوێنێکی تایبەت چۆن دەبێتە هۆکاری بەخشینی شوناس بە مرۆڤەکان و چۆن مرۆڤەکانیش لە دۆخیی جیاوازی پەیوەندییاندا بەو شوێنەوە، شوناسگەلێکی تایبەتی پێدەبەخشن. بە دیوێکیتردا و بە پەنا بردن بۆ میتۆدیی فەلسەفەی دیاردەناسی، بەتایبەتی هۆسرەڵ و هایدەگەر کە دوو فەیلەسوفی مەزنی ئەڵمانیی سەدەی بیستەمن، بە پشتبەستن بە ئەزمونی تایبەت و خودێتی کەسی یەکەم، هەوڵدەدات کولتوور و ڕەهەندە کولتووری و مەعنەوییەکەی ئەمشارە بخوێنێتەوە.


ئەم کتێبە دەتوانێت بەشداریی بکات لە دۆزینەوەی ئەو شوناسە هاوبەشەی نێوان نەوەی هەشتاکان و پاشتر و لە هۆکارەکانی درزبوونی ئەم شوناسە دەکۆڵێتەوە.. بەرهەمەکە لە جۆری خۆی هەوڵێکی دەگمەنە لە بواریی فەلسەفە و شارناسیدا. یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە هەندێك کۆڕەفتاری جەماوەریی و کردەی تاکەکەسی لە پەیوەندیی بە شوێنەوە. ئایا تا چەندە شوێن لە پشت ئەو بژاردە و هەڵبژاردن و زەوق و پەرچەکردار و ئینتیمایەوەن کە مرۆڤەکان لە شوێنێکی تایبەتدا دەینوێنن.. ئەم کتێبە سەرەتایەکە بۆ گۆڕینی دیدگای ئێمە لەسەر شوێن و جیاکردنەوەی لە بۆشایی و شوێنی جوگرافیی و جێگە.

کتێبەکە بۆ بازنەیەکی فراوانی خوێنەران نووسراوە، بەڵام نووسەرەکەی هیواداره خزمەتێکیش بە بڕیاریی سیاسیی هەرێم بکات بۆ دانانی مەرجی تایبەت لە پلانشاریی و دەستکاریکردنی شارەکاندا. هەروەها هانی ئەندازیارانی شارساز و میعماران بدات تا بتوانن مامەڵەیەکی نامادیی و غەیرە ئابووریانە لەگەڵ شوێن بکەن.. شوێنناسی و ئێستاتیکای شوێن و شارناسی فەلسەفی ئەو لقە زانستیانە پێکدەهێنن کە هێشتا لە زانکۆکانی ئێمەدا بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە..


رێبوار سیوەیلی

# دیاردەناسیی شوێن و شوناس

( خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی )



# کوردستان پێویستی به سەرۆکێکی (هەڵبژێراو لە گەل) و (خاوەن دەسەڵات) هەیە



پ. د. ئازاد نەقشبەندی
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەمیکە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم ئاڵۆزییەکی دژواری لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمدا دروستکردووە. وروژاندنی ئەم پرسە، کە خۆی لە دوو بابەتی سەرەکیدا دەبینێتەوە (شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم) و (دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم) لەم کاتە هەستیارەدا کە هەرێمەکەمان دووچاری چەندین قەیرانی سیاسی و سەربازی و ئابووری و دەرهاویشتەکانیان بووەتەوە ناکرێت بە کارێکی ئاسایی ئەژمار بکرێت. دەرفەت زۆر بوو ئەم پرسە بە رێگا سروشتی و یاساییەکەی لە دوو ساڵی پێشوودا چارەسەر بکرایە، بەڵام بۆ نەکرا ئەمە پرسیارێکە کە پێویستە نەك تەنیا یەك نیشانەی پرسیار (؟) لە بەردەمیدا دابنرێت، بەڵکو چەندین نیشانەی سەرسوورمان (!!!) یش.

دەوترێت:(هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی) پێویستی بە یاسایەك هەیە کە بۆ کەسێك یان لایەنێکی تایبەت دانەڕێژرابێت و بەرژەوندی نەتەوەیی تیا رەچاوبکرێت. ئەمە بێگومان بۆچوونێکی راستە، بەڵام دیارە دیوەکەی تری ئەم بۆچوونەیش راستە کە دەڵیت: «پێویستە ئەو یاسایە یاسایەکی نادروست نەبێت کە تاکە مەبەستی نەگەیشتنی کەسێك یان لایەنێکی تایبەت بێت بە سەرۆکایەتیی هەرێم».

پاش ئەم پێشەکییە کورتە دەڵێین: «هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرۆکێکی (هەڵبژێراو لە گەل) و (خاوەن دەسەڵات) هەیە جا ئەو سەرۆکە هەر کەسێك بێت یان سەر بە هەر لایەنێك بێت» لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

پێویستبوونی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکێکی (هەڵبژێراو لە گەل) دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:

١. (سەرۆکایەتیی هەرێم) بەشێکە لە دەسەڵات، (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)، گەلیش سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە و ناکرێت ئەو دەسەڵاتەی لە گەل زەوتبکرێت لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت.

٢. (سەرۆکی هەرێم) پێویستە بەشێك نەبێت لەو دیاردە قێزەونەی کە بێشەرمانە لایەنە سیاسییەکان بانگەوازی بۆ دەکەن و پێی دەوترێت (هاوبەشی سیاسی) لە دابەشکردنی پلە و پۆستەکان تەنیا لە نێوان ئەندامە خواپێداوەکانی ئەو لایەنانەدا.(سەرۆکی هەرێم) پێویستە لە دەرەوەی ئەم بازنەیە بێت و کەسێك بێت رەچاوی بەرژەوەندیی گشت پێکهاتە سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی و ئاینزاییەکانی هەرێمی کوردستان بکات. دیارە بۆ ئەوەی (سەرۆکی هەرێم) بەم

شێوەیە بێت دەبێت ڕەچاوی بەرژەوەندییە ڕەواکانی هەموو لایەنەکان بکات، چونکە ئەو کاتە پێویستی بە دەنگی هەمووانە بۆ ئەوەی ببێتە (سەرۆکی هەرێم) نەك تەنیا بە دەنگی ئەو لایەنە سیاسییەی کە تیایدا ئەندامە و هاوپەیمانەکانی ئەو لایەنە.

٣. فرە نەتەوەیی، ئاینی و ئاینزایی هەرێمی کوردستان و بوونی چەندین حیزب و لایەنی سیاسی لە کوردستاندا، هەروەها بوونی ڕێژەیەکی بەرز لە دانیشتوانی هەرێم لە دەرەوەی پارت ولایەنە سیاسییەکان وا دەخوازێت کە (سەرۆکی هەرێم) ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی سەرۆکی هەموو دانیشتوانی هەرێم بێت.

٤. هەڵبژاردنی (سەرۆکی هەرێم) ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلی کوردستانەوە نەك دژی پرۆسەی دیموکراسی نییە بەڵکو پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا بەهێز دەکات.

٥. بۆ وەڵامی ئەوانەی کە پاساو دەهێننەوە بۆ ئەوەی (سەرۆکی هەرێم) ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلی کوردستانەوە هەڵنەبژێردرێت، چونکە (هەرێمی کوردستان) بەشێکە لە عێراق و (سەرۆکی عێراق) لە لایەن (ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق) هەڵدەبژێرێت دەڵێین:

- سیستمی حوکمڕانی لە عیراقدا نموونەیەکی سەرکەوتوو نییە و بە پێچەوانەیشەوە چەندین نموونەی حوکمڕانیی سەرکەوتوو لە جیهاندا هەن کە (سەرۆکی وڵات) تیایاندا ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلی ئەو وڵاتانەوە هەڵبژێراوە .

- هەڵبژاردنی (سەرۆکی عێراق) لە لایەن (ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق) ڕێگر نەبووە لە دروستبوونی دیکتاتوریەت لە عێراقدا .

- لە هەمووی گرنگتر هەڵبژاردنی (سەرۆکی عێراق) لە لایەن (ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق) وە و (دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ) بە پێی یاسایەك نەبووە کە (ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق) دەریکردبێت، بەڵکو بە پێی دەستوورێك بووە کە گەلی عێراق دەنگی بۆ داوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ (بەشی دووەم — لقی یەکەم) لە دەستووری کۆماری عێراق، مادەکانی (٦٧ — ٧٥) .

ئەوی تایبەتە بە پێویستبوون بە (سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵات) بۆ (هەرێمی کوردستان)، دیارە مەبەست لەم پێویستبوونە، بوونی (سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵاتی ڕەها و بێ بەرپرسیارێتی نییە)، بەڵام خۆ ناکرێت ئەرك و دەسەڵاتی (سەرۆکی هەرێم) لە شێوەی ئەرکی (داهۆل یان شەموله) بێت . پێویستبوون بە (سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵات) بۆ (هەرێمی کوردستان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:

١. کاتێك (سەرۆکێك) ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، و کە گەلیش سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان بێت، ناکرێت و نادروستە کە دەسەڵاتەکانی ئەو سەرۆکە کەمتر بێت لە دەسەڵاتەکانی (سەرۆکێك) کە نوێنەری بەشێك لە گەل، بێ ئەوەی پێشتر ڕەزامەندیان وەرگیرابێت یان پرسیان پێکرابێت، کەمتر بێت.

٢. بوونی بەشێکی دیار لە (دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن) لای (سەرۆکی هەرێم) واتە دابەشکردنی (دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن) کە لە لایەك ئەم دابەشکردنە لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گونجاوە و لە لایەکی تر هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکان دروست دەکات و ڕێگر دەبێت لە قۆرخکردنی دەسەڵات.

٣. (سەرۆکی هەرێم) کە هێمای (هەرێمی کوردستانە) و پارێزەری دەستوور و یەکێتی هەرێم و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیەتی، ناکرێت و ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات گەر(خاوەنی دەسەڵات) نەبێت.

٤. باری سیاسی (هەرێمی کوردستان)، کە تا ئەمڕۆ هەرێمێکی فیدراڵییە و بەشێکە لە (عێراق)، نەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وادەخوازێت سەرۆکەکەی، کە نوێنەرایەتی هەرێم دەکات لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، سەرۆکێك بێت ڕێزی لێبگیرێت لە لایەن دەسەڵاتی ناوەند و دەوڵەتە هەرێمی و جیهانییەکان. چۆن دەکرێت چاوەڕوانی ئەم ڕێزگرتن و ڕێزلێنانە بین لە سەرۆکی هەرێمەکەمان گەر خۆمان ڕێزی لێنەگرین و بێ دەسەڵاتی بکەین.

لە کۆتاییدا دەڵێین:

١. پێویستبوون بە (سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵات) بۆ (هەرێمی کوردستان) مانای پێویستبوون نییە بە (سەرۆکێکی پارێزراوی بێباك و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها کە بەرپرسیارنەبێت) وەك چۆن پێویستبوون نییە بە (سەرۆکێك بۆ ماوەیەکی درێژخایەن) بەڵکو پێویستبوونە بە (سەرۆکێك کە بە لای کەم هەندە دەسەڵاتی هەبێت بتوانێت، بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تر لە هەرێمدا، ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەم قۆناغە هەستیارەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا گوزەر دەکات بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕێنیت).

٢. هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك لە لایەن گەلەوە تایبەتمەندی پەرلەمانی لە سیستەمی حوکمڕانی ناسێنێتەوە وەك چۆن هەڵبژاردنی لە لایەن پەرلەمانەوە ئەو تایبەتمەندییەی پێ نابەخشێت.

٣. ئاساییە و پێویستە کە ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و مەرجەکانی بوون بە سەرۆك و دەسەڵاتەکانی و شێوازی هەڵسەنگاندنی کارەکانی لە دەستووری هەرێم و ئەو یاسایانەی کە پشت بە دەستوور دەبەستن و تایبەتن بەم پرسە بە وردی دیاری بکرێت.



د. محەمەد ساڵح جومعە لە دیمانەیەکی گوڵاندا:

# دەوڵەتی کوردستان بۆتە خواستی هاوپەیمانان و هیچ هێزێک ناتوانێت بەربەست بۆ ئەم دەوڵەتە دروست بکات



**دەوڵەتی کوردستان بۆتە خواستی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆریستانی داعش. ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ستراتیژیەتی بێ ئومێدکردن و لە ریشە هەڵکێشانی تیرۆریستانی داعش، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەست پێدەکات، ئەم پرۆسە دەست پێکردووەش رۆژ لە دوای رۆژ باشتر سیماکانی بەرجەستە دەبن. لە ئێستادا و لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوچەکە بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بەم دەوڵەتە تازە هەیە. هەندێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق، راگەیاندنی ئەم دەوڵەتەیان پێ خۆش نییە، بەڵام خۆیان لەبەر یەک هەڵوەشاون و توانایان نییە دژایەتی بکەن. تورکیا کە زیاتر لە ٦٠ ساڵە ئەندامی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسییە و تێدەگات ئەم دەوڵەتە هەر دروست دەبێت، بۆیە تا بۆی بکرێت بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. راستە تورکیا پێی خۆش نییە و نایەوێت دەوڵەتێک بە ناوی کوردستان دروست بێت، بەڵام لە بەر ئەوەی هاوکێشەکان زیرەکانەتر دەخوێنێتەوە، دەڵێت ئێمە رێگری لێ ناکەین، تەنها دەوڵەتێک کە بە ئاشکرا و بێ شاردنەوە دژایەتی ئەم دەوڵەتە بکات، ئێرانە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت سووریا و عێراق دابەش بکرێن، بۆ ئەمەش پەنای بۆ هەموو رێگەیەک بردووە، تەنانەت دەستێوەردانی سیاسیش بۆ پەرتکردنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. بۆ قسەکردن لەسەر تەواوی ئەو کێشانە و حەتمییەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەم دیالۆگە کراوەیەمان لەگەڵ د.محەمەد ساڵح جومعە راوێژکاری سیاسیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی هەمان پارت ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** بارودۆخی ئێستای ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بارودۆخێکی شڵەژاو و هەستیار و پڕ لە گۆڕانکارییە، لە ناو ئەم گێژاوەدا کێشەی کورد بۆتە پرسێکی گرنگ، ئایا لەناو ئەم بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی ناوچەکەدا چۆن سەیری واقیعی سیاسیی کێشەی کورد دەکەیت؟**

- چەند بڵێیت و چۆن سەیری بکەی، بارودۆخی ناوچەکە خراپە و بە گرنگترین و هەستیارترین قۆناخدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوەی لە دوای رێککەوتنی سایکس پیکۆ و جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، تا دەگاتە ئەوەی پێیان دەگوت بەهاری عەرەبی کە من بە زستانی عەرەبی ناوزەدی دەکەم، بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز بەو جۆرە نەبووە، لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی رابردوودا، کێشەکانی ئەم ناوچەیە هەموویان خەفەکرابوون و چارەسەر نەکرابوون، بۆیە کە لە ساڵی ٢٠١١ تەقییەوە، ئەوجا هەموو ئەو کێشە و هاودژییانەی لەو ناوچەیە هەبوون، دەرکەوتنەوە و بوونە ئاژاوە و ناسەقامگیرییەکی گەورە. هەر بۆ نموونە کێشەی نێوان شیعە و سوننە، کێشەی ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا بوو، ئەمجارەیان توندتر و خوێناویتر دەرکەوتەوە. هەروەها ئەمڕۆ جارێکی دیکە ئێران دەیەوێت هەژموون و باڵادەستیی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فەرز بکات، ئێران لە ئیمپراتۆریەتی کۆرش-ەوە لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا هەژموونی بەسەر ناوچەکە هەبووە و ئێستاش دەیەوێت هەمان هەژموون دووبارە بگێڕێتەوە، تورکیا خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانێت، دەیەوێت جارێکی دیکە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە، سوننە بەگشتی و عەرەبی سوننە بەتایبەتی دەیانەوێت خەلافەتی ئیسلامی زیندوو بکەنەوە، بۆ ئەمەش پشتگیری داعش کراوە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە، بە راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیش لە عێراق و سووریا، نەخشەی سایکس پیکۆ کۆتایی هات، ئەوە راستە لەگەڵ دەرکەوتنی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی و هێرشکردنی ئەو تیرۆریستانە بۆ سەر کوردستان، ئێمە زیانیکی زۆرمان لێکەوت و قوربانییەکی زۆر گەورەمان دا، بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا، لەبەر ئەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ کۆتایی هات، ئەمەش بەقازانجی ئێمە وەك کورد شکایەوە، لەم روانگەیەوە هەر دەوڵەتێکی ئیقلیمی و کەنداو پشتگیری داعشی کردبێت، لەبەر ئەوەی بووە هۆی نەمانی سایکس پیکۆ، ئەوا ئەم ئاراستەیە بۆ بەرژەوەندی کورد شکاوەتەوە و بۆتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان خێراتر بکات،

بووە هۆکاری ئەوەی زەمینەی دارشتنەوەی نەخشەیەکی نویێ بۆ ناوچەکە بێتە ئاراوە و ئێستا ئەو نەخشەیە لە دارشتندایە، لەنێو دارشتنەوەی ئەم نەخشە تازەیەشدا شەڕێکی قورس لە نێوان ئێران و سعودیە، هەروەها ئێران و تورکیا دروست دەبێت.

*** ئەوەی جێگەی سەرنجە لە خوێندنەوەت بۆ بارودۆخەکە و هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە، ئاماژەت بە رۆڵی دەوڵەتێکی بەهێزی وەك ئیسرائیل نەکرد، ئایا چۆن سەیری رۆڵی ئیسرائیل لەم هاوکێشەیەدا دەکەیت؟**

- پێش ئەوەی بێمە سەر رۆڵی ئیسرائیل، من دەڵێم پێویست نەبوو دوای راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨، عەرەب و جوولەکە شەڕ بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە بە دانوستاندن و رێککەوتن دوو دەوڵەت (فەلەستین و ئیسرائیل) دروست دەبوو، ئەمەش لە قازانجی عەرەبدا دەبوو، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی نەیتوانیوە هێزێك دروست بکات هاوتای ئیسرائیل بێت، لە ئێستاشدا ئیسرائیل هێزێکی هێجگار گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دیدی ئێرانەوە هیچ هێزێك نیە رووبەڕووی ئێران ببێتەوە بێجگە لە ئیسرائیل، هەر بۆیە ئەو ئاڵۆزییەی ئێستا لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا لەسەر ژمارەیەك پرسی گرنگ بوونی هەیە، ئێران زۆر لێی دەترسێت، ئەمەش وایکردووە بەرپرسانی ئێرانی ئاماژە بەوە دەکەن، دەیانەوێت ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان نەهێڵن. هەروەها پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیلیش باش نییە، بەڵام ئەمەیان لەبەر ئەوەیە ئیسرائیل پشتی کورد دەگرێت، بەرامبەر ئەمە تورکیا بە ئیسرائیل دەڵێت ئەگەر ئێوە پشتی کورد بگرن، ئێمەش پشتی فەلەستین دەگرین دژی ئیسرائیل، کەواتە ئێستا ئیسرائیل لە سێ بەرەدا شەڕ دەکات، لەوانە: (شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران، ئیسرائیل و عەرەب، ئیسرائیل و تورکیا)، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی ترسیان لە نفووزی ئێران هەیە، ئەوا مەترسیی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل کەمترە. هەروەها لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی شەڕی مەزهەبی شیعە و سوننەشدا، تورکیا دەبێتە بەرەیەك لە وڵاتانی عەرەبی دژی ئێران، ئەوا مەترسی شەڕی نێوان تورکیا و ئیسرائیل کەمترە، بۆیە زیاتر شەڕەکە لە نێوان ئێران و ئیسرائیل چڕبۆتەوە و ئێران بەهەموو شێوەیەك شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا و رۆژئاوا دەکات، لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل دەیەوێت بە هەموو شێوەیەك ئێران لغاوگیر (ئیحتیوا) بکات.

*** بەڵام کاتێك بە وردی سەیری هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، بە ئاشکرا هەست بە فراوانبوونی مەدی شیعی دەکەین. هەر بۆ نموونە ئەگەر پێشتر عەرەبستانی سعودیە لە هیلالی شیعی ترسی هەبووێت، ئێستا ئەم هیلالە فراوان بووە و بۆتە بازنەی شیعی، واتە ئێران بە تەواوەتی چواردەوری سعودیەی داوە.. ئایا تاچەند فراوانبوونی مەدی شیعی گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوە؟**

- فراوانبوونی مەدی شیعی نیشانەی بەهێزیی ئێران و لاوازبوونی وڵاتانی عەرەبی بوو، هیچ شوێنێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەماوە، ئێران دەستێوەردانی تێدا نەکردبێت، ئێستا ئێران نەك هەر لەسەر ئاستی سەربازی، بەڵکو لەسەر ئاستی تەکنەلۆژی و هونەری و مرۆییش دەوڵەتێکە لە هەموو دەوڵەتانی عەرەب و تورکیاش بەهێزترە، بەڵام لەلایەکی دیکەش کێشەی ئێران ئەوەیە، هەر لە ئیمپراتۆریەتی کۆرش- ـەوە تا ئێستا، هەرگیز نەبووە دەوڵەت لە خزمەتی ئاییندا بێت، بەڵکو بەردەوام ئایین لە خزمەتی دەوڵەتدا بووە، کەچی لە ئێستادا دەوڵەت لە خزمەتی ئاییندایە، ئەمەش نەك تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا، بەڵکو پەلی هاویشتووە بۆ دەرەوەی ئێرانیش هەر لە عێراق و سووریا و لوبنان و بەحرێن تا دەگاتە یەمەن، بۆیە ئەو مەدی شیعەیەش بەرەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە دەوڵەت ئامرازێکە بۆ خزمەتی ئایین، لە بەرامبەردا تورکیاش بەهەمان شێوە دەوڵەتی خستۆتە خزمەتی ئایینەوە، ئەمەش پێمان دەڵێت بە درێژایی مێژوو هەر لایەك هەوڵی دابێت بەوجۆرە هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت، ئەوا سەرەنجام دەکەوێت، هەروەك چۆن محەمەد عەلی پاشا و سەدام حوسێن کەوتن، لە ئایندەشدا تورکیا و ئێرانیش دەکەون.

*** لە خوێندنەوەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە، کە وەك قازانج بۆ پرسی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئاماژەت پێکرد، لەناو هێزە ئیقلیمیەکاندا، هەتا ئێستا کورد دەوڵەتی نییە، لە چەکی تەقلیدی هاوسەنگی لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە نییە، ئایا ئەم گەشبینییەتان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بکەین، دەبینین بە درێژایی ئەو مێژووە هەتا سەرهەڵدانی ١٩٩١، ئێمە هەڤاڵی دوژمنی خۆمان و دوژمنی دۆستی خۆمان بووین، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی ١٩٩١ و کۆڕەوەکە و دامەزراندنی نەوای ئارام لە کوردستانی باشوور، ئیدی کورد لەوە

**زەمینەی دارشتنەوەی نەخشەیەکی نویێ بۆ ناوچەکە بێتە ئاراوە و ئێستا ئەو نەخشەیە لە دارشتندایە، لەنێو دارشتنەوەی ئەم نەخشە تازەیەشدا شەڕێکی قورس لە نێوان ئێران و سعودیە، هەروەها ئێران و تورکیا دروست دەبێت**

**لەگەڵ دەرکەوتنی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی و هێرشکردنی ئەو تیرۆریستانە بۆ سەر کوردستان، ئێمە زیانیکی زۆرمان لێکەوت و قوربانییەکی زۆر گەورەماندا، بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا، لەبەر ئەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ کۆتایی هات، ئەمەش بەقازانجی ئێمە وەک کورد شکایە**

**ئێران دەوڵەتە و ئیمکانییەتی هەیە و دەتوانێت چەند ئەندام پەرلەمانێک، یان فراکسیۆنی حزبێک و دووان بکڕێت، بەڵام ناتوانیت هەموو گەلی کوردستان بکڕێت، بۆیە لەم ئاستەدا راگەیاندنی ئێمە لە ئاستی پێویست نەبووە، دەبێت لە ئەمڕۆوە راستییەکان بە گەلی خۆمان بڵێین**

**هەوڵەكان ئاشكران، هەر بۆ نموونە لە ٢٣ی حوزەیران سەرۆكی پەرلەمان هەوڵیدا كودەتایەک بكات و بینیشمان كێ لەناو هۆڵی پەرلەمان دانیشتبوو، بەڵام ئەوە بوو لە ١٩ی ئاب شكستیان هێنا، پەكەكە هەوڵیدا كانتۆنی شەنگال رابگەیەنێت، بەڵام بەم راگەیاندنە گەورەترین خزمەتی بە ئامانجی دەوڵەتی كوردستان كرد، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا دروستكرا**

**هەموو كەس دەزانێت هیچ كام لە جوامێرانی سەركردەی ئەو حزبانە دژی شەخسی مسعود بارزانی نین، ئەوان قەت دژی مسعود بارزانی نەبوون، بەڵكو ئەوان دژی خواست و ئامانجی مسعود بارزانین كە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستانە**

**بۆچی هەتا پرۆسەی دەوڵەتی كوردستان نەگەیشتە ئەوەی كاری عەمەلی بۆ بكرێت، هیچ كام لەو حزبانە دژی مسعود بارزانی نەبوون؟**

دەرچوو موحتاجی داگیركارانی كوردستان بێت، بۆیە بە قەناعەتی من لە دوای ساڵی ١٩٩١ پرسی كورد لە دەستی دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان هاتەدەرەوە، لە دوای دەركەوتنی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیش لە حوزەیرانی ٢٠١٤، هێزی پێشمەرگەی كوردستان تەنیا هێز بووە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە توانیویەتی هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت، لەمەش زیاتر پاشەكشەیان پێبكات و تێكیان بشكێنێت، ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی هاوپەیمانییەكی نێودەوڵەتی كە لە ٦٣ دەوڵەت پێكهاتووە دژی تیرۆریستانی داعش بێتەئاراوە و ئێستا ئەم ٦٣ دەوڵەتە هەموویان پشتگیری كوردستان دەكەن. ئەمەش یەكەمجارە لە مێژوودا فرسەتێكی ئاوا گەورە بۆ كورد دروست ببێت، یەكەمجارە دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان نەتوانن دەستی خۆیان بۆ ئێمە درێژ بكەن، ئەو چەكەی ئەمڕۆ هاوپەیمانان دەیدەنە پێشمەرگە، بە درێژایی مێژوو هیچ وڵاتێك بە كوردستانی نەداوە، لەمەش زیاتر ئێستا هاوپەیمانانی دژی داعش دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان بە پێویست دەزانن و داوا دەكەن دەوڵەتی كوردستان دابمەزرێت، بۆیە زۆر راستە ئەگەر بە شێوەیەكی رووكەش سەیری هاوكێشەكە بكەین، ئێمە ناتوانین بە چەكی تەقلیدی لەگەڵ ئێران و توركیا و عێراق و سووریا شەڕ بكەین، بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆ گۆڕاوە كوردستان ٦٣ دەوڵەت پشتگیری لێدەكات، هەر ئەوانیش دەخوازن دەوڵەتی كوردستان دابمەزرێت، هەر بۆ نموونە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی گەورەی جیهان ئەمریكا و بەریتانیا و كەنەدا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و دەوڵەتانی یەكێتی ئەورووپا هەموویان ئامادەن راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان دانپێدابنێن، لەسەر ئاستی ناوچەكە توركیا راشكاوانە گوتوویەتی ئێمە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان نین، ئیسرائیل كە گەورەترین هێزە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزیكی كاریگەریشە لە جیهاندا، رایگەیاندووە ئەوان یەكەم دەوڵەت دەبن ئیعتراف بە دەوڵەتی كوردستان دەكەن، لەم هاوكێشەیەدا تەنیا ئێرانە راشكاوانە رایگەیاندووە ئەوان دژی دابەشكردنی سووریا و عێراقن، ئەمەش واتە دژی راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستانن، ئەم دژایەتییەی ئێران بۆ دەوڵەتی كوردستان، ئێرانی خستۆتە بەرەی دژایەتیكردنی ئەمریكا و رۆژئاوا و ئیسرائیلەوە، هەر ئەمەش وایكردووە ئێران لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانییەوە هیچ كاتێك نەكەوتۆتە بەرەیەكەوە كە بە تەنیا دوژمنی هەموو دەوڵەتانی رۆژئاوا بێت، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، ئێستا نە ئێران و نە توركیا و نە عێراق و نە سووریاش، ناتوانن بە رێگەی هێز، یان كۆبوونەوەی هاوبەش دژایەتی دەوڵەتی كوردستان بكەن. بۆیە وەك دەبینین لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی پشتگیری تەواوی جیهانی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان مسۆگەر كردووە، ئێران پەنای بۆ دەستێوەردانی ناوخۆ و هاندانی حزبە سیاسییەكانی كوردستان بردووە بۆ ئەوەی بەكاریان بهێنێت و دژی مسعود بارزانی رابوەستن. لە ئێستادا جیهانی ئازاد ئەگەر بیەوێت پشتگیری هەر كەس و لایەنێك بكات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا پێش هەر كەسێك پشتگیریی مسعود بارزانی دەكات، پێشتر كە ناوی مستەفا بارزانی دەهێندرا، واتە ناوی كورد دەهێندرا، ئێستا كە ناوی مسعود بارزانی دەهێندرێت واتا دەوڵەتی كوردستان، بۆیە گرنگە میللەتی خۆمان ئەم راستییە بزانن، كاتێك حزبە سیاسییەكانی كوردستان بە هاندانی ئێران دژایەتی مسعود بارزانی دەكەن، ئێمە تێدەگەین مەسەلەكە شەخسی مسعود بارزانی نییە، بەڵكو مەسەلەكە دژایەتیكردنی ئامانجی مسعود بارزانی‌یە و ئەو ئامانجەش راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستانە، هەروەها دەبێت راشكاوانە بە دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان بڵێین: بەڕێزان ئێمە كوردی پێش ساڵی ١٩٩١ نین، ئێمە كوردی دوای ساڵی ٢٠١٥ین كە هەموو جیهانی ئازاد پشتگیریمان دەكات و دەوڵەتی كوردستانیش تەنها خواستی كوردان نییە، بەڵكو بۆتە پێداویستییەك بۆ ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا.

*** بەڵام ئێستا بەرەی شەڕەكە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئێران زۆر فراوان بووە، هەروەها رووسیا وەك دەبینین هاتۆتە ناو پرسی سووریاوە، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە لە بەرژەوەندیی ئێران دەشكێتەوە؟**

- ئێران لەیەك كاتدا لە كۆمەڵێك بەرە شەڕ دەكات و كۆمەڵێك سیاسەت پێكەوە بەڕێوەدەبات، بەڵام وەك سەیر دەكەین ئێران لەناو ئەم هاوكێشەیە لە پاشەكشەدایە. هەر بۆ نموونە ئێران دەستی لە یەمەن وەردا، ئایا سەركەوتوو بوو؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرۆكایەتی سعودیە دروست بوو. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەمریكا و ناتۆ پشتگیری سعودیەیان نەكردایە، سعودیە لە یەمەن شەڕی ئێرانی دەكرد؟ بێگومان نەخێر، دەستێوەردانی گەورەی ئێران لە سووریا بووە هۆی هاتنی رووسیا، ئەمەش هەوڵێكە بۆ ئەوەی سووریاش لە دەستی ئێران دەربهێنن، لە عێراقیش دوای لابردنی مالیكی و هێنانی عەبادی، هەموو هەوڵی

ئەمریكا بۆ ئەوەیە عێراقیش لە دەستی ئێران دەربهێنێت، ئێران خۆیشی هەست بەم راستییانە دەكات، بۆیە ئێستا بەرامبەر ئێمە كەوتۆتە دەستێوەردان لە ڕێگەی چەند حزبێكەوە و هانیان دەدا دژایەتی مسعود بارزانی بكەن، وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، مەبەستێتی ئامانجی مسعود بارزانی كە راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستانە رابگرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەم دژایەتییە دەبێتە هۆكاری ئەوەی راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان خێراتر بێت، چونكە ئەم دژایەتیكردنە، شەڕكردنە لەگەڵ ئەمریكا و ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی .

*** ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی ئەمڕۆ سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان دەیبینین، لەو بڕیارەوە سەرچاوە دەگرێت كە ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ سەرۆك بارزانی بۆ شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش ڕایگەیاند، ئایا تاچەند ئەو بڕیارەی سەرۆك بارزانی، وێنەی كوردستانی لەبەر چاوی جیهان گۆڕی؟**

- ئەم بڕیارەی سەرۆك مسعود بارزانی گۆڕانكارییەكی زۆر گەورەی دروست كرد، راستە پێش ئەم رووداوەش ئێمە مافی خۆمان بوو، دەوڵەتمان هەبێت، بەڵام دەركەوتنی داعش و هێرشكردنیان بۆ سەر كوردستان و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵكی كوردستان بە سەرۆكایەتی بارزانی، بووە هۆكاری ئەوەی جارێكی دیكە مسعود بارزانی ئاواتی میللەتەكەی پیشانی جیهان بداتەوە، سەركەوتنی هێزی پێشمەرگەی كوردستانیش بە سەرۆكایەتی بارزانی، وایكرد مسعود بارزانی ببێتە یەكەمین كەسایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە هاوشانی سەلاحەدینی ئەیووبی جیهان سەیری بكات و ڕێزی لێبگرن. كاتێك مسعود بارزانی چووە ڤاتیكان و سەردانی پاپای كرد، بە درێژایی مێژووی ئایینی كاسۆلیكی، هیچ كاتێك پاپای ڤاتیكان بەو ئاستە بەرزە پێشوازی لە هیچ سەركردەیەكی موسڵمان نەكردووە، وەك ئەو پێشوازییەی لە مسعود بارزانی كرد، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڤاتیكان و تەواوی دەوڵەتانی یەكێتیی ئەوروپا بەچاوی سەلاحەدینی ئەیووبی سەیری مسعود بارزانی دەكەن، ئەوەشی كە ئێستا بۆ كورد و كوردستان باسی لێوە دەكرێت، هەمووی لە سایەی لۆژیك و سەركردایەتی مسعود بارزانی-یە، لێرەوە گرنگە راشكاوانە بە عەرەب و تورك و فارس بڵێین: ئێوە خۆشەویست و برای ئێمەن، بەڵام ئێمە كۆیلە و بەندەی ئێوە نین، ئێوە دەتانەوێت كورد خزمەتكاری ئێوە بێت، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئێستا ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی كوردستان هاوسێیەكی باش بین.

*** ئەوەی زیاتر هەڵوەستەت لەسەر كرد خوێندنەوەی هاوكێشەكە بوو لە سەر ئاستی ئیقلیمی و جیهان، بەڵام ئەمڕۆ لەسەر ئاستی ناوخۆی كوردستانیش، گێچەڵێكی گەورە بە سەرۆك بارزانی دەگێڕن و هەموو كێشەكانی كوردستان كراوە بە دژایەتی سەرۆك بارزانی، ئایا ئەم شاڵاوە گەورەیەی ئەو سێ حزبە بۆ سەر بارزانی چۆن دەخوێننەوە؟**


- بە بڕوای من ئەمە هەمان سیناریۆی ساڵی ١٩٦٤ـە كە دژی مستەفا بارزانی پیادە كرا، لە ساڵی ١٩٦٤ مستەفا بارزانی لە سەر داوای یەكێتیی سۆڤیەت شەڕی لە دژی حكومەتەكەی عەبدولسەلام عارف راگرت، بۆ ئەوەی بە پشتگیری سۆڤیەت باس لە چارەسەركردنی كێشەی كورد بكرێت، بەڵام ئەو كاتیش ئێران رازی نەبوو، بۆیە كەوتە دەستێوەردان بۆ ئەوەی باڵی مەكتەبی سیاسی پارتی دژی بارزانی راوەستن و بڵێن بارزانی كوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە، بۆیە ئێران هانی باڵی مەكتەبی سیاسی دا لە ماوەت كۆنگرە بكەن و لە كۆنگرەكە بەیانێك دەربكەن كە مستەفا بارزانی سەرۆك نییە. بە هەرحاڵ مستەفا بارزانی بەسەر ئەو پیلانە سەركەوت و پاشانیش دەركەوت كێ كوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە. بێگومان ئەمە پیشەی هەموو دەوڵەتانی داگیركاری كوردستانە، سووریاش پشتی پەكەكەی گرتووە و هێنایە سەرمان و شەڕی پێ فرۆشتین، ئەمە سیاسەتی داگیركارانی كوردستانە و كۆتایی پێ نایەت. لە ئێستاشدا ئێران بە هەمان شێوە پشتی جوامێرەكانی ئەو حزبانەی گرتووە بۆ ئەوەی دژی مسعود بارزانی راوەستن، هەر بۆ نموونە پەكەكە دەیگوت من سنووری هەر چوار پارچەی كوردستان هەڵدەگرم و باوەڕم پێی نییە، كەچی ئێستا دەڵێت من دەوڵەتی كوردستانم ناوێت، بەشێك لە لایەنەكانی باشووری كوردستانیش بە ئاشكرا دەڵێن مانەوەمان لەگەڵ عێراق پێ باشترە، وەك لە راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان! پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەمە قسەی ئەو حزبانەیە، قسەی هەوادار و لایەنگیرەكانیانە؟ بێگومان نەخێر، ئەمە ئێران پێیان دەڵێت وابڵێن. بۆیە دەبێت لە هەست و نەستی میللەتی خۆمان تێبگەین، هەر لە ساڵی ١٨٨٠ـەوە خواستی دەوڵەتی كوردستان ئاواتی هەر ڕۆڵەیەكی ئێمەیە، تاكەكانی كوردستان دەوڵەتی كوردستان بە مافی خۆیان دەزانن، بۆیە ئەوەی كە دەڵێت دەوڵەتی كوردستانمان ناوێت، ئەوە قسەی دەوڵەتێكی دیكەیە و ئەوان بە وەكالەت

**لە ساڵی ١٨٨٠ـەوە خواستی دەوڵەتی كوردستان ئاواتی هەر ڕۆڵەیەكی ئێمەیە، تاكەكانی كوردستان دەوڵەتی كوردستان بە مافی خۆیان دەزانن، بۆیە ئەوەی كە دەڵێت دەوڵەتی كوردستانمان ناوێت، ئەوە قسەی دەوڵەتێكی دیكەیە و ئەوان بە وەكالەت دەیڵێننەوە**

**پەكەكە دەیگوت من سنووری هەر چوار پارچەی كوردستان هەڵدەگرم و باوەڕم پێی نییە، كەچی ئێستا دەڵێت من دەوڵەتی كوردستانم ناوێت، بەشێك لە لایەنەكانی باشووری كوردستانیش بە ئاشكرا دەڵێن مانەوەمان لەگەڵ عێراق پێ باشترە، وەك لە راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان**

**گرنگە راشكاوانە بە عەرەب و تورك و فارس بڵێین: ئێوە خۆشەویست و برای ئێمەن، بەڵام ئێمە كۆیلە و بەندەی ئێوە نین، ئێوە دەتانەوێت كورد خزمەتكاری ئێوە بێت، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئێستا ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی كوردستان هاوسێیەكی باش بن**

دەیڵێنەوە. با زۆر وردتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین، بۆچی هەتا پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان نەگەیشتە ئەوەی کاری عەمەلی بۆ بکرێت، هیچ کام لەو حزبانە دژی مسعود بارزانی نەبوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە و هەموو کەس دەزانێت هیچ کام لە جوامێرانی سەرکردەی ئەو حزبانە دژی شەخسی مسعود بارزانی نین، ئەوان قەت دژی مسعود بارزانی نەبوون، بەڵکو ئەوان دژی خواست و ئامانجی مسعود بارزانین کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، هەر بۆ مێژوو، ئێران پێشنیاری کرد، فەرموون دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنن بە رۆژئاواشەوە، بەڵام بەمەرجی دەست لە ئەمریکا و هاوپەیمانان بەربدەن، بەڵام ئایا دەکرێت دەست لە ئەمریکا و هاوپەیمانان بەربدەین و تەنیا پشت بە ئێران ببەستین؟ بێگومان ناکرێت، بۆیە دەبێت ئەم راستییانە بە میللەتی خۆمان بڵێین.



*** زۆر لەسەر ئەوە هەڵوەستت کرد لە ئێستادا مسعود بارزانی واتە دەوڵەتی کوردستان، لەبەرامبەردا هەموو هەوڵی ئێرانیش بۆ ڕێگرتنە لەو دەوڵەتە، ئایا چۆن ئیدارەی ئەم تەنگژە دروستکراوە دەکرێت؟**

- هەوڵەکان ئاشکران، هەر بۆ نموونە لە ٢٣ی حوزەیران سەرۆکی پەرلەمان هەوڵیدا کودەتایەك بکات و بینیشمان کێ لەناو هۆڵی پەرلەمان دانیشتبوو، بەڵام ئەوە بوو لە ١٩ی ئاب شکستیان هێنا، پەکەکە هەوڵیدا کانتۆنی شەنگال رابگەیەنێت، بەڵام بەم راگەیاندنە گەورەترین خزمەتی بە ئامانجی دەوڵەتی کوردستان کرد، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا دروستکرا، بۆیە ئەگەر بیانەوێت کانتۆنی سلێمانیش رابگەیەنین، ئەوا گومانی تیدا نییە کورد کۆماری کوردستان لە مهابادیش رادەگەیەنن، هەر بۆیە ئەم هاوکێشەیە پەل و پۆی زۆرە. ئێستا ٦٣ دەوڵەت پشتگیری کوردستان و مسعود بارزانی دەکەن، ئێران ناتوانێت بەهێزی سەربازی رووبەڕووی ئەم پرسە بێتەوە، لە بەرامبەریشدا مسعود بارزانی نایەوێت ئەم پرسە بە شەڕ یەکلایی بکاتەوە، ئەو دەیەوێت لە چوارچێوەی دیموکراتی ئیدارەی ئەم تەنگژەیە بکرێت و گەلی کوردستان ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە. هەر ئەم ڕێگەیەش سەردەکەوێت و لە هەموو وڵاتانی دیموکراتیش گەل سەرچاوەی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانە.

*** بەڵام لە بەرامبەر ئەمە سێ لایەنی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی، سوورن لە سەر ئەوەی سەرۆك لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و تەنیا سەرۆکیکی رەمزی و تەشریفاتی بێت و هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، ئایا ئەمە چۆن دەگاتە چارەسەر؟**

- ئەم داوایە داوای ئەو سێ حزبە جوامێرە نییە، ئەوە داوای ئێرانە، کە دەڵێن دەوڵەتمان ناوێت، ئەوەش قسەی ئەوان نییە، قسەی ئێرانە، ئەم قسەیە هەمان قسەی ئێران نییە کە دەڵێت: ئێمە بە هەر شێوە و ڕێگەیەك بێت نایەڵین سووریا و عێراق پارچە پارچە بێت. باشە با لە خۆمان بپرسین چ شتێك سووریا و عێراق پارچە پارچە دەکات؟ بێگومان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دیارە دەوڵەتی کوردستانیش واتە مسعود بارزانی، بۆیە هەموو شەڕەکە هاتۆتە سەر ناوی مسعود بارزانی. ئەوجا کاتێك دەڵێن با سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەمەش خواستی ئەو حزبە جوامێرانە نییە، بەڵکو ئەوەش خواستی ئێرانە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئێران دەوڵەتە و ئیمکانییەتی هەیە و دەتوانێت چەند ئەندام پەرلەمانێك، یان فراکسیۆنی حزبێك و دووان بکڕێت، بەڵام ناتوانیت هەموو گەلی کوردستان بکڕێت، بۆیە لەم ئاستەدا راگەیاندنی ئێمە لە ئاستی پێویست نەبووە، دەبێت لە ئەمڕۆوە راستییەکان بە گەلی خۆمان بڵێین. پێویستە پرسیار لە میللەت بکەین و گەل چی بڕیار بدات، ئێمە پێی رازی بین و بە ئێرانیش بڵێین ئێوەش بە بڕیاری گەلەکەمان رازی بن. چۆن دەکرێت چارەنووسی خۆمان تەسلیمی دەوڵەتێك بکەین کە بە ئاشکرا دەڵێت من دژی دەوڵەتی کوردستانم؟ ئایا دەکرێت چارەنووسی خۆمان تەسلیمی ئەو حزبانە بکەین کە بەهاندانی ئەو دەوڵەتە دژی دەوڵەتی کوردستان رابوەستن؟ بێگومان ئەمە هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورەیە. لەناو ئەو حزبانە جوامێری وا هەیە چووە داوای لە نوری مالیکی کردووە مووچەی فەرمانبەران و خەڵکی هەژاری کوردستان ببڕن بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دروست بێت، ئایا دەکرێت چارەنووسی خۆمان بدەینە دەست ئەو جوامێرانە؟ بە داخەوە ئەم گێچەڵە بە مسعود بارزانی دەگێڕن، بەڵام هەموو ئەم گێچەڵانە نیشانەی سەرکەوتنی بارزانی-ن لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستاندا.

*** ئەگەر هەندێك هەڵوەستە لە سەر رۆژئاوا بکەین، ئەوە هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا دروست بووە و بەنیازن بگەڕێنەوە، بە ئامادەبوونی مسعود بارزانی ئەمریکا ئامادەیە هاوکاریی رۆژئاوا بکات. پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێت لە پرسی رۆژئاواشدا مسعود بارزانی ئامادەبوونی هەبێت؟**

- پێشتر ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو ستوونی هەبوو کە بریتی بوون لە ئیسرائیل و تورکیا، بەڵام ئێستا ئەو دوو ستوونە بوونەتە



**به درێژایی مێژووی ئایینی کاسۆلیکی، هیچ کاتێک پاپای فاتیکان بەو ئاستە بەرزە پێشوازی لە هیچ سەرکردەیەکی موسڵمان نەکردووە، وەک ئەو پێشوازییەی لە مسعود بارزانی کرد**

**دەرکەوتنی داعش و هێرشکردنیان بۆ سەر کوردستان و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی، بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە مسعود بارزانی ئاواتی میللەتەکەی پیشانی جیهان بداتەوە**

**دەستێوەردانی گەورەی ئێران لە سووریا بووە هۆی هاتنی رووسیا، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی سووریاش لە دەستی ئێران دەربهێنن، لە عێراقیش دوای لابردنی مالیکی و هێنانی عەبادی، هەموو هەوڵی ئەمریکا بۆ ئەوەیە عێراقیش لە دەستی ئێران دەربهێنێت**

**کاتێک حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە هاندانی ئێران دژایەتی مسعود بارزانی دەکەن، ئێمە تێدەگەین مەسەلەکە شەخسی مسعود بارزانی نییە، بەڵکو مەسەلەکە دژایەتیکردنی ئامانجی مسعود بارزانی-یە و ئەو ئامانجەش راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە**

**پێشتر کە ناوی مستەفا بارزانی دەهێندرا، واتە ناوی کورد دەهێندرا، ئێستا کە ناوی مسعود بارزانی دەهێندرێت واتا دەوڵەتی کوردستان**

**لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی پشتگیری تەواوی جیهانی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مسۆگەر کردووە، ئێران پەنای بۆ دەستێوەردانی ناوخۆ و هاندانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بردووە بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێت و دژی مسعود بارزانی رابوەستن**

**تورکیا راشکاوانە گوتوویەتی ئێمە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نین، ئیسرائیل کە گەورەترین هێزە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزیکی کاریگەریشە لە جیهاندا، رایگەیاندووە ئەوان یەکەم دەوڵەت دەبن ئیعتراف بە دەوڵەتی کوردستان دەکەن**

**بە درێژایی مێژوو هەر لایەک هەوڵی دابێت بەوجۆرە هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت، ئەوا سەرەنجام دەکەوێت، هەروەک چۆن محەممەد عەلی پاشا و سەدام حوسێن کەوتن، لە ئایندەشدا تورکیا و ئێرانیش دەکەون**

ئیسرائیل و مسعود بارزانی، لە داهاتووشدا ئەم دوو ستوونە دەبنە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دۆسێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەسلیمی ئەم دوو ستوونە دەکرێن، لەئێستاشدا دۆسێی باشوور و رۆژئاوای کوردستان تەسلیمی مسعود بارزانی کراوە، ئەمەش سیاسەتی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆشە، بۆیە ئەوان یارمەتی هەر لایەك بدەن، دەبێت لە ژێر سێبەری مسعود بارزانی دا بێت، ئەمە لەلایەن ئەمریکاوە بە رۆژئاواش گوتراوە، هەرچیتان دەوێت ئێمە ئامادەین هاوکاریتان بکەین بە مەرجێ بە رێگەی مسعود بارزانی بێت. ئاواتی ئێمە ئەوەیە چیتر پەیەدە و پەکەکە پشت بە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان نەبەستن، لەبەر ئەوەی ئەو زەمانە بەسەر چوو پێویستمان بەو دەوڵەتانە بێت. ئەمریکا خۆی دەڵێت چی داوادەکەن بە سەر چاو، بە مەرجێك لە رێگەی مسعود بارزانی-ەوە بێت، پرۆژەیەکی ئەمریکی بۆ رۆژئاوا هەیە، دەیەوێت کوردستان بگاتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی چیتر ئەمریکا و ئیسرائیل متمانەی جارانیان بە تورکیا نەماوە، بۆیە ئەگەر پەکەکە و پەیەدە رازی بن برا و عەزیزی ئێمەن، لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە پەیەدە و پەکەکە واز لە سووریا و ئێران بهێنن، بەڵام لە ئێستا تەڵەیەك بۆ پەکەکە نراوەتەوە، پەکەکە خۆی تووشی شەڕێك کردووە کە پێویستی پێی نەبوو. ئەو ٨٠ پەرلەمانتارەی لەناو پەرلەمانی تورکیا هەبوون، ئەمریکا و ئەوروپا و کوردیش پشتیوانی ئەوان بوون، بەڵام ئێران نەیویست کورد لە تورکیا سەربکەوێت و هەوڵیدا جارێکی دیکە بکەوێتەوە بەردەستی تورکیا. دوای ئەم شەڕە ئەردۆگان دەڵێت: پەکەکە حزبێکی تیرۆریستە، لە کاتیکدا ئەگەر پەکەکە ئەم شەڕەی نەکردایە، ئەوا زۆر نزیك بوو لە سەر هەڵوێستی ساڵی ٢٠١٤ی تورکیا بەرامبەر داعش، دەوڵەتانی ناتۆ چاو بخشێننەوە بە ئەندامیەتی تورکیا لە ناتۆدا.

*** لەلایەکی دیکەوە تورکیا نیگەرانە لەوەی کە ئەمریکا پەیەدە بە تیرۆریست نازانێت و بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی، ساڵح موسلیم دەبینێت. ئایا کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەمریکا کوردی لە تورکیا لا گرنگتر بێت؟**

- من پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، ئێستا دوو ستوونەکەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیسرائیل و کوردە، پێشتر ئیسرائیل و تورکیا بوو. تورکیا دەوڵەتێکی گەورەیە و لەمە تێدەگات و ئەوەش دەزانێت، بەڵام ئاقڵانە رەفتار دەکات. هەر بۆ نموونە لە ٢٠٠٣ رایگەیاند، ئەمریکا بێتە ناو عێراقەوە دەوڵەتی کوردستان دروست دەبێت، بۆیە زیانی ٣٠ ملیار دۆلار و هاوپەیمانی ٥٣ ساڵی کرد بە قوربانی بۆ ئەوەی ئەمریکا لە تورکیاوە نەیەتە ناو عێراقەوە. هەروەها دۆستایەتی و هاوپەیمانیی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٤، ئەمڕۆ بۆ سیاسەتی ئەڵمانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد جێگەی ئەو هاوپەیمانییەی بۆ ئەڵمانیا گرتۆتەوە. ئەمریکا هەر لەو روانگەیەوە پرۆژەی ئەوەی هەیە کە دەوڵەتی کوردستان دەبێت بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی تورکیا لەوانەیە رۆژێك رێگە نەدات نەوتی کوردستان بە رێگەی تورکیا هەناردە بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆچوونی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بەرامبەر کورد ناگۆڕێت. وەزیری دادی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٤ گوتوویەتی: کورد تەنها یەك مافی لە تورکیا هەیە، ئەو مافەش ئەوەیە کۆیلە بێت، ئەمڕۆش هەر بە هەمان چاو سەیری کورد دەکەن، بەڵام بەم سیاسەتەیان خزمەتی ئێمە دەکەن، ئەگەر پەکەکە هەندێك ئاقڵانە بیری بکردایەتەوە ئێستا شوێنی تورکیا لە ناتۆ لەق بووبوو، ئێرانیش ئەم راستییە دەزانێت، دەزانن چارەنووسی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە دەستی کورد. بەری چەند رۆژێك ئێران نوێنەری خۆی رەوانەی تورکیا کردبوو و پێی راگەیاندبوون، ئەگەر ئێمە دژی دەوڵەتی کوردستان رانەوەستین، ئێران و تورکیاش پارچەپارچە دەبن، لەم پرسەدا تورکیا زیرەکە دەزانێت ناتوانێت بەرامبەری رابوەستێت، بەڵام ئێران پەکەکە بەکاردەهێنێت، خەڵك دەبێت لەم واقیعە تازەیە تێبگات، ئەڵمانیا کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە گەمارۆی ئەوەی لەسەر بووە نابێت چەك بنێرێتە دەرەوە، بۆ یارمەتی هێزی پێشمەرگە، دەستووری خۆیان هەموار کرد، تەنیا بۆ ئەوەی چەك بنێرن بۆ پێشمەرگە، لەسەر ئەم پرسە تورکیا داوای لە ئەڵمانیا کرد چەك نەدەنە پێشمەرگە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە دەستی پەکەکە، سەیر بکەن، پەکەکەش بە هاندانی ئێران لە رێگەی چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردەوە دوای کرد چەك بە پێشمەرگە نەدرێ، لەبەر ئەوەی دەکەوێتە دەستی داعش، بەڵام ئەڵمانیا هەر چەکی نارد، لە ئێستاشدا کە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەستی پێکردووە، پاڵێوراوی کۆمارییەکان دەڵێت، من نەك هەر دەخوازم دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بەڵکو دەخوازم دەوڵەتی کوردستان لە تورکیاش دابمەزرێت.

*** ئەوەی ئێستا جیهان بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەکات، ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگەیە کە بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی بەدەست هاتوون، ئایا بۆچی تەنیا پێشمەرگە توانی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە تۆمار بکات؟**

- هیچ سەربازێك لە ناو سوپای وڵاتانی عەرەب نییە بتوانێت قارەمانانە شەڕ بكات، لەبەر ئەوەی سەربازەكان ئازاد نین، بەڵام پێشمەرگە لەو ڕۆژەوەی دروست بووە، ئازاد بووە، بۆیە هیچ كاتێك سوپایەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نابێت هاوتای پێشمەرگە بێت، ئەمە وایكردووە پێشمەرگە خاوەنی كەسایەتیی تایبەتی خۆی بێت و لە پێناوی ئەو كەسایەتییەی خۆی بەوجۆرە شەڕ دەكات. هێزی مرۆڤ لە ئازادیدا دەردەكەوێت، بەڵام لە بەر ئەوەی هیچ مرۆڤێك لە ڕۆژهەڵات ئازاد نییە، ئەوا ئازایەتییەكەشیان دەرناكەوێت. قەت بیستووتانە پێشمەرگە دەستدرێژی بكاتە سەر خەڵكی سڤیل و بێتاوان؟ مستەفا بارزانی هەموو كات دەیگوت: من خزمەتكاری میللەتی خۆمم، بە پێشمەرگەی دەگوت: ئێوە خزمەتكاری كوردن. لێرە بەسەرهاتێك دەگێڕمەوە: لە ساڵی ١٩٦٧ هاتنە لای بارزانی و پێیان گوت: حەزدەكەین هێزێكی پێشمەرگە بە سەرۆكایەتی ئیدریس بارزانی بنێریت بۆ شەڕی عەرەب – ئیسرائیل، جەنابی بارزانی پێی گوتن: ئەوانەی لەو سەنگەرەن، كورد دەبینین و باوەڕیان بە مافی كورد هەیە. بۆیە من پێشمەرگە نانێرم، بەڵام شەڕ رادەگرم بۆ ئەوەی نەڵێن مەلا مستەفا شەڕی ڕانەگرت. ئەمەی بە عێراق وت. پاشان سەبارەت بە شەڕەكە وتیان ئێمە ئەو چەكەمان نییە كە ئیسرائیل هەیەتی. لەوەڵامدا بارزانی پێی گوتن: گرنگ ئەو چەكی نییە بە دەستەوەیە، بەڵكو گرنگ ئەوەیە كێ لە پشت ئەو چەكەوەیە. هەروەها پێی گوتن: ئێستا ئێمە بچین بەو چەكەی لە بەر دەستمانە بە تەلگراف سەركەوتنەكانی خۆمانتان پێ رادەگەیەنین.

ئەوەی جەنابی بارزانیی نەمر گوتوویەتی ئەو پەڕی ڕاستییە، لەبەر ئەوەی ئازایەتی پێشمەرگە نیشانەی ئازادبوون و ئازادییە، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازادی و مافی مرۆڤ بوونی نییە، بۆیە لە شەڕەكانیشدا لەبەر داعش خۆیان ناگرن.

*** ئەگەر لە ڕوانگەیەكی دیكەوە سەیری سەركەوتنەكانی پێشمەرگە بكەین، دەبینین ئەم سەركەوتنانە هاوسەنگی گێڕایەوە بۆ نێو هاوپەیمانی دژەتیرۆر، ئەوەی توانی ئەم هاوسەنگییە بگێڕێتەوە و ئەفسانەی داعش بەتاڵ بكاتەوە، هێزی پێشمەرگە بوو بە سەرۆكایەتی مسعود بارزانی، ئایا ڕاستكردنەوە، یان گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بەرەی دژەتیرۆر شایەنی ئەوە نییە ڕۆژێك لە ڕۆژان خەڵاتی نوبڵ بۆ ئاشتی بە مسعود بارزانی بدریت؟**

- نەك ڕۆژێك لە ڕۆژان، بەڵكو ئەم پرسە لە بەرنامەی ئەواندایە، من دڵنیام و تەواویش قەناعەتم بەم بۆچوونەی خۆم هەیە كە لەسەداسەد یەكەمین كەس كە لە دوای سادات و بیگن خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی پێدەدرێت، مسعود بارزانی-یە، مسعود بارزانی یەكێكە لە پاڵێوراوانی خەڵاتی نوبڵ بۆ ئاشتی، بڕوا بكەن چۆن دەوڵەتی كوردستان لە دروشمەوە بووە ڕاستی، ئەمەش دەبێتە ڕاستی و ئێستا مسعود بارزانی یەكەمین و گەورەترین پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی نۆبل بۆ ئاشتی. ئەمەش نەك مسعود بارزانی وەك سیمبول و ڕەمزی كورد، بەڵكو مسعود بارزانی وەك سیمبولی ئاشتی و پێكەوە ژیان و لێبووردەیی و چارەسەری پرسی نەتەوەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر وەك چۆن پێشمەرگە لە چاوی جیهاندا تەنیا بۆ كورد شەڕ ناكەن، بەڵكو شەڕ بۆ كەرامەت و سەربەرزیی مرۆڤایەتی دەكەن.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان پرسی یەكڕیزی و یەكهەڵوێستی خەڵك و حزبەكانی كوردستان بێت، ئێوە دەزانن، هەموو خەمی مستەفا بارزانی ئەوە بوو كورد یەكڕیز بێت، لە ئێستاشدا مسعود بارزانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە، بەڵام واقیعەكە شتێكی دیكە دەڵێت، ئێوە لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- ڕاستییەكی مێژوویی بۆ هەموو نەتەوەكانی جیهان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەتا نەتەوە دەوڵەتی نەبێت، یەكگرتوو نابێت، لەناو دەوڵەتدا یەكگرتوویی نەتەوە بەرجەستە دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا نەبینە دەوڵەت، ئەوا دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان دەستێوەردان دەكەن و نەتەوەكەمان پارچەپارچە دەكەن، ئەمە بەس بۆ كورد وا نییە، بەڵكو بۆ نەتەوەكانی دیكەش هەر وابووە، ئینگلیز ٤٠٠ ساڵ لە بندەستی ڕۆما بووە، ئەڵمانیا هەتا ساڵی ١٧٧١ و هەتا ڕاگەیاندنی یەكێتیی ئەڵمانیا ٣٦٠ میرنشین بووە، بۆیە ئێمەش كە پارچە پارچەین، نابێت گازندەی ئەوە بكەین كە دەوڵەتانی دەوروبەرمان دەستێوەردان دەكەن، توركیا و ئێران لە دوای شەڕی چاڵدیرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ دەستێوەردانیان كردووە. بۆیە من ناهەقی دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان ناگرم كە دەستێوەردان دەكەن و دەیانەوێت كورد یەكگرتوو نەبێت، بەڵام دڵم بۆ ئەو حزبانە دەسووتێت كە شەڕی بە وەكالەت بۆ دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان دەكەن، لە ئێستاشدا ئاراستەی واقیعەكە دەركەوتووە و ڕوون و ئاشكرایە دەبێت كاتێك سەیری ئەم واقیعە دەكەین لەوە تێبگەین بەرەو كام ئاراستە دەچین و ئەوەشی دژی ئەم ئاراستەیە ڕابوەستێت، دەبێت بزانێت ئاكامی بە كوێ دەگات.

**فراوانبوونی مەدی شیعی نیشانەی بەهێزیی ئێران و لاوازبوونی وڵاتانی عەرەبی بوو، هیچ شوێنێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەماوە، ئێران دەستێوەردانی تێدا نەكردبێت**

**پێشمەرگە لەو ڕۆژەوەی دروست بووە، ئازاد بووە، بۆیە هیچ كاتێک سوپایەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نابێت هاوتای پێشمەرگە بێت، ئەمە وایكردووە پێشمەرگە خاوەنی كەسایەتیی تایبەتی خۆی بێت و لە پێناوی ئەو كەسایەتییەی خۆی بەوجۆرە شەڕ دەكات**


**ناهەقی دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان ناگرم كە دەستێوەردان دەكەن و دەیانەوێت كورد یەكگرتوو نەبێت، بەڵام دڵم بۆ ئەو حزبانە دەسووتێت كە شەڕی بە وەكالەت بۆ دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان دەكەن**

**هەتا نەتەوە دەوڵەتی نەبێت، یەكگرتوو نابێت، لەناو دەوڵەتدا یەكگرتوویی نەتەوە بەرجەستە دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا نەبینە دەوڵەت، ئەوا دەوڵەتانی داگیركاری كوردستان دەستێوەردان دەكەن و نەتەوەكەمان پارچە پارچە دەكەن**

# کۆمەڵگا و
# هزری هەرزەکارانە!



د. ڕەشاد میران




ئـــەم چوارچێوەیە نەک هـــەر زەمینەیەکی هاوبەش دەڕەخســـێنێ بۆ پێکەوە ژیانـــی ئەندامانی کۆمەڵ، بگرە تەنانەت کەسایەتییەکی بەڕادەیەک لێکچووش فەراهەم دەکات بۆ یەکە بە یەکەیان ... ئەمە سروشتی هەموو سســـتەمێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە؛ لەم ڕووەوە ئێمـــەش ، لە کۆمەڵگای کوردیدا، شـــێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانمان نزیکەی وەکو یەکن- بێگومان جیاوازیی هەن ، بەڵام لایەنە هاوبەشەکانمان گەلێ زۆرترن.

کە دەڵێین سستەم ، واتە توند و چەسپاو و چەقیو ... لەگەڵ ئەوەشدا قابیلی گۆڕان و هەروەها وەرچەرخانیشە - جا چ گۆڕانی لەسەرخۆ و بە ڕێگەی چاکسازییەوە بێـــت ، یاخـــود گۆڕانـــی ڕادیکاڵی و ســـەرلەنوێ داڕشتنەوەی سەرلەبەری سســـتەمەکە. ئەم دوو جۆر گۆڕانـــە هەر یەکەیان هەلومەرج و شـــێواز و ئامانج و ئاکامـــی خۆی هەیە ، بەڵام هەندێ پێشـــمەرجی هاوبەشیشیان، وەکو:

١. گـــۆڕان ببێت بـــە پێداویســـتییەکی هەنووکەیی خەڵک- ئەمـــەش واتـــە بەشـــی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا بگەن بەو باوەڕەی کە ئەم ســـتەمە چیتر ناتوانێ پێداویســـتییەکانیان جێبەجێ بکات، یان هەر نەبێ بەبێ چاکسازی ئەمەی پێ ناکرێ.

٢. مەعریفەی کەڵەکەبوو – هەستکردن بە کەموکورییەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ئاستێکی بەرزی هوشیاری هەیە کە ئەویش لەو برە مەعریفە باوەی نێو کۆمەڵگاکەوە دێت؛ هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئاستی بەرز سەرچاوەی لە فەراهەمبوونی بڕێکی باشی مەعریفەی زانستیی ئەندامانی کۆمەڵگا هەڵگرتووە.

٣. جۆری سستەمی کۆمەڵایەتی- مەبەست سستەمەکە چەندە داخراو و تۆکمە و چەسپاوە، یان بەڕادەیەک کراوە و بواری چالاکیی جۆراوجۆری تیادا ڕەخساوە ...

بەبێ ئەم پێشمەرجانە ، بیرۆکەی گۆڕان هەر لەنێو هزری دەستەبژێرێکدا قەتیس دەمێنێتەوە و ئەستەم دەبێ هەنگاوی پراکتیکیی بۆ بنرێ. لەم گۆشەنیگایەوە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەم نین ئەوانەی لە سستەمە کۆمەڵایەتییەکە بێ هیوا بووین- کۆچکردنی بەکۆمەڵی گەنجانی کورد یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی ئەم بێ هیوابوونە ؛ لەهەمان کات زۆرینەش / هەرچەندە سەرژمێرییەک بۆ ئەمە لەبەردەست نییە/ هەمیشە شوکر و حەمد و سەنایانە بۆ ئەم ڕەوشەیان، بەلایانەوە ژیان هەر وا بووە و دەبێ هەر واش بمێنێتەوە- ڕۆژانە لە مزگەوت و لە دیوەخانان ، دەزگا خێڵەتی و بنەماڵەییەکان و لە هەندێ حیزبی سیاسیشدا کاری جیددی دەکرێ نەک بۆ هێشتنەوەی ژیان و ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگای کوردی وەکو خۆی، بەڵکو بۆ گەڕاندنەوەی شێوازی ژیانی جاران، بۆ پیادەکردنی جۆری ژیانی باب و باپیران و، زیاد لەوەش، بۆ شێوازی ژیانی سەحابە و ئیمام و پیاوچاکان.

بۆیە لە حاڵەتێکی وادا، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی وەکو دەستەبژێرێک، بیرۆکەی گۆڕانی لا گەڵاڵەبوو، ئەوا بێگومان دەبێ بە شێوەی چاکسازی هەنگاوی بۆ بنێ، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگا ئامادەیی نییە بۆ گۆڕانی ڕیشەیی- دە هەر بەشێکی کاریگەری ئەو دەسەڵاتە خۆشی، بەحوکمی پێکهاتە مێژووییەکەی، لەگەڵ ئەو زۆرینەیە دایە... دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر چاکسازییەک، لە هەر بوارێکدا بێت، کاریگەریی نەخاتە سەر لایەنی فیکری و مەعنەویی تاکەکان- بە گوتەیەکیتر، ئەگەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکەسان نەگۆڕی- واتە بەڕادەیەک کەسایەتییەکەیان نەگۆڕێ ... ئەوا چاکسازییەکە تەنیا وەکو قسە یان مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە.

جا لێرەدایە بایەخ و گرنگیی مەعریفەی کەڵەکەبوو و ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵ و بەتایبەتیش دەستەبژێری سیاسی – چونکە ئەمان بەو ئاستەی هوشیارییان لە واقیعەکە دەڕوانن و درک بە هێز و توانا و زەمینەی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن ... بۆیە ئەگەر ئاستێکی شیاوی مەعریفی و هوشیارییان نەبێت بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی، ئەوا بۆچوونەکانیان ڕاستیی ناپێکن ؛ لەم حاڵەتانەشدا، واتە هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خۆ و هێز و پێکهاتەکەکانیتری بەرامبەر، زۆرجار ئاکامەکانی کارەسات ئامێز دەبن- وەکو چۆن ئەمە لە ساڵانی شەستەکان و هەشتاکان و نەوەتەکان لە کوردستان ڕوویدا و ئێستاش ئەوا خەریکە ڕوودەداتەوە.

کارکردن ، تەنانەت قسەکردنیش، لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی بابەتێکی هەستیار و مەترسیدارە، هەمموو بابایەک شیاوی ئەم ئەرکە نییە- ئێمە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان دەبینین نوێنەرانی فراکسیۆن و هێز و لایەنە سیاسییەکان بە ئاستێکی چەندە لاواز گفتوگۆ لەسەر بابەتە چارەنوسازەکان دەکەن... خۆ ڕاستە لەسەرووی ئەمانەوە خەڵکیتری بەتواناتر هەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە چەند بەتواناترن؟ - واقیع و ڕووداوەکان دەسەلمێنن کە جیاوازیی نێوانیان ئەوەندە دڵخۆشکەر نییە .

ئەو برە مەعریفەیەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەخساوە، هوشیارییەکی متەوازیعی بۆ دابینکردووین کە بەداخەوە هەرگیز لە ئاست دنیای سەدەی ٢١دا نییە؛ هوشیاریمان بای ئەوە نییە درک بکەین کە قوربانیی گەورە نەدەین لەپێناو شتی (بچووک)دا، کارەسات نەنێینەوە بۆ خاتری کەسێک و چەند کەسێک یان مەسەلە لاوەکییەکان؛ بەڵام گەورەیی و هەرزەکاری بە تەمەن نییە و مرۆی هەرزەکاریش خۆی بە شیاو دەزانێ بۆ هەمموو شتێک .

ئەمە بانگاشە نییە بۆ وەلانانی بیرۆکەی گۆڕان/ هەرچەندە هزری هەرزەکار مەحاڵە بتوانێ گۆڕانی سوودبەخش ئەنجام بدات/ ، بەڵکو مەبەست لێرە عەقلانییانە هەڵبژاردنی جۆری گۆڕان و شێوازەکەیەتی بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگای کوردی – ئەمەش لەپێناو دوورکەوتنەوە لە ئاکام و ئەنجامی نەخوازراودا.

با لەگەڵ ئۆگۆست کۆنت، فەیلەسوفی فەرەنسی و دامەزرێنەری سۆسیۆلۆگیا لە سەدەی نۆزدە، هیوای ئەوە بخوازین کە مرۆڤایەتی زوو بگات بە ئاستێکی هوشیاریی شیاو تا ڕزگاری بێت لەو هەمموو کارەسات و مەینەت و دەردەسەرییانە.

# لینکی نێوان پۆپۆلیستی چەپ و پۆپۆلیستی تازەی ئیسلامی

# چۆن پێکەوە کاردەکەن و پرۆسەی چاکسازی دەکەنە ئامرازێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک



گوڵان


**سەرۆکی حکومەت زۆر باش ئەو راستییەی زانیوە، ئەنجامدانی چاکسازی نمایشکردنی ماسوولکەی سیاسییانەی پۆپۆلیستانە نییە، ئەو دەزانێت بەرنامەی چاکسازی کۆکردنەوەی تواناکان و رەخساندنی زەمینەی پێکەوە کارکردن و دروستکردنی هەماهەنگییە لەنێوان سەرجەم وەزارەتەکان و ئەم کارە تەنیا بەسەرۆک وەزیران ناکرێت**

**سیاسەتکردن بە گەندەڵی و نەهامەتی خەڵکەوە، جیاوازە لە سیاسەتکردن بۆ نەهێشتی گەندەڵی و دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانی خەڵک**

**پۆپۆلیزم چەپ بێت، یان راست، ئیسلامی سیاسی بێت، یان جیهادی سەلەفی، هەموویان بە یەک شێوە کاردەکەن و یەک ئامانجیان هەیە، ئەو ئامانجە هاوبەشەش بریتییە لە فێڵکردن لە دیموکراتی**



«لە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا، ئەو حزب و بزاڤە ئیسلامییانەی پێشتر رۆڵی ئۆپۆزسیۆنیان دەگێڕا لە دژی رژێمە سەرکوتکارەکان، لە بەرەی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان دەرنەدەکەوتن و هەروەها رۆڵێکی سەرکردایەتی ئەوتۆشیان نەگێڕا کە سەرنجڕابکێشن، ئەمە لە کاتێکدا بوو ئەو بڕاڤ و حزبە ئیسلامییانە بەهێزترین و رێکخراوترین گرووپ بوون، بەتایبەتی کە لە دوای شەڕی سارد بەشێکی زۆری بزاڤە چەپەکان پووکانەوە و نەمان. بەڵام وێڕای ئەوەی لە خۆپیشاندانەکاندا رۆڵی سەرکردایەتییان نەگێڕا، کەچی حزبە ئیسلامییەکانی میسر و تونس، وەک ئیخوان موسلمین و بزاڤی نەهزە، زۆر بە باشی توانییان بارودۆخی دوای رووخانی رژێمە تۆتالیتارەکان بقۆزنەوە و ئیستغلالی بکەن. هەر بۆیە ئەم ئیستغلالکردنەی ئیخوان موسلمین و نەهزە بووە هۆکاری ئەوەی لە میدیاکانی رۆژئاوادا ترس لە ئیسلام فۆبیک زیادەڕەوییەکی زۆری تێدا بکرێت، بەڵام ئەگەر وردتر بە ناو ئەم پرسەدا رۆبچین و زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دەبینین ئەم ئیستغلالکردنە بووە وەرچەرخانێک بۆ حزب و بزاڤە ئیسلامییەکان کە دەکرێت ناوی لێ بنرێت پۆپۆلیزمی تازەی ئیسلامی، هەر بۆیە ئەگەر شێوازە کۆنەکەی پۆپۆلیزم پشت



■ ئەگەر لە وڵاتانی دیکە تەنیا جۆرێک لە پۆپۆلیزم بوونی هەبێت، ئەوا لە کوردستان چوار جۆرەکەی پۆپۆلیزمی چەپ و راست و ئیسلامی و داعشی و قاعیدە بوونی هەیە و ئەوەشی لە هەمووی سەمەرەترە، ئەوەیە کە هەر چواریشیان دەتوانن پێکەوە کار بکەن لەبەر ئەوەی یەک ئامانجیان هەیە

## ● ئامانجی سەرەکی پۆپۆلیزم فێڵکردنە لە دیموکراتی و تێکشکاندنی دامەزراوەکانە

سادەترین پێناسە بۆ دیاردەی پۆپۆلیزم، دروستکردنی بازاڕگەرمییە بۆ پرسێك کە پێوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بۆ ئەوەی هێزی دەنگدان بگۆڕێت بۆ هێزی نارەزایی دەربڕین، بەبێ ئەوەی پۆپۆلیستەکە گوێ بەوە بدات، یان ئەوە لەبەر چاو بگرێت، کە ئەو کێشانەی ژیانی خەڵك چۆن چارەسەر دەکرێت، یان بەرنامەیەکی هەبێت و لە چوارچێوەی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەتدا گۆڕانکاری، یان چاکسازی بکات. پۆپۆلیزم چەپ بێت، یان راست، ئیسلامی سیاسی بێت، یان جیهادی سەلەفی، هەموویان بە یەك شێوە کاردەکەن و یەك ئامانجیان هەیە، ئەو ئامانجە هاوبەشەش بریتییە لە فێڵکردن لە دیموکراتی و بەکارهێنانی پرەنسیپ و یاساکانی دیموکراتی و لیبراڵی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی دامەزراوەکانی سیستەمە دیموکراتییەکە و هەوڵدانە بۆ سووککردن و بێ بەهاکردنی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و پیرۆزکردنی تاکە کەسێك و پیشاندانی وەك فریادڕەسێك .

بزاڤی پۆپۆلیستی هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت، لە ناو ژینگەی لیبراڵ دیموکراتیدا و بە سوودوەرگرتن لە یاسا و پرەنسیپەکانی دیموکراتی، هێزێك بەرهەم دەهێنێت، ئەم هێزە متمانە دەگۆڕێت بۆ دردۆنگی و بێمتمانەیی، ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان دەگۆڕێت بۆ نارەزایی دەربڕین و خۆسەپاندن، مەبەستی ئەم هێزە زیاتر گۆڕینی سیمای سیستمی دیموکراتییە بۆ رژێمێکی سەرکوتکار و دیکتاتۆری، متمانەی نێوان هاووڵاتی و پۆلیس، دەکاتە بێمتمانەیی نێوان هاووڵاتی و تاوانبار، ژینگەیەکی ناسەقامگیری ئەوتۆ بەرهەم دەهێنێت، کە بە ئاسانی گەندەڵی ببێتە کەلتوور و بە شێوەیەکی سیستماتیکی هەموو جومگەکانی ژیانی رۆژانەی حکومەت و هاووڵاتی بگرێتەوە. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی دیاردەی پۆپۆلیزم دەبێتە باشترین ژینگە بۆ گەشەکردنی گەندەڵی ئەوەیە، بزاڤی پۆپۆلیستی رێگەنادات پرۆسەی چاکسازی و ریفۆرم بکەوێتە سەر سکەی خۆی، لەبەر ئەوەی سیاسەتی خۆی لەسەر بازاڕگەرمی بۆ گەندەڵی داڕشتووە، چۆن رێگە دەدات گەندەڵی بنبڕ بکرێت!

بزاڤی پۆپۆلیستی چەند لێکجیاواز بن، هەموویان پێکەوە لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە و یەك ئامانجیان هەیە، ئەو ئامانجەش پەکخستنی دامەزراوەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتییە، هەر بۆ نموونە:

١. پۆپۆلیستی چەپ کاتێك بەشداری پرۆسەی دیموکراتی دەکات، چەپی سۆشیال دیموکراتی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بزاڤی چەپی سۆشیال دیموکرات، بڕوای بە ئابووریی بازاڕ و یاسای موڵکداریەتی تایبەت و رێکخستنی ئازادییەکان هەیە لە چوارچێوەی یاسادا، بەڵام چەپی پۆپۆلیستی بڕوای بە ئابووریی مەرکەزی و سەپاندنی بیروبۆچوونی خۆی بە سەر بەرامبەردا و بڕوای بە مافی موڵکداری گشتی هەیە، نەك موڵکداری تایبەت. راشکاوانەتر چەپی سۆشیال دیموکرات دەیەوێت لەسەر بنەماکانی یەکسانی لە لانیکەمی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان لیبراڵ دیموکراتی دووبارە خۆی پێناسە بکاتەوە، بەڵام چەپی پۆپۆلیست بڕوای بەوەیە لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی گەمەی دیموکراتی، سیستمە دیموکراتییەکە لەبەر یەك

■ شێوازی پۆپۆلیستانەی داعش لە ئەوروپا پۆپۆلیستی داعشییانەی کوردستان جیاوازی نێوانیان، تەنیا جیاوازی ئەو وشانەیە کە لە سەر ئەو لافیتانە نووسراوە و بەرزی دەکەنەوە، ئەگەرنا هەردوولایان یەک ئامانجیان هەیە

بەستن بووبێت بە توێژە پەراوێزخراوەکەی چینی ناوەند، کە بەرهەمی بازرگانیی نێوشارەکان و پیشەی دەستی بوون، ئەوا بەهەمان شێوە پۆپۆلیزمی تازەی ئیسلامی هەمان ڕێچکەی پۆپۆلیزمە کۆنەکەی کردووە و بەهەمان شێواز پشتی بە چینی ناوەندی پەراوێزخراو و خەڵکی خوێندەواری بێکاری ناوشارەکان و گەڕەکە هەژارنشـــینەکانی شارە گەورەکانی وەک قاهیرە و ئەستەنبوڵ و جاکارتا بەســـتووە، ئەم پۆپۆلیزمە تازەیە بە هاوشێوەی پۆپۆلیزمە کۆنەکە، خوێندن و کار و بەڵێنپێدان بە گۆڕانکاری بۆ ژیانێکی باشتر دەکاتە دروشمی سەرەکیی خۆی، بۆ ئەوەی خەڵک لە خشـــتە بەرێت و دەنگیان پێ کۆبکاتەوە. بۆیە ئەم شێوازە تازەیەی پۆپۆلیزمی ئیسلامی بەشێکی جیانەکراوەیە لە چەمکی پۆپۆلیزم، لەبەر ئەوەی بە بەڵێنی باشـــترکردنی هەلی کار و خوێندن و ژیانێکی باشتر خەڵک کۆدەکاتەوە، بەڵام دوای دەنگدان، خەڵکە پەراوێزخراوەکە لە بیر خۆی دەباتەوە و لە ناو نەهامەتییەکانی خۆیاندا دەیانهێڵێتەوە.»

- پرۆفیسۆر ڤیدی هادیز
- زانکۆی مەردۆخ لە ئوستراڵیا

هەڵبوەشێنێتەوە.

٢. پۆپۆلیســـتی راســـت، ئەمانەیش ئەو خەڵکانە نین کـــە خۆیان بە میراتگری دیموکراتی و لیبراڵی و یەکســـانی نێوان نەتەوەکان دەزانن، ئەمانە بە یاریکردن بە پرانســـیپەکانی دیموکراتـــی و لیبراڵی، تۆی رق و راســـیزم لە نێوان نەتەوەکانـــدا دەچێنن، هەر بۆ نموونە لە بانگەشـــەی هەڵبژاردن دژایەتی هاتنی کۆچبەران دەکەن، هۆکاری هەڵاوســـانی ئابووری دەگێڕنەوە ئەو خەڵکانەی بۆ کارکردن دەچنە ئەو وڵاتانە، بانگەشەی ئەوە دەکـــەن کەلتووری پاکی ئەوروپـــی نابێت گەرد بگرێت، بەچاوی ســـووك سەیری خەڵکانی رەش پێست و غەیـــرە رۆژئاوایی دەکەن. ئەم جۆرە بیروبۆچوونە لە ئێســـتادا هەموو مێژووی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی خستۆتە ژێر پرسیار و دامەزراوەکانی سیستمە کۆنەکانی لیبراڵ دیموکراتی، ئێســـتا ناتوانن وەڵامی خواست و داواکاری خەڵك بدەنەوە.

٣. پۆپۆلیســـتی ئیسلامی سیاســـیی میانڕۆ. ئەم پۆپۆلیســـتە تازەیە نایەوێت دەوڵەت لە ســـەر بنەمای شـــەریعەتی ئیســـلامی حوکمڕانی بکات، بۆ نموونە وەك پارتی دادوگەشـــەپێدانی تورکیا و پارتی گەشە و دادپەروەری ئەندەنووسیا و دادپەروەری و ئازادی میسر. پرســـیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی دەســـتبەردای ئەوە دەبن مەرج نییە دەوڵەت ئیســـلامی بێت و شەریعەت حاکم بێـــت؟ بێگومان لەبەر ئەوەیـــە بتوانن تۆڕێکی چێنراو لـــە نێوان توخم و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەر لە توێژی هەژارنشـــین و چینی ناوەند و خوێندەواری پەراوێزخـــراو و دەوڵەمەندە گەورە و خاوەن کۆمپانیاکان دروســـت بکەن، ئامانـــج لەم سیاســـەتە ئەوەیە بزاڤی پۆپۆلیســـتی تازەی ئیســـلامی، بڕوای بە سیستمی ئابووری و ســـەرمایەداری لیبـــراڵ دیموکراتی هەیە، لەمەش زیاتر بە پەیژەی ســـندوقی دەنگداندا دەچێتە دەسەڵات، بەڵام بڕوای بە سیستمی سیاسی دیموکراتی نییە، باشـــترین نموونە دیسان پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیایە، کە سێ جار لەسەر یەك هەڵبژاردنی بردۆتەوە و بۆ جاری چوارەم هەڵبژاردنی پێشـــوەختە بەڕێوەیە، ســـەرۆکی ئەم پارتە کە رەجەب تەیـــب ئەرۆدگان-ە، وەك بەهێزترین کەســـی تورکیا، ئێســـتا داوای دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی عوسمانی دەکات، نەك پەرەپێدان بە سیســـتمی دیموکراتـــی، گەورەتریـــن بیانووی بۆ بەشـــداری نەکردن لە شـــەڕی داعش، ئەوە بوو کە لە موحازەرەیەکدا لـــە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١٤ رایگەیاند: «ئێمە بەشداری شەڕی دژی داعش ناکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ئەم کێشەیە چۆن چارەســـەر دەکرێت، ئێمە ئەزموونی ٤٠٠ ساڵی خەلافەتی عوســـمانیمان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە هەیە، ئەگەر بە ئێمەی بســـپێرن دەزانین چۆن چارەســـەری دەکەین و سەقامگیری بۆ ناوچەکە دەگێڕینەوە»! پێویستە ســـەرنج لەم قسەیەی ئێستای ئەردۆگان بدەین و لەگەڵ بەڵێنەکانی چوونە دەسەڵاتی بـــەراوردی بکەین. ئەو کات بەڵێنـــی دەدا دیموکراتی راســـت بکاتەوە و ئێستاش داوای خەلافەتی ئیسلامی عوســـمانی دەکات! ئەم نموونەیەی تورکیا سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتنی هەموو بزاڤەکانی دیکەی پۆپۆلیستی ئیســـلامییە، بەتایبەتیش ئەوانـــەی خۆیان بە لقێك لە ئیخوان موسلمین دەزانن.

٤. پۆپۆلیســـتی ســـەلەفی جیهادی (ئەلقاعیدە و

**پۆپۆلیستی داعشییانە هەمان زەمینەی دیموکراتی و ئازادی و یاساکانی کوردستانیان ئیستغلال کردووە و بە شێوەیەکی زۆر ئیستفزازییانە هەڵدەکوتنە سەر شکۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شەرعییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**تۆماس فریدمان لە یەکێک لە وتارەکانیدا سەبارەت بە شێوازی پۆپۆلیستانەی قاعیدە و داعش، ئاماژە بە نامیلکەیەک دەکات کە لە بنکەی مەشق و راهێنانی تیرۆریستانی قاعیدە دەستی کەوتووە، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە، تیرۆریستانی قاعیدە هێرش بکەنە سەر رەمز و سیمبولی دەوڵەتانی رۆژئاوا، بۆ ئەوەی نەتەوەکانیان هەست بە شکاندن بکەن**

# سەرکردەی پۆپۆلیستی تاسەر ئێسقان دژی دیموکراسییە

**یەکێک لەو توخمانەی کاریگەری لەسەر دارشتنی پۆپۆلیزم هەیە، بریتییە لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سەرکردەیەک کە وەک کەسایەتییەکی پەیامهەڵگر لێی بڕواندرێت. واتە کەسایەتییەک کە چارەنووسی نەتەوەکە لەسەر دەستی ئەو دێتەدی. لە ڕووی مێژوییەوە پۆپۆلیزم لە سیاقی قەیرانە سیاسییەکاندا سەرهەڵدەدات، ئەویش کاتێک شەرعییەتی دامەزراوەکان دەکەونە ژێر گومانەوە، هەروەها کاتێک ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە سایەی سیستەمە سیاسییەکەدا لەئارادایە، پێناچێت چیتر وەڵامدەرەوەی خواستەکانی هاووڵاتیان بێت. لە ئەنجامدا سەرکردە پۆپۆلیستیەکان وا وێنا دەکرێن کە کەسانێکی دەرەوەی نوخبەی حوکمڕانیی سیاسی، کە ڕوودەکەنە خەڵکەکە و خۆیان وەک کەسانێکی بێخەوش دەخەنەڕوو. ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانەش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێویستە ئەوە بگەڕێندرێتەوە و بەدەست بهێندرێتەوە کە لەدەست چووە، ئیدی ڕاستگۆیی بێت، سەرکردایەتی بێت، شکۆی نەتەوەیی بێت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت، یان وەرگرتنی ڕێکاری توند بێت لە دژی تاوان و توندوتیژی، یاخود لە بەرامبەر پشێویی سیاسی و... تاد.**

**پۆپۆلیزم خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی سیاسییە، لە سەروەختی قەیرانەکانی پەیوەست بە نوێنەرایەتی سیاسی گەشە دەکات و تا سەر ئێسقان دژ بە دیموکراسییە. سەرکردە پۆپۆلیستیەکان لە دەرەوەی دامەزراوەکان دروست دەبن، تەنانەت ئەگەر لە ڕێی دامەزراوەکانیشەوە جڵەوی دەسەڵات بگرنەدەست، ئەوا بە ماوەیەکی کەم دەست دەدەنە لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەیان، یاخود هەڵدەستن بە هەڵتەکاندنی ئەو دامەزراوانە، چونکە ئەو دامەزراوانە سنووربەندیان بۆ دروست دەکەن، کاتێک کە هەوڵی کەڵەکەکردن و کۆکردنەوەی دەسەڵات دەدەن لە دەستی خۆیاندا. واتە کاتێک دەگەنە دەسەڵات ئەوا ئەو ڕایەڵە ڕاستەوخۆیەی کە سەرکردە پۆپۆلیستیەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لەگەڵ خەڵکەکەدایە، دەگۆڕێت بۆ پەراوێزخستنی میکانیزمە دامەزراوەییەکان. هەروەها ڕێکخراوە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە**

**پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان هێزەکانی٧٠ و ٨٠ چییە بۆ ئەوەی زەمینەی ئەو یەکگرتنەوەیە دروست بکات؟ ئایا بزووتنەوەی گۆڕان قەت هەوڵیداوە زەمینەی متمانە دروست بکات، یان بەردەوام هەوڵیداوە زەمینەی بێمتمانەیی دروست بکات؟**

داعش) لە ناو ژینگەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوادا، پێش پەیدابوونی ئەم جۆرە پۆپۆلیستە ترسناکە، بزاڤی سەلەفی جیهادی بزاڤێکی بێدەنگی نێو مزگەوتەکانی رۆژئاوا بوو، هەموو سەلەفییەکان دەگەڕانەوە بۆ یەك مەرجەع، هەموویان پەیڕەوی یەك فەتوایان دەکرد و پێوەی پابەند دەبوون، شێوازی پێوەندی نێوان هەوادارانی سەلەفی و مەرجەع ستوونی بوو، گوتاردانیان ئیستفیزازی نەبوو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی پۆپۆلیستی داعشی و قاعیدە، شێوازی ستوونی نێوان هەوردانی سەلەفی و مەرجەع کۆتایی پێهێنرا و کرایە شێوازیکی ئاسۆیی. واتە هەر هەوادارێکی سەلەفی بۆی هەیە بە رێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، کۆڕ و کۆبوونەوەی نێو خەڵك، گرووپێك دروست بکات و گوتاریان بۆ بدات، کەوتنە سوودوەرگرتن لە یاساکانی سیستمی دیموکراتی رۆژئاوا و دەستیان کرد بە گوتاردانی ئیستفیزازی دژی کەلتوور و سیستمی رۆژئاوا و سازادانی خۆپیشاندان و بەرزکردنەوەی ئاڵای داعش و قاعیدە، بەمەش بە جۆرێك ژینگەی دیموکراتییان ئیستیغلال کردووە، کە پۆلیسی ئەو وڵاتانە دەبێت بیانپارێزت و ناشتوانێت یەکێکیان دەستگیر بکات، ئەم جۆرەی پۆپۆلیزم کە هەموو مزگەوتەکانی رۆژئاوایان کردۆتە بنکەیەك بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستانی قاعیدە و داعش، خەریکە هەموو شارستانییەتی رۆژئاوا و کەلتووری لیبرال دیموکراتی دەخاتە ژێر پرسیار و مەترسییەکی گەورەوە.

ئەگەر لەم چوار شێوازەی پۆپۆلیستەوە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەم چوار شێوازە پێوەندی بە کوردستانەوە چییە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: ئەگەر لەوڵاتانی دیکە تەنیا جۆرێك لە پۆپۆلیزم بوونی هەبێت، ئەوا لە کوردستان چوار جۆرەکەی پۆپۆلیزم بوونی هەیە و ئەوەشی لە هەمووی سەمەرەترە، ئەوەیە کە هەر چواریشیان دەتوانن

سیاسییەکانیش بەتایبەتی دەبنە چەند میانگیرێکی ناپێویست لە پرۆسە سیاسییەکەدا، واتە لە دیدی ئەوانەوە ئەمانە کۆسپ و تەگەرن و پێویستە ڕابماڵدرێن و تەخت بکرێن بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بناغەکانی دەسەڵات بونیاد بنرێنەوە. بە کورتی پۆپۆلیزم ئامانجی دروست کردنی هاووڵاتی نییە، بەڵکو دەیەوێت شوێنکەوتە بێت. هەروەها لە دید و تێڕوانینی پۆپۆلیزمەوە دامەزراوە دیموکراتییەکان ئاستەنگن لە بەردەم ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، ئەم تێڕوانینەش بناغەی ئیلهامبەخشینە بە سەرکردایەتی پۆپۆلیستی و بنچینەی پشتیوانییە کۆمەڵایەتییەکەی بۆ فەراهەم دەکات. ئەگەر پۆپۆلیستەکان نوخبەی تەقلیدی بە دوژمن بزانن، ئەوا پێیانوایە ئەو دامەزراوانەی لە ئاراداں تەنها بۆ برەودانن بە بەرژەوەندییەکانی ئەو نوخبەیە و دەبێت ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بهێندرێت. ڕاپەرینە پۆپۆلیستیەکان لەسەر بنەمای ئەو لۆجیکە سەرهەڵدەدەن، -ئەمەش بە میرات لە شۆڕشی فەڕەنسییەوە ماوەتەوە- کە هەر کاتێک خەڵک ویستی، ئەوا نابێت دەستوور و دامەزراوەکان لە ڕێیاندا بوەستن. ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕژێمە پۆپۆلیستیەکان ئامرازە دیموکراتییەکان ناگرنەبەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام کاتێک لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا بژاردە پۆپۆلیستیەکان دەبنە بەدیلێکی جددی، ئەوا دامەزراوە دیموکراتییەکان لە مەترسیدا دەبن، یاخود لەکەدار دەبن. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکەین: ئایا دامەزراوە دیموکراتییەکان هەڕەشەی پۆپۆلیزمیان لەسەرە، ئەوا وەڵامەکە -بەڵێ -یەکی بێ پێچ و پەنایە. پۆپۆلیزم هەڕەشەیەکی جددییە لەسەر دیموکراسی، چونکە دەبێتە مایەی دابەشبوون و جەمسەرگیری و نالێبوردەیی و دژایەتیکردنی فرەیی، هەروەها لەسەر کەڵکوەرگرتن لە درز و کەلێنە چینایەتی و ڕەگەزی و ئیتنی و دابەشبوونی شار و گوندەکان گەشە و نەش و نما دەکات.

- سەرچاوە: کاریگەری پۆپۆلیزم لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری
- نووسینی: ڤلادیمیر تۆرێس

پێکەوە کار بکەن لەبەر ئەوەی یەك ئامانجیان هەیە.

### • بزاڤی پۆپۆلیستی و بێ توانایی لە پرۆسەی چاکسازیدا

سیاسەتی بزاڤە پۆپۆلیستییەکان لە هەواڵەکانی وێبسایتی گاڵتەئامێزی (پیاز- The onion) دەچێت، ئەم وێبسایتە دیجیتاڵە گاڵتەئامێزە، لە ساڵی ١٩٨٨ وەك بڵاوکراوەیەکی چاپکراوی هەفتانە وتار و هەواڵی گاڵتەئامێزی سەبارەت بە کاروباری نیشتمانی و نێودەوڵەتی بڵاودەکردەوە، بەڵام لە ١٩٩٦ـەوە بۆتە وێبسایتێکی دیجیتالی و بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز باسی سیاسەت دەکات و لە خەیاڵی خۆیدا شتی بۆ دروست دەکات! هەر بۆ نموونە: سەبارەت بەم ئاڵۆزی و پاشاگەردانییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ٢٠١١ وتارێکی نووسیوە و تێیدا دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٣٠٠ ملیۆن چارەسەر هەیە، ئەمەش کاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاسان کردووە، تەنیا ئەوەی ماوە رایەڵەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەو ٣٠٠ ملیۆن چارەسەرە دروست بکات»! ئەم وێبسایتە بۆ هەموو کێشەیەکی ناوخۆیی ئەمریکا و تەواوی جیهان، چارەسەرێکی گاڵتەئامێزی خەیاڵی هەیە، بۆیە زۆر جار کە توێژەر و سیاسەتمەداران سەیری کێشەیەکی ئاڵۆزی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و دەزانن چارەسەری مەحاڵە، نموونەیەك لە وتارە گاڵتەئامێز و خەیاڵییەکانی وێبسایتی پیاز دەهێننەوە و ئاماژەی پێدەکەن. هەروەك چۆن فیلیپ گۆردن راوێژکاری پێشووی ئۆباما بۆ کاروباری سووریا، لە ژمارەی مارت و نیسانی ٢٠١٥ی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز لە وتارێکیدا کە باسی لەدەستدەرچوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، روودەکاتە سەرۆك ئۆباما و پێی دەڵێت: تۆ خەمت چییە؟ وەك وێبسایتی پیاز بڵاوی کردۆتەوە هەموو تاکێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەرێکی بۆ کێشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست

**پارتی دیموکراتی کوردستان، با ئەم تۆمەت بەشینەوەی قبووڵ بێت، لەبەرامبەر ئەوە دەبێت سزادانی ئەو بەنزیخانەیە بە یەک ملیۆن دۆلاریش، دەبێت سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، بەڵام پارتی ئەمە بە سەرکەوتنی حکومەتەکە دەزانێت، نەک حزبەکەی**

# چەمکی پۆپۆلیستی هێمایە بۆ ناسەقامگیری حکوومی لە ئیتالیا

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پۆپۆلیستی سێ ڕەهەندی هەیە: بە سیاسیکردنی نارەزایەتییەکان، ئیستیغلالکردنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان، جەمسەرگیری هەستی ئەو کەسانەی پێیانوایە نوێنەرایەتی ناکرێن. هەروەها سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی پۆپۆلیزم لە دیموکراسییەتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئاماژەیە بە قەیرانی نوێنەرایەتی. لە ساڵانی هەشتاکانەوە دیموکراسییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا سەرهەڵدانی بزووتنەوە و پارتە پۆپۆلیستییەکانیان بە خۆوە بینی، لەگەڵ هەڵکشانی گوتاری دژ بەو بارودۆخەی کە لە ئارادا بوو. لە کاتێکدا پۆپۆلیزم لە ئەوروپادا تەشەنەی کردووە، بەڵام دیاردەی پۆپۆلیستی بەراورد بە وڵاتانی دیکە لە هەندێ وڵاتدا پتر پەرەی سەندووە.

ئەمە حاڵەتەکەیە لە ئیتاڵیا، سیستمی پارتایەتی ئیتاڵیای دوای شەڕ- لە ساڵانی پەنجاکاندا ڕیشەی داکوتا تاوەکو ساڵانی نەتەوەکان درێژەی کێشا- سەرەتا دووچاری داکشانێکی هەنگاو بە هەنگاو و دواتر ڕەوتێکی خێرای وەرگرت، ئەویش کاتێک ئەو ڕایەڵە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی و ئایدۆلۆژییە دووچارێ داخوڕان بوو کە گرێی دەدایەوە بە هاووڵاتیانی ئیتالیاوە. قەیرانی کۆماری یەکەمی ئیتالیا سەری کێشا بۆ ئەوەی هەندێ کەس پێیانوایە گواستنەوە بوو بۆ ئەوەی پێی دەڵێن: کۆماری دووەم. بەڵام هاوسەنگیی سیستمی سیاسی ئیتالیای دوای شەڕ بەهۆی پشێوییە ئابووری و سیاسییەکانەوە لە سەرەتا و ناوەڕاستەکانی ساڵانی نەوەتەکاندا تووشی پچڕان و دابڕان هات. ئەم قەیرانەش لە ئیتاڵیا سەرەتا سەرچاوەکەی ناوخۆیی بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت هۆکارە دەرەکییەکانیش ڕۆڵیان هەبوو. چونکە لە دوای هەرەسهێنانی هەژموونی پارتی مەسیحی دیموکراتی و پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکاندا، سیستمی سیاسیی ئیتالیا بە ئاڵوگۆڕێکی گەورەدا تێپەڕی.

بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی ناوچەیی و یاخیگەرانە بە ناوی کۆمەڵەی لۆمباردی، کە دواتر بە ناوی کۆمەڵەی باکوور ناسرا، یەکێک لە بزنسمانە دەوڵەمەندەکان بە ناوی سیلڤیو بەرلسکۆنی، وەک گەمەکارێکی پۆپۆلیستی میحوەری لە سەر شانۆ و نەخشەی سیاسی ئیتاڵیا دەرکەوت، ئەویش لە

**لە پرسی ئەو وەزارەتانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیانی رۆژانەی هەموو خەڵکەوە هەیە، وەک وزارەتەکانی پەروەردە و ئابووری و دارایی و تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کە سەرۆکی حکومەت وەزیرەکانی ڕاسپاردووە چاکسازی بکەن، هەوڵیداوە هۆکاری یارمەتیدەر و سەردەمییانە بخاتە بەردەستی وەزیرەکان و باشترین شارەزای بیانی لە بواری چاکسازی بۆ دابینکردوون**

لایە، تۆ بەس ئەوەندەت لەسەرە رایەڵەیەك لە نێوان ئەو چارەسەرانە دروست بکەیت و کێشەکە چارەسەر بکەیت»! ئەمەش مانای ئەوەیە چارەسەری کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەحاڵە. لێرەوە بە سەرنجێکی شێوازی سیاسەتی بزاڤە پۆپۆلیستییەکانی کوردستان (ئۆپۆزسیۆنی پێشوو)، دەبینین هەر یەك لە ئەندام و هەواداری ئەم بزاڤە پۆپۆلیستییانە چارەسەرێکی گاڵتەئامێز و خەیاڵییان بۆ چاکسازی لە کوردستان پێیە و بەردەوامیش لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە بازاڕگەرمی بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی کوردستان چارەسەرێکی گاڵتەئامێز و خەیاڵی بۆ چاکسازی دابڕێژێت، واتە ٦ ملیۆن چارەسەر بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە کوردستان!!

ئێمە نازانین نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند ئاگاداری هەواڵ و وتارەکانی وێبسایتی پیازە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی کابینەی هەشتەم دیدی خۆی بۆ چاکسازی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پەرلەمان، بەوجۆرە خستەڕوو، وا هەست دەکرێت کە سەرۆکی حکومەت لە دارشتنی دیدی خۆی بۆ چاکسازی لە کابینەی هەشتەمدا، خوێنەرێکی باشی وێبسایتی پیاز بێت، لەبەر ئەوەی کاتێك لە ماوەی چوار ساڵی ئۆپۆزسیۆن بوونی ئەو لایەنە پۆپۆلیستییانە، هەموو رۆژێك بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لە کابینەکانی پێشوو دەگوت: فەرموو نەك رێگەیەك بۆ چاکسازی، نەك رێگەیەك بەڵکو شەش ملیۆن رێگەچارە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دەخەینە بەردەستت، فەرموو سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی ئێمە بکە، کە پێی دەڵێن دەنگی شەقام!.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان ستراتیژیەتی وێبسایتی پیازی پێش پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی بنکەفراوان رەچاو کردووە، لە یەکەمین کۆبوونەوەی

سیاقی داڕوخانی دوو پایە سەرەکییەکەی سیستمی سیاسی ئیتاڵیای دوای شەڕدا. ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزم لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی، کە ئەو پارتەیان ناچارکرد ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیدا بهێنێنت و قاڵبێکی ئایدۆلۆژی و سیاسـیی سۆشیال دیموکراتی وەربگرێت. لە کاتێکدا هۆکاری ڕاستەوخۆی هەرەسی سیستمی ئیتالیای دوایێ شەڕ بریتی بوو لەو تاسان و شۆکە دەرەکییەکە. بەڵام داخوڕان و داکشانی ناوخۆیی لە چوارچێوەی سیاقی نوێنەرایەتی سیاسی هەر دوو پایە باڵادەستەکەی سیستمی دوای شـەڕ- پارتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی کۆمۆنیسـتی ئیتالی- لە کۆتایی هەشتاکاندا ڕوون و بەرچاو بوو. لەو کاتەشـدا وەک پێشـێلکارییەکی دامەزراوەیی دوو فۆڕمی جیاوازی پۆپۆلیزم دەرکەوتن. بەرلسـکۆن لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا پارتێکی سیاسی پێکهێنا و سوودی لەو بۆشاییە وەرگرت کە لە ساڵی ١٩٩٣دا بەهۆی هەرەسهێنانی پارتی مەسیحی دیموکراتی باڵادەستەوە دروست بوو. هەروەها بزووتنەوە ناوچەگەری و یاخیگەرییەکەی ئەمبێرتۆ بۆسی سوودی لە قەیرانی ئەو دۆخە دامەزراوەییە وەرگرت کە لە ئارادا بوو، ئەویش بۆ مەبەسـتی دروستکردنی فۆڕمێکی نوێی نوێنەرایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ بوو. بەم دواییەش بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە سوودی لە قەیرانی نوێنەرایەتی وەرگرت، ئەو قەیرانەی دووچاری سیستمی هەڵبژاردن و سیستمی پارتایەتی بوو، ئەو سیسـتمەی کە بەرلسـکۆنی و کۆمەڵەی باکوور و پارتی دیموکراتی باڵادەسـت بوون بەسـەریدا. ئەم بزووتنەوەیەش داوای پێداچوونەوەی ڕیشەیی دەکات بە سیستمە سیاسییەکەدا، واتە داوای فۆڕمێکی نوێ لە نوێنەرایەتی سیاسـی دەکات کە نوخبە و پارتە سیاسییەکان کەمتر باڵادەسـت بن بە سەریدا. لە بنەڕەتدا بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە ناکۆکی و مشتومڕە مەحەلی و ناوچەییەکانی سەرتاسەری وڵاتەکەی ئیستیغلال دەکات و ئۆباڵی چارەسەرنەکردنی کێشەکانیش دەخاتە ئەستۆی ئەو چینە سیاسییەی دەسەڵاتیان بەدەستە.

- سەرچاوە: خۆیندنەوەی بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە لە ئیتالیا لە سیاقی خۆیدا.
- نووسینی: لیزا لاندۆن، دۆیانە وودز

لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیسـتی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، راشـکاوانە پێی راگەیانـدن کە ئەوەی ئامانجمانـە ئەوەیـە پەرلەمـان چاودێرێکی چالاك بێـت بە سـەر حکومەتـەوە، دەبێت ئـەم هەنگاوەش لە پەرلەمانتارانـی پارتی دیموکراتی کوردسـتانەوە دەسـت پێ بکات، ئامانجمانە پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان رەخنەی توند لە حکومەت بگرن، پێش هەر وەزارەتێکیش، وەزارەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکسازی لە کوردستان سەرکەوتوو بێت.

لە دوای پێکهێنانی کابینەی هەشـتەم، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوای کرد چاکسازییەکان خودی وەزیـرەکان لـە وەزارەتـەکان ئەنجامی بدەن، راشکاوانەتر واتە هەر وەزیرە و بەرنامەی چاکسازی بۆ وەزەراتـی خۆی دابڕێژێت، بۆ ئەمەش تەواو ئامادەیی هاوکاری بۆ پشـتگیری وەزیرەکان پیشـانداوە، پێی راگەیاندوون، ئێوە ناتانەوێت چاکسازی بکەن، فەرموو بەرنامەی ئێوە چییە، هەموو پشتگیریەکتان پێشکەش دەکەین، تەنانەت ئەگەر چاکسـازی لـە وەزارەتێکدا پێوەندی بە وەزارەتێکی دیکە، یان لایەن و دامەزراوەی دیکـەش هەبێت، سـەرۆکی حکومەت رایسـپاردوون پشتگیری بەرنامە چاکسازییەکە بکەن.

سەرۆکی حکومەت زۆر باش ئەو راستییەی زانیوە، ئەنجامدانی چاکسـازی نمایشـکردنی ماسوولکەی سیاسییانەی پۆپۆلیستانە نییە، ئەو دەزانێت بەرنامەی چاکسازی کۆکردنەوەی تواناکان و رەخساندنی زەمینەی پێکەوە کارکردن و دروسـتکردنی هەماهەنگییە لەنێوان سەرجەم وەزارەتەکان و ئەم کارە تەنیا بەسەرۆك وەزیران ناکرێت، بەڵکو بە هاوکاری و پشـتگیری هەموو وەزیر و وەزارەتەکان و هاوکاریی سـەرۆك وەزیران دەکرێت بۆ بەرنامەی حکومەت. بۆ ئەمەش باشـترین ژینگەی چاکسازی لە کابینەیەکی بنکەفراواندا هەڵبژاردووە بۆ

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان ستراتیژیەتی وێبسایتی پیازی پێش پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی بنکەفراوان رەچاو کردووە، لە یەکەمین کۆبوونەوەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، راشکاوانە پێی راگەیاندن کە ئەوەی ئامانجمانە ئەوەیە پەرلەمان چاودێرێکی چالاک بێت بە سەر حکومەتەوە، دەبێت ئەم هەنگاوەش لە پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەست پێ بکات**

**ئەم جۆرەی پۆپۆلیزم کە هەموو مزگەوتەکانی ڕۆژئاوایان کردۆتە بنکەیەک بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستانی قاعیدە و داعش، خەریکە هەموو شارستانییەتی ڕۆژئاوا و کەلتووری لیبرال دیموکراتی دەخاتە ژێر پرسیار و مەترسییەکی گەورەوە**

**لەگەڵ دەرکەوتنی پۆپۆلیستی داعشی و قاعیدە، شێوازی ستوونی نێوان هەواردانی سەلەفی و مەرجەع کۆتایی پێهێنرا و کرایە شێوازیکی ئاسۆیی. واتە هەر هەواداریکی سەلەفی بۆی هەیە بە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، کۆڕ و کۆبوونەوەی نێو خەڵک، گرووپێک دروست بکات و گوتاریان بۆ بدات**

**هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی دیاردەی پۆپۆلیزم دەبێتە باشترین ژینگە بۆ گەشەکردنی گەندەڵی ئەوەیە، بزاڤی پۆپۆلیستی ڕێگەنادات پرۆسەی چاکسازی و ریفۆرم بکەوێتە سەر سکەی خۆی**

ئەوەی هەموو تواناکان پێکەوە ئەم پرۆسەیە سەربخەن.

لە پرسی ئەو وەزارەتانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی هەموو خەڵکەوە هەیە، وەك وزارەتەکانی پەروەردە و دارایی و ئابووری و تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کە سەرۆکی حکومەت وەزیرەکانی ڕاسپاردووە چاکسازی بکەن، هەوڵیداوە هۆکاری یارمەتیدەر و سەردەمییانە بخاتە بەردەستی وەزیرەکان و باشترین شارەزای بیانی لە بواری چاکسازی بۆ دابینکردوون، ئەو چاکسازییانەشی لە بەرنامەی کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ماوەیەکە جێبەجێ دەکرێن، هەروەها ڕێکخستنەوە و کۆنترۆڵکردنی دەرمان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی پزیشکی و ڕێکخستنەوە و بە ئەلیکترۆنی کردنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئەنجام دراون، ئەمانە هەموو چەند نموونەیەکن کە ڕاستەوخۆ بە هاندان و لە ژێر چاودێری سەرۆکی حکومەت ئەنجام دراون.

ئامانجی سەرۆکی حکومەت لەم ستراتیژە گرنگەدا بۆ چاکسازی ئەوە بووە، کابینەی هەشتەم کە کابینەی هەموو حزبەکانە، خۆی خاوەنی سەرکەوتن و شکستی پرۆسەکە بێت و کەس بە تەنیا خۆی نەکات بە خاوەنی سەرکەوتن و شکستیش نەخرێتە تەنیا ئەستۆی لایەك و شەڕی سیاسی میدیایی پێبکرێت.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و پرسیارە ئەوەیە: کە بۆچی ئەو وەزارەتانەی بە دەست لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی دوێنێوەن، نەیانتوانیوە چاکسازی بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە بڵاوکراوەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی وەردەگرینەوە. ئەوان فێرمان دەکەن کە سیاسەتکردن بە گەندەڵی و نەهامەتی خەڵکەوە، جیاوازە لە سیاسەتکردن بۆ نەهێشتی گەندەڵی و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانی خەڵك.

**● چاکسازی بە ڕێگەی دامەزراوەیی دەکرێت نەك گوتاری ئیستفزازییانە لە شاشەی تیڤییەکانەوە**

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ستراتیژیەتی بۆ چاکسازی و واڵاکردنی دەستی وەزیرەکان بۆ چاکسازی، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری، یان لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ڕانەگەیاندووە، بەڵکو لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و لە سەردانەکانی بۆ پەرلەمانی کوردستان باسی کردووە.، تکای برایانەی لە پەرلەمانتارانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کردووە، پرۆسەی چاکسازی بۆ کەمکرنەوەی نەهامەتییەکانی خەڵك بێت، نەك خوێندنەوەی وتاری ئیستفزازی لە سەر شاشەی تیڤییەکان. چاکسازی ئەرکێکی نیشتمانی سەر شانی هەموو لایەکمانە، پێکەوە دەتوانین چاکسازی بکەین و ئەم پرۆسەیە بە تاکە لایەنێك و تاکە کەسێك ناکرێت، بەڵام جێگەی داخە لایەنەکانی دیکە، دیسان بەداخەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش دوای ئەوەی بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنی کوردستانی کرد، بەهەمان شێوازی لایەنەکانی پێشووی ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ بەرامبەر حکومەت سیاسەت دەکات، خۆی لە بەرپرسیاریەتی دێنێتە دەرەوە، پرۆسەی چاکسازییان کردۆتە گوتارێکی ئیعلامییانە بۆ چەواشەکردنی خەڵك!

هەر بۆ نموونە:

● ئایا لە چ وڵاتیکی جیهاندا هەبووە، کێشەیەکی وەك نزمیی ئۆکتانی بەنزین هەبێت و پەرلەمانتار بەبێ ئاگاداری پەرلەمان و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان بچێت دەبەیەکی ئاو بەرێت و بەنزینی لێوەر بگرێت و پاشان خۆی بچێت






لە تاقیگەی دەرەکی فەحسی بکات و هێشتا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاگادار نەبێت؟! لەمەش زیاتر بوتڵە بەنزینە بەریتە سەر شاشەی تەلەفزیون، لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر وەزیری سامانە سروشتییەکان هەوڵبدات ئەو حزبە بشکێنێت کە لە یەك حکومەتدا هاوپەیمانە لەگەڵی! یان ئۆباڵی گرانبوونی بەنزین بخاتە ئەستۆی وەزیری سامانە سروشتییەکان کە ئەسڵەن ئەو دەسەڵاتەی نییە!!

سەرنج بدەن، ئەو پەرلەمانتارە کە دەیەوێت بە خەڵك بڵێت: من نوێنەری فلان حزبم و حزبەکەشم دژی گەندەڵییە، ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە سەرچاوەی گەندەڵییە، باشە پارتی دیموکراتی کوردستان، با ئەم تۆمەت بەشینەوەی قبووڵ بێت، لەبەرامبەر ئەوە دەبێت سزادانی ئەو بەنزینخانەیە بە یەك ملیۆن دۆلاریش، دەبێت سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، بەڵام پارتی ئەمە بە سەرکەوتنی حکومەتەکە دەزانێت، نەك حزبەکەی، هەر ئەو پەرلەمانتارەی بە دزییەوە بەنزینەکەی برد بۆ فەحس، بە هەمان شێوە کەوتە تۆمەت بەشینەوە کە ئەوە پارتییە نرخی بەنزینی بەرز کردۆتەوە، کەچی قوباد تاڵەبانی کە جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامی لیژنەی نەوت و گازە خۆی پێشنیاری کردبوو، بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی سەرچاوەی داهات، ناچارین نرخی بەنزین بەرز بکەینەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم پێشنیارەی قوباد تاڵەبانی لە بارودۆخی بێ مووچەیی و شەڕی داعش خراپ و نانیشتمانی بوو، یان هەنگاوێکی نیشتمانی و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە با هەر ئەو پەرلەمانتارە لە سەر شاشەکانی تیڤی بیداتەوە.

● لەسەریەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، کە بزووتنەوەی گۆڕان شەو ڕۆژ کردوویەتی بە ماکینەی ئیعلامی و پڕوپاگەندە دژی پارتی و یەکێتی، گوایە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە پارتی و

> **پۆپۆلیستی ئیسلامی سیاسیی میانڕۆ. ئەم پۆپۆلیستە تازەیە نایەوێت دەوڵەت لە سەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی حوکمڕانی بکات**

> **بزاڤی پۆپۆلیستی هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت، لە ناو ژینگەی لیبراڵ دیموکراتیدا و بە سوودوەرگرتن لە یاسا و پرانسیپەکانی دیموکراتی، هێزێک بەرهەم دەهێنێت، ئەم هێزە متمانە دەگۆڕێت بۆ دردۆنگی و بێمتمانەیی، ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان دەگۆڕێت بۆ نارەزایی دەربڕین و خۆسە پاندن**

> **سادەترین پێناسە بۆ دیاردەی پۆپۆلیزم، دروستکردنی بازارگەرمییە بۆ پرسێک کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بۆ ئەوەی هێزی دەنگدان بگۆڕێت بۆ هێزی نارەزایی دەربڕین**

یەکێتی خاوەنی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ ـن، نایانەوێت ئەم هێزانە تێکەڵ بکرێنەوە. پرسیار لێرەدا ئەوە نییە، کە ئایا پارتی و یەکێتی نییەتیان بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە هەیە؟ بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ چییە بۆ ئەوەی زەمینەی ئەو یەکگرتنەوەیە دروست بکات؟ ئایا بزووتنەوەی گۆڕان قەت هەوڵیداوە زەمینەی متمانە دروست بکات، یان بەردەوام هەوڵیداوە زەمینەی بێمتمانەیی دروست بکات؟ لەم گێچەڵەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە سەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دروستی کرد، هەموو خەڵکی کوردستان شاهیدن، جارێکی دیکە ئەم بزووتنەوەیە بێمتمانەیی گەیاندە چ ئاستێك، بۆیە بزووتنەوەیەك کە ناوی لە خۆی ناوە گۆڕان، دەبێت بزانێت گۆڕان پێویستی بە زەمینەی متمانە دروستکردن هەیە، نەك زەمینەسازی بۆ بێ متمانەیی! ئایا چاوەڕێی چ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری لە بزووتنەوەیەکی وەك گۆڕان دەکرێت، کە بڕوای بە دروستکردنی زەمینەی متمانە نییە کە فاکتەری سەرەکی و کۆتایی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازییە؟!

● شێوازێکی دیکە کە بۆتە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی چاکسازی، شێوازی پۆپۆلیستی قاعیدە و داعشییانەیە، ئەویش پیادەکردنی شێوازی گوتاری ئیستفزازییانە و زەمینە خۆشکرنە بۆ سووکایەتی و شکاندنی لایەنی بەرامبەر و ڕەمز و پیرۆزییەکانی دامەزراوە شەرعییەکانی وڵات. تۆماس فریدمان لە یەکێك لە وتارەکانیدا سەبارەت بە شێوازی پۆپۆلیستانەی قاعیدە و داعش، ئاماژە بە نامیلکەیەك دەکات کە لە بنکەی مەشق و ڕاهێنانی تیرۆریستانی قاعیدە دەستی کەوتووە، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە، تیرۆریستانی قاعیدە هێرش بکەنە سەر ڕەمز و سیمبولی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی نەتەوەکانیان هەست بە شکاندن بکەن، لەمەش زیاتر ئەو شێوازەی ئێستا هەوادارنی داعش لە گۆڕەپانەکانی هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا بە شێوەیەکی ئیستفزازییانە لە ژێر سێبەری یاساکانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپادا، بەهەمان شێوە لە کوردستانیش، پۆپۆلیستی داعشییانە هەمان زەمینەی دیموکراتی و ئازادی و یاساکانی کوردستانیان ئیستغلال کردووە و بە شێوەیەکی زۆر ئیستفزازییانە هەڵدەکوتنە سەر شکۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شەرعییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر خوێنەری ئەم دێڕانە تاقەتی هەبوو باشتر لەسەر ئەم پرسە بەدواداچوون بکات، سەیری شێوازی پۆپۆلیستانەی داعش ئەوروپا و پۆپۆلیستی داعشییانەی کوردستان بکات، ئەو کات دەزانێت، جیاوازی نێوانیان، تەنیا جیاوازی ئەو وشانەیە کە لە سەر ئەو لافیتانە نووسراوە و بەرزی دەکەنەوە، ئەگەرنا هەردوولایان یەك ئامانجیان هەیە.

● شێوازێکی دیکەی ئاستەنگ لە بەردەمی چاکسازی، دابەشکردنی وەزارەتەکانە لە ناو حکومەتدا، واتە لەبەر ئەوەی وەزیری کشتوکاڵ سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە، ئەوا لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ گەندەڵی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی وەزیری پێشمەرگە سەر بە گۆڕانە، ئەوە تەنیا وەزیری پێشمەرگەیە بەرەکان بەسەر دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی وەزیری ئابووری و دارایی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، ئەوە هۆکاری نەبوونی پارە و مووچە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، هۆکارەکەی بەغدا نییە، بەڵکو دەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی نەوت و بوونی کوردستان بە ئەندامی لە نەخشەی وزەی جیهانیدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکرد، کە خاڵی دیکە هەر زۆر زۆرن، هێشتا زووە لە کوردستان بتواندرێت بە ئاسانی زەمینە بۆ چاکسازییەکی ریشەیی فەراهەم بکرێت، لە بەر ئەوەی هەتا ئێستا شێوازی سیاسەتکردن بۆ ریفۆرم و نەهێشتنی گەندەڵی ئەو بناخەیەی بۆ دروست نەبووە کە بتوانرێت سیاسەتکردن بە گەندەڵی بگۆڕێت بۆ سیاسەتکردن دژی گەندەڵی، سیاسەتکردن دژی گەندەڵی تەنیا دروشم نییە، کارێکی دەستەجەمعی دامەزراوەییە، وەك دانیال کۆفمان بەڕێوەبەری پێشووی بانکی جیهانی زۆر جوان وەسفی کردووە «دژایەتیکردن و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی سیحرە، من نازانم چۆن دەکرێت، بەس ئەوەندە دەزانم ئەگەر ئەم سیاسەتە سەرکەوت، هەموو شت دەگۆڕێت، ئاستی ژیان دەیان جار بەرز دەبێتەوە، زانکۆکان دەبنە سەرچاوەی مەعریفە، ڕێژەی مردنی منداڵانی خوار پێنج ساڵ کەم دەبێتەوە، پەرەپێدان دەبێتە پەرەپێدانی بەردەوام، دامەزراوەکان بە هەموو توانای خۆیان کار دەکەن و بەهێز دەبن». ئەگەر ئەم قسەی کۆفمان ببەستینەوە بە قسەیەکی ئیڤان دوەرتی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی حزبی سیاسی لە ئامۆژگای (NDI)، کە دەڵێت: «گەورەترین هێز کە بتوانێت پۆپۆلیست لە ریشە هەڵکێشێت، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دیموکراتییە»، ئەمە پێمان دەڵێت ئەگەر چاکسازی و هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی ببنە هۆکاری بەهێزی دامەزراوەکان، ئەمەش هۆکارێکی نەمانی پۆپۆلیزمە، ئەوا هەتا بیرکردنەوەی پۆپۆلیستی لە کوردستان بوونی هەبێت، پرۆسەی چاکسازی بێ ئاستەنگی گەورە نابێت.

# بارزانی کەوانی دیپلوماسی کوردی

**هەرێما کوردستانێ، ب هوی بوارێن ئاسایش و ڤەبونا دەرگەهێن جی‌هانی، ب تایبەتی دروستکرنا تورێن پەیوەندێین دیپلوماسی گەش، ب ئەرکێ سەر شانێ خوە بەرامبــەر ب نەتەوەیا کوردی رابویە: هەرێما کوردســتانێ بویە لاندکا و ناڤەنــدا «دیپلوماســی یا نەتەوەی یا کورد». هەمــی ئاماژی ژی ڤێ یەکێ دسەلمینن، بەردەوام بونا سەرۆکێ هەرێمێ ل سەر پوستێ سەرۆکاتی، گرینگی یەک هەنوکەییە، کومبونا برێت مەککورک، سالح موسلم ل گەل سەرۆکی ڤێ یەکێ دسەلمێنن**



سەردار شەریف سندی*

ب شــێوەیەك بەفراوان داگیرکرنا کوێت ژ ئالی ئێراقێ وەکو ئێك ژ بالکێشــترین هوکارێن گورانکارییێن سیاسی ل ســەر ئاســتێ روژهەلاتا ناڤین تێتە هژمارتن. یا کو پەیوەندیدارە ب هەرێما کوردستانێ، یەکەم، پشتگیری یا زلهێزێن جی‌هانی و هەروەها پشتەڤانی یا کومەلگەها نێڤ نەتەوەیی هوکارێن ســەرەکی بون د دروستبوونا قەوارەیا کوردی، ب ناڤ دەولەتا دیفاکتو. دویەم، شەرێ ئازادی یا ئێراق و گورینا سیستەمێ سیاسی ژ دیکتاتوری بو دیموکراســی/فرەلایەنی و فیدرالی. سێیەم: بونا دەولەتا دیفاکتویا کوردی خودان پارلەمان، هێزا لەشــکەری و تورێت پەیوەندییێــن نێڤ نەتەوەی، فاکتەرێن بوژینەرێن بهێزن د جێگربونا « شەرعییەتا هەرێما کوردستان»ێ د ناڤ یاسایا ئێراق وەکو هەرێمەك خودان شەرعییەتەکا — نەتەوەیی و یاسایی جودا ژ نەتەوەیا ئەرەب- ئێراق. وەکی دەرئەنجام، ئێك ژ مەزنترین دەســتکەفتان بو هەرێمێ، ڤەبونا دەرگەهێن « کوچکێن دیپلوماســییێن جی‌هانی » دشێت ئاماژە پێ بێتە کرن.

هەرێــم ب مفا وەرگرتــن ژ مێتودێن هەڤچەر و جودایێن دیپلوماسی و سیاسی، ســەرەرایێ کێماسیێن بەرفرە و جدییێن د دامەزراوەیێن دیپلوماسیێن هەرێمێ، لێ شیا ب باشترین شــێوە پرێن پەیوەندییێن خوە د ڤی بواری بکەتە فرەرەهەندی. سەرکردایەتی یا کوردی، نەك ب تەنێ د گەل دەولەتێن جیران، بەلکو ژی سەرجەمێن پێج دەولەتێن ئەندامێن د ئەنجومنا ئاســایش یا نەتەوەیێن ئێککرتی راکێشــایە بو هەرێما کوردستانێ. د بوارێ کومەلایەتی و د بوارێ دیپلوماســی، کەسایەتی یا سیاسی یا هەرێم

هێدیَ هێدی پێنگاڤێن تێکەلاڤبون (socialization) د گەل کومەلگەها هەرێمایەتی و جیهانی ئاڤێتی یە.

ئێک ژ هوکارێن سەرەکی یێن پێشکەڤتنا دیپلوماسی یا هەرێما کوردستانیَ، ب تایبەتی ل پشتی سالا ٢٠٠٣یَ، بو شێوازل سەرەدێری کرنا بەرپرسێن سیاسیێن هەرێمیَ دزڤریت د گەل ئەمریکا. ژ بلی هندیَ کو کومەک رەخنەیێن بهێز ژ سیاسەتا ئەمریکا بەرامبەر ب کوردا ل ئێراقیَ هەنە، بەس ڤەبونا دەرگەهێن ناڤەندێن بریاردانا ئەمریکا بەرامبەر هەرێمیَ، ڤیَ راستی یا حاشاهەلنەگر ناڤەشێریت، کورد بونە فاکتەرەک رون و ئەشکەرە جهیَ بایەخدانیَ. هەبون، و چونا ئەمریکا بو/ ل هەر جهەکیَ جیانیَ ژ ئالی سیاسی ڤە، وەکو دانپێنان تێتە شرۆڤەکرن. لەورا هەر چەندە رەخنەیێن بەرفرە و جوراوجور د شێوازیَ پەیوەندیێن هەرێم و ئەمریکا دا هەیە و هەبن، ئاماژە پێکرن ب ڤیَ راستییَ و ل بەر چاڤگرتن ویَ پێویست: ئەمریکا مەزنترین زلهێزیَ جیهانیَ یە د هەمی بواران.

ئەمریکا د شەریَ دژی تیروریَ، توانایێن لەشکری، سیاسی و ئابوریێن خوە تاقیکر، کو ئەو ژی بریتی بوژ بەرفراونترین سیناریویێن لەشکەری:جێبجێکرن و بەشدار بون د سیَ (٣) شەران د یەک کات و دەم، واتە، ( ٢ ) شەرێن گەرمێن ئێراق و ئەفغانستان، هاودەم ل گەل شەریَ سیاسی ل گەل وەلاتیَ جیرانێن ئێراق و ئەفغانستانیَ، ئیرانیَ. لەورا، هەبونا کونسولخانەیا دەولەتەکا وەکی ئەمریکا ل هەرێمیَ دلنیابوونە بو کورد و نونەراتیێن سیاسی و ئابوریێن وەلاتێن جیهانیَ ل هەرێمیَ.

ئەڤە ئەرکیَ سەرەکییَ کوردە خواندنەک «ژێرانە» هەبیت بو سیاسەتا ئەمریکا ل سەر ئاستیَ روژهەلاتا ناڤین و جیهانیَ: ل پێناڤ پاراستنا بەرژەوەندیێن سیاسی، ئاسایشی، ب تایبەتی کو بابەتێن « بەرەنگاربونا تیرور، دیموکراسی، مافیَ مروڤ و رێزگرتن ل کێمە نەتەوەیان» بەشەک بەرفرە ژ ناڤەروکا سیاسەت و دیپلوماسی یا ئەمریکا ل جوغرافی یای سیاسی یا وەلاتێن جیهانا سێیەم پێک تینیت. یا کو پەیوەندیدارە ب ئێراق و مافیَ کورد، ئەمریکا ژ رەوانگەها رەخنەگران تومەتبار تێتە کرن پالپشتی یا دەولەتا کوردی ناکەت، بەلکو رێگرەژی.

دیپلوماسی پێکهاتییە ژ دانوستاندنێن ڤەکری و نهێنی، رێککەفتنێن ڤەکری و نهێنی. ژ رەوانگەها ئەمریکاڤە، کوردان کێشەیا مافداری د گەل حکومەتا ئێراقیَ هەیە، نەک ئەمریکا، لەورا، ئەڤە کوردە پێویستە سیاسەت بکەت بو دەستەبەرکرنا مافێن نەتەوەیی. بو ڤیَ مەبەستیَ، شوناسیَ بەرژەوەندیێن ئەمریکا ل روژهەلاتا ناڤین و ب تایبەتی ل ئێراقیَ، ڤیَ یەکی ژ ئەمریکا دخوازیت هەولێن پاراستنا هاوسەنگی یا پەیوەندیێن یان د گەل شیعە، سوننە، و کورد بپارێزیت. چونکە ئەمریکا پێویستی ب هەمو پێکهاتێن ئێراقیَ هەیە.

**ئێک ژ هوکارێن سەرەکی یێن پێشکەڤتنا دیپلوماسی یا هەرێما کوردستانیَ، ب تایبەتی ل پشتی سالا ٢٠٠٣یَ، بو شێوازل سەرەدێری کرنا بەرپرسێن سیاسیێن هەرێمیَ دزڤریت د گەل ئەمریکا. ژ بلی هندیَ کو کومەک رەخنەیێن بهێز ژ سیاسەتا ئەمریکا بەرامبەر ب کوردا ل ئێراقیَ هەنە، بەس ڤەبونا دەرگەهێن ناڤەندێن بریاردانا ئەمریکا بەرامبەر هەرێمیَ، ڤیَ راستی یا حاشاهەلنەگر ناڤەشێریت**

هاودەم، بو پتر ژ سەدەیەکە ئەمریکا شەر و پێکدادانێن سیاسی و دیپلوماسی د گەل بریتانیا، فرانسا و روسیا هەیە بو سەپاندنا هەژمونی یا خوە ب سەرروژهەلاتا ناڤین. ئەڤ سەدەیەکە وەلاتێن روژهەلاتا ناڤین ژ بن دەستیَ داگیرکەری یا ئیمپراتوری یا عوسمانی رزگار بوینە، بەس، ب درێژاهی یا ڤیَ سەدیَ، ئەمریکا هەولێن جدی داینە وەلاتنێن هەرێمیَ ب شێوەیەکیَ جیاواز داگیر بکەت کو نەک هاولاتێن ڤان وەلاتان هەست پیَ نەکەن، بەلکو بریاردەرێن ڤان وەلاتێن ژی ل پێناڤ بەرژەوەندیێن تایبەت و کەسایەتی، بیَ دەنگی کرینە کردار. شوناسیَ داگیرکاری یا ئەمریکا جیاوازە: دروستکرنا ستروکتوریَ سیاسی: واتە، پێکڤە گرێدانا ئابوری و ئاسایش کو ئەڤ چەمک ل فارسی "وابستگی» و ب عەرەبی «الإعتماد علی الغیر» (Dependency)یَ بو تێتە گوتن. ژ رەوانگەها ئابوری ڤە، ئەڤ تیورە ئاماژە ب ڤیَ دکەت، ولاتێن کو ژ ئالی پێشکەفتنیَ، پاشڤەماینە و ژ ئالی ئاسایش، ئەڤ تیورە ئاماژە ب ڤیَ دکەت، بریاردەرێن سیاسی خاوەن تواناییێن بریاردانەک لاوازن، چونکە د دارشتنا سیاسەتا دەرڤە دڤێت بەرژەوەندیێن تایبەتێن زلهێزێن وەکی ئەمریکا ل بەر چاڤ بگرن. واتە نەشێن د سیاسەتا دەرڤە سەربەخوی یا بریاردانیَ هەبن.

**بو پتر ژ سەدەیەکە ئەمریکا شەر و پێکدادانێن سیاسی و دیپلوماسی د گەل بریتانیا، فرانسا و روسیا هەیە بو سەپاندنا هەژمونی یا خوە ب سەرروژهەلاتا ناڤین. ئەڤ سەدەیەکە وەلاتێن روژهەلاتا ناڤین ژ بن دەستیَ داگیرکەری یا ئیمپراتوری یا عوسمانی رزگار بوینە، بەس، ب درێژاهی یا ڤیَ سەدیَ، ئەمریکا هەولێن جدی داینە وەلاتنێن هەرێمیَ ب شێوەیەکیَ جیاواز داگیر بکەت**

پەیوەندیدار ب هەرێما کوردستانیَ، ژ دەستپێکا شەری ل سوریا وەدەرکەفتنا رێکخراوا تیروریستی یا داعش، هێزێن کوردی ب هاریکارییا هاوپەیمانان سەرکەفتنێن مەزن ل بەرامبەر ب داعش تومارکرین. سەرکەفتنێن هێزێن کوردی بوینە پالنەر بو ب جیهانی بونا کێشەیا کوردی، ب تایبەتی ژ هەر دەمی پتر باسیَ پێویستی هەبوونا دەولەتا کوردی تێتە کرن. هاوتەریب، سەرکەفتنێن هێزێن پێشمەرگە، هوکارێن سەرەکیێن ب جیهانی بونا ناسناڤیَ « پێشمەرگە» یە. هەروەسا کێشەیا کورد ل سوریا، ب تایبەتی « بەرخودانا کوبانیَ» و بەشداری یا هێزێن پێشمەرگەیێن هەرێمیَ د بەرگریکرن ژ کوبانیَ، رەوتەک جیهانی ب خوەڤە دیت، کو ل سەر ئاستیَ جیهانی، یەکەمین جارە، هەرێمەک هێزێن لەشکەرییێن خوە بو دەرڤەی سنورێن خوە بنهێریت. هەر ڤیَ چوارچوڤەییَ، پێشەوازی کرنا سەروکیَ فرانسا فرنسوا هولاند ل کوشکا کوماری « ئێلیزیَ» ژ هاوسەروکا پ.ی.د. ئاسیا عەبدوللا و فەرماندییَ هێزێن ژنێن کورد سەر ب پ.ی.د. ناسراو ب ی.پ.ژ، نەسرین عەبدوللا، رەنگ و رویەکیَ دی ب خوەڤە دیت: «ب

جیهانی بونا ژنێن گەریلایێن کورد».

پشـــتی بگرە و بینەیا دیبلوماســـی یا ڤەشـــارتی یا ئەمریکا د گـــەل پ.ی.د. و پ.ك.ك.، و دەرکەفتنا ناکوکیێن بەرفرە د ســـتراتیژی و سیاســـەتا ئەمریکا و تورکیا ســـەبارەت ب ســـوریا و لاوازی یا تورکیا د بەرســـڤدان ب تومەتێن « زەق و ئەشکەرە» ئاراستە کری سەبارەت ب پشتەڤانی کرن ژ رێکخراوا داعش. و هوکارێن پەیدابونا باوەری و قەناعەتێ بو هاوپەیمانێن وێ یێـــن ناتـــو ب تایبەتی ئەمریکا گەهشـــتی یە ڤـــێ باوەریێ: وێ هاوپەیمانێ خوە یێ راســـتەقینە ل ســـوریا پەیدا کری یە: ئەوژی کوردن.! شـــك دڤێ دا نینن تەجروبەیا کارکرن د گەل هەرێما کوردســـتانێ ژ ســـالا ١٩٩٢، پەیماننا واشـــینگتون و بونیاتا ئێراقا نوی پشـــتی ٢٠٠٣ قەناعەت بو بەرپرســـێن سیاسی و لەشـــکەرییێن ئەمریکا، ئەڤ راســـتی نەڤەشارتینە، گەلەك جاران بو ئێکلایی کرنا کێشە و ئالوزیێن سیاسی ل ئێراقێ، وان وەکو ئەمریکا، پێویستی ب هێز و توانایا بەرپرســـێن سیاسیێن هەرێما کوردســـتانێ هەبویە. ئەڤە ژی هوکارن، کو پێگەها کورد، هاوپەیمان، پشـــتەڤان و دوســـتێن کوردان ل ئەمریکا زێدەتر دبن، و بگرە ئاشکرا ژی ئاماژە ب هندێ دکەن پێویستە ئەمریکا پشتەڤانی ژ دروســـتبونا دەوڵەتا کوردی بکـــەت. ئەگەر نا، ب گرینگ تێتە دیتن ئەمریکا پێداچون ب سیاسەتا خوە یا « ئێك ئێراق» بکەت. دارشتنا پروژەیێ پێدانا چەك ب شـــێوەیەك راستەوخو بو هەرێما کوردستانێ ژ ئالێی هندەك سیناتوران ڤە، هەرە بالکێشترین گورانکارییێن ناڤا سیاسەتا ئەمریکا یە بەرامبەر ب کورد.

هەمی فاکتەرێن ل ســـەری ئامـــاژە پێکری، هاندەرێن ئێـــرو ئەمریکا هەولەك جدی بدەت جورە نێزیکی یەکێ د ناڤبەرا هێزێن کوردی ل سەر ئاستێ روژهەلاتا ناڤین ،دروســـت بکەت ب تایبەتی هەرێما کوردستانێ د گەل پ.ی.د. و پ.ك.ك. هەرچەنـــدە جار جاران ئاماژە ب پەیوەندیێن ئەمریکا ب پ.ی.د. و پ.ك.ك. ڤە هاتییە کرن، بەس فەرمی نەبویە وهوکارێن خوە هەبون: چونکە ئەمریکا د وێ باوەرێ دا بو تورکیا بشێت رولا خوە یا سەرەکی ل سوریا ببینیت.

ژ بەر کو تورکیا نەشیا وێ دلنیاییێ بو ئەمریکا دروست بکەت، بەلکو هەلسوکەوتێ وێ هاوشێوەی ئادارا ٢٠٠٣ ل شـــەرێ دژی ئێراقێ بو، ئەمریکا ب دەستێ بەتال چویە مال. بەس، برێت مەکگورك ب بەلاڤکرنا وێنەیێن کومبونەوەیا خوە د گەل بەرێز ســـەروکی هەرێم مسعود بارزانی و سالح موسلیم هاوسەروکی پی.د. دوماهیك ب هەمی « قســـە و قســـەلوکێن» راگەیاندن و سەر شـــەقامی ئینان، ب تایبەتی ئەگـــەر چاڤ ل ناڤێن بەرپرســـێن ئامادەبوی د کومبونێ دا بێتە کرن: برێت مەکگـــورك، یاریدەدەرێ وەزیـــری دەرەوەی ئەمریکا، ســـتیوارت جونز بالوێزێ ئەمریکا، لایەنی سەربازیش بە تایبەتی ژنرال جون ئالن نوینەرێ ســـەروك ئوباما بو شەرێ دژ ب داعشو ژمارەیەك ژ گەورە ژنەراڵێن پەیوەندیدار ب هێزێن لەشـــکەرێن ئەمریکا و سەروکێ هەرێمی کوردســـتان: زور ئاماژە یان ددرکینیت. ئەڤ رووداوا سیاســـی، ئاماژەیە ب ڤێ راســـتییێ کوژ ئالی سیاســـی ڤە، ئەمریـــکا ل روهەلاتا ناڤیـــن، بنەمایێن «وەبەرهێنان» ل سەر کوردان بونیات نایە.

لـــەورا، ئەڤ هەمبێزکرنـــا پ.ی.د. ژ ئالی ئەمریکا ڤـــە و هەروەها پ.ك.ك. دێ کاریگـــەری یەك بەفرە ل پشـــتی هەلبژارتنان دێ لســـەر هەلسوکەوتێن تورکیا هەبیت بەرامبەر ب کێشـــەیا کورد. وێنەیێ کومبونێ، زەنگا پێداچونێ ب سیاســـەتا ئەنقـــەرێ بەرامبەر ب ســـوریا و پ.ی.د. ب پێویســـت دزانیت و نامەیەکە ژ ئالـــی ئەمریکا بو تورکیا: مـــە ئالتەرناتیڤێ تە ل ســـوریا هەیە. پرس ئەوە، ئەرێ تورکیا ئامادەیە هەمان شاشـــیێن بێن بەرامبەر ب ئەمریـــکا ل ئێراقێ کرین، ل ســـوریا ژی دووبارە بکەت و باجـــەك مەزن بدەت؟ ئەز شـــك دڤێ دا نابینم، ل داهاتـــو ئەمریکا بیتە ئەو هێز کـــو دوماهیك ب ناکوکیێن ناڤبـــەرا پ.ك.ك. و تورکیا بینیت، بەلکو چاڤەرێکرییە. ب تایبەتی ئەگەر بێت و پەیوەندیێن پ.ی.د. و ئەمریکا ژ رێکا راســـت دەرنەکەڤـــن.، ب ئاوایەك ئەگـــەر پ.ی.د. نەکەڤیتە تەلەیا هێزێن هەرێمـــی کو د بەرەیێ دژبەری ئەمریکا شەر دکەن، بەلکو پێویســـتە هەول بدەت سەربەخوی یا خوە یا سیاسی بپارێزیت.

لەورا، وەکـــو دوماهیك ئینان ب ڤـــی بابەتی، هەرێما کوردستانێ، ب هوی بوارێن ئاسایش و ڤەبونا دەرگەهێن جیهانـــی، ب تایبەتی دروســـتکرنا تورێن پەیوەندیێن دیبلوماسی گەش، ب ئەرکێ سەر شانێ خوە بەرامبەر ب نەتەوەیـــا کوردی رابویە: هەرێما کوردســـتانێ بویە لاندکا و ناڤەندا «دیبلوماســـی یا نەتەوەی یا کورد».

هەمی ئاماژێ ژی ڤێ یەکێ دسەلمینن، بەردەوام بونا سەروکێ هەرێمێ ل سەر پوستێ سەروکاتی، گرینگی یەك هەنوکەییە، کومبونا برێت مەکگورك، سالح موسلم ل گەل سەروکی ڤێ یەکێ دسەلمێنن.

---


***زانکویا دهوك، پسپورێ دیپلوماسی و پەیوەندیێن دەرڤەیێن هەرێمێ**

> **گەلەک جاران بو ئێکلایی کرنا کێشە و ئالوزیێن سیاسی ل ئێراقێ، وان وەکو ئەمریکا، پێویستی ب هێز و توانایا بەرپرسێن سیاسیێن هەرێما کوردستانێ هەبویە. ئەڤە ژی هوکارن، کو پێگەها کورد، هاوپەیمان، پشتەڤان و دوستێن کوردان ل ئەمریکا زێدەتر دبن**

> **ب گرینگ تێتە دیتن ئەمریکا پێداچون ب سیاسەتا خوە یا « ئێک ئێراق» بکەت. دارشتنا پروژەیێ پێدانا چەک ب شێوەیەک راستەوخو بو هەرێما کوردستانێ ژ ئالێی هندەک سیناتوران ڤە، هەرە بالکێشترین گورانکارییێن ناڤا سیاسەتا ئەمریکا یە بەرامبەر ب کورد**

# ڕێک دەکەوین که ڕێک نەکەوین

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕوودەدات ئاشکرایە کە ئەو سەرکەوتنە مێژووییانەی پێشمەرگە و شەڕڤانە قارەمانەکانمان بە خوێنی خۆیان تۆماریان کرد و جیهان دانی بە توانست و ئازایەتیاندا نا لە وەستانەوەیاندا بەرانبەر دڕندەکانی دەوڵەتە چەپەڵەکەی ئیسلامی داعیش، هەر خۆمان، کێشەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێممان کرد بە مەلحەمەکەی گلگامێش و لێوەی هەر یەکەمان بەشێوازێك لێکی دەداتەوە و زیرەکی و نیشتیمان پەروەریێتی و ئازایەتیی خۆی لێوە هەڕاج دەکات و هەروەك کەوەکانمان لە یەکتری دەخوێنین بە شێوازێك کە چیتر ئازایەتی و خۆبەخت کردنی کوردان لە بەرەکانی جەنگدا لە هەواڵگەکانی جیهاندا باسیان لەسەر ناکرێت. ئەمەش پێگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانیدا بەڕادەیەکی دیار دابەزاندووە و لەهەمان کاتدا هەوڵێکی بێ ووچان بەردەوامە لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکان و دراوسێکانمانەوە بۆ بەهێز کردنەوەی پێگەی وحکومەتی فیدراڵی بە پشتگرتنی لە بانگەوازی چاکسازیدا و وورده وورده بارەگا نێودەوڵەتیەکان بەرەو بەغداد مل دەنێن؟ ئێمەش لەم هەفتە بۆ ئەو هەفتە، ڕێدەکەوین کە ڕێ نەکەوین.



پ. جەمال ڕەسول محەمەدئەمین*



جێگای داخە کە لە کۆنەوە کوردیان وا پێناسە کردووە کە وەك کەو ڕاوی یەکتری دەکەین و کەس و هیچ لایەنێك پێویست ناکات خۆی لەکەدار بکات بۆ لێدانمان، چونکە ڕێك لە کاتی پێویستدا، خۆمان ملی یەکتری دەشکێنین. ئەمەش هەرچەندە لە مێژوودا ڕویداوە و وەستایەتیی لە ئاوارەیی لە دواوە ڕەوتی ئەموئەومان بۆ نەوەکانمان بەجێ هێشتووە و هیوادارم ئەمڕۆش نموونەیەکی لەو بابەتە لە بەرپا کردندا نەبێت!.

ئەمەش زۆری لە ڕوانگەی منەوە، لەوەوە پەیدا بووە و وا دەر دەکەوێت کە زۆربەی نیشتیمانیانمان، نازانین کە نازانین و بە سادەیی هەڵسەنگاندن بۆ دەوروبەرەکانمان دەکەین هەمە ڕەهەندەیی و ئاڵۆزیی کێشەکەمان لە جێگاو پێگەی خۆیاندا هەژمار ناکەین.

نازانین کە ئێستا کوردستان وڵات نییە، ململانێ لەسەر وڵاتچاکی دەکەین

نازانین کە دەستوورمان نییە، ململانێ لەسەر پەیڕەوی دەکەین

نازانین کە تەنها خۆمان دۆستی خۆمانین، دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتر دەکەین

نازانین کە هێشتا کورسیمان نییە شەر لەسەر ئەوە

دەکەین کە کێ لەسەری دابنیشێت.

نازانین کە گشتمان لە یەك کەشتیداین وچەند پێکەوە جوانین هێندەش پێکەوە چارەمان قورسەو پێکەوە ژێر ئاو دەکەوین و دەخنکێین، هەر یەکەمان هەوڵی خنکاندنی ئەویتر دەدەین.

نازانین کە بەردەوامی و مانەوەی کوردستانی باشوور تەنها ئاسۆیە کە پێشبینی بکرێت دوارۆژی ڕووناکی هەمووومانی لێوە هەڵبێت، هەوڵی لەناو بردنی دەدەین.

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕوودەدات ئاشکرایە کە ئەو سەرکەوتنە مێژووییانەی پێشمەرگە و شەڕڤانە قارەمانەکانمان بە خوێنی خۆیان تۆماریان کرد و جیهان دانی بە توانست و ئازایەتیاندا نا لە وەستانەوەیاندا بەرانبەر دڕندەکانی دەوڵەتە چەپەڵەکەی ئیسلامی داعش، هەر خۆمان، کێشەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێممان کرد بە مەلحەمەکەی گلگامێش و لێوەی هەر یەکەمان بەشێوازێك لێکی دەداتەوە و زیرەکی و نیشتمان پەروەرێتی و ئازایەتیی خۆی لێوە هەراج دەکات و هەروەك کەوەکانمان لە یەکتری دەخوێنین بە شێوازێك کە چیتر ئازایەتی و خۆبەخت کردنی کوردان لە بەرەکانی جەنگدا لە هەواڵگەکانی جیهاندا باسیان لەسەر ناکرێت. ئەمەش پێگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانیدا بەڕادەیەکی دیار دابەزاندووە و لەهەمان کاتدا هەوڵێکی بێ وچان بەردەوامە لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکان و دراوسێکانمانەوە بۆ بەهێز کردنەوەی پێگەی حکومەتی فیدراڵی بە پشتگرتنی لە بانگەوازی چاکسازیدا و وردە وردە بارەگا نێودەوڵەتییەکان بەرەو بەغداد مل دەنێن؟ ئێمەش لەم هەفتە بۆ ئەو هەفتە، ڕێکدەکەوین کە ڕێ نەکەوین.

لەگەڵ گشت ڕێزێکدا بۆ پەرلەمان کە خەونی گشت کوردێکی ڕاست بووە و هاتۆتەدی، ئەگەر من بزانم پێکهاتەکەی چۆن بووە، بڵێیت سیاسەتمەدارەکانمان نەزانن؟ بڵێیت نەزانن کە هێزی کۆمەڵگا لە گشت هێزێك بەهێزترە؟ بڵێیت نەزانن کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، هەر کەسایەتییەك بێت، ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگاوە کەمتر پێناسەی لایەنە تایبەتەکان دەکات کە ئێستا پەرلەمانیان پێکهێناوە؟ ئێمەش لەم هەفتە بۆ ئەو هەفتە، ڕێکدەکەوین کە ڕێ نەکەوین.

بڵێیت نەزانن کە ئەو جەمسەرگیریەی کە فەرمانڕەوا عەرەبە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا بەرپایان کرد لە دوورخستنەوەی کورد نەك لە ناوچە عەرەبنشینەکان بەڵکو ڕاوەدوونانی کورد لە ناوچە کوردستانیەکانیش بە ئەنفال و کیمیا باران و گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئاوارەکردنی ئەوەی مابوو هەتا بتوانن ناوی شارو گوندەکان بگۆڕن و عەرەبنشینیان بکەن، ئێستا بەخواستی خۆمان عەرەبنشین دەکرێین و شەقلوجەمان بۆ دێتە فەرهەنگەوە و گەنجەکانمان بەلێشاو کوردستان جێ دێڵن و چەندیان لە دەریاکاندا دەخنکێن؟ ئێمەش لەم هەفتە بۆ ئەو هەفتە، ڕێکدەکەوین کە ڕێ نەکەوین.

ئەو بارودۆخەی ناوێکی وەك گوڵاڵە تێیدا گۆڕا بە جەلەولا، جیاواز بوو لەم بارودۆخەی شەقڵاوەی تێدا گۆڕا وە بە شەقلوجە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێت چاوەڕوان بکەین کە کامپەکانی قۆڕەتوو و عەربەت و بەحرکەو داودە و دەیانی دیکە ببنە قازا و ناحیەی تازە لە ناو جەرگەی هەرێمداو داوای پشکی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و پارێزگاکانمان بکەن و ئێمەش لەم هەفتەیەوە بۆ ئەو هەفتەیە ڕێکدەکەوین کە ڕێك نە کەوین. لێرەشدا، ئەم دێڕە هۆنراوەیە بە ئازارەوە لە جێی خۆیدایە:

قاسپە قاسپی کەو دێ
لە ناو شار و لە بن دێ
وا کوردستانی ئازیز
لە بەر چاومان لە بندێ

وەک کوردستانییەکی بێلایەن، چاوەڕوانی ئەوەم لە بڕیاردەرانمان کە هەوڵەکانی سەربەخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دەستکەوتێکی مێژوویی دەبێت بۆ کۆمەڵگاکەمان و بنەمای چارەسەری زۆرینەی کێشەکانمان دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکتردا لەوەی کە وەک بەشێک لە عێراقی عەرەب هەوڵی بۆ بدەین، نەگۆڕن بە ململانێی دەسەڵات و دروشمی "ئەوەی من نەیکەم بانەبێت" وەلا بنێن و بە ستراتیجێکی هاوبەش و هاودەنگ و هاومەبەست و هاودوارۆژ کار لەسەر گرنگیدان بە پەروەردەو خوێندنی باڵا و دەستەبەرکردنی هەلی کاری شایستە بۆ گەنجەکانمان بە پێی شایستەیی و بە بێ جیاوازی و ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگا بە پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی گشتگیر لە بەڕێوەبردندا و ڕاستکردنەوەی هەر چەوتییەک لە هەر لایەک بێت پێش ئەوەی کۆمەڵگا پشکی ڕادیکاڵی هەڵبژێرێت و وەک خۆمان نەخۆمان وتوە، بۆ ڕیش بچین سمێڵیشی لەبار بنێین.

---

*** ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**لەگەڵ گشت ڕێزێکدا بۆ پەرلەمان کە خەونی گشت کوردێکی ڕاست بووە و هاتۆتەدی، ئەگەر من بزانم پێکهاتەکەی چۆن بووە، بڵێیت سیاسەتمەدارەکانمان نەزانن؟ بڵێیت نەزانن کە هێزی کۆمەڵگا لە گشت هێزێک بەهێزترە؟ بڵێیت نەزانن کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، هەر کەسایەتییەک بێت، ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگاوە کەمتر پێناسەی لایەنە تایبەتەکان دەکات کە ئێستا پەرلەمانیان پێکهێناوە**

**وەک کوردستانییەکی بێلایەن، چاوەڕوانی ئەوەم لە بڕیاردەرانمان کە هەوڵەکانی سەربەخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دەستکەوتێکی مێژوویی دەبێت بۆ کۆمەڵگاکەمان و بنەمای چارەسەری زۆرینەی کێشەکانمان دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکتردا لەوەی کە وەک بەشێک لە عێراقی عەرەب هەوڵی بۆ بدەین، نەگۆڕن بە ململانێی دەسەڵات و دروشمی "ئەوەی من نەیکەم بانەبێت" وەلا بنێن**



**بارزانی لە مێژووی خێزانەکەی و مێژووی میللەتەکەی باش تێگەیشتووەو دەزانێت چۆن بانگەشەی سەربەخۆیی بکات و چی بۆ کورد بەدەست بهێنێت**

*** سووریا وڵاتێکی کاولبووە، ئەو وڵاتە بە دەست کاولکاری و شەڕی ناوخۆیی خوێناوییەوە دەناڵێنێت، ئێستاش ڕەهەندێکی دیکە بۆ هاوکێشەکە زیاد بووە، ئەویش بریتییە لە بەشداریکردنی سەربازیی رووسیا لەو ناکۆکییەدا، ئەم تێوەگلانەی رووسیا چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- پێموایە ئەم ململانێیەی سووریا بۆ چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت. هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە گرووپەکان تەواو جیاوازن و زۆر قورس دەبێت بۆیان کە بگەن بە ڕێککەوتنێك کە باوەڕ بە لایەنی بەرامبەر بکەن. پێموایە تێوەگلانی رووسیا لە ئێستادا ئەگەری ئەوە زیاتر دەکات کە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت.

*** پێتوا نییە بەپێچەوانەوە ئەم تێوەگلانەی رووسیا ببێتە هۆی ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان بە سازان و چارەسەرێك بگەن؟**

- مەسەلەی سەرەکی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی ئەوەیە کە ئایا یەکەم جار چی بکەن؟ ئایا هەوڵ بدەن داعش تێکبشکێنن، یان ڕژێمی ئەسەد لەناو بەرن؟ وڵاتە یەکگرتووەکان گرنگی داوە بە شەڕکردن لەگەڵ داعش، بەڵام هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی سعودیە و تورکیا زیاتر گرنگی بە کەوتنی ئەسەد دەدەن و پێیانوایە کە دەبێت کەوتنی ئەسەد لە سەرەتادا بێت، بۆیە لە هێرشکردنە سەر داعش بە کەمی بەشداری دەکەن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت وڵاتە یەکگرتووەکان بگات بەو دەرئەنجامەی کە ئەسەد دەبێت سەرەتا لەناو ببرێت، بۆیە ئێستا دەستێوەردانی رووسیا ڕێگە نادات بەوەی کە ئەسەد بکەوێت، ئەمەش ئەگەری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە ئەم وڵاتانە- تورکیا و سعودیە- هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن و بگەن بە ڕێککەوتنێك کە ئەسەد ڕۆڵ بگێڕێت لە قۆناغی گواستنەوەدا، ئەمەش جێی ئومێدە و پێموایە تێکشکانی داعش لە ماوەیەکی کورتدا بەبێ گەیشتن بە جۆرێك لە ڕێککەوتن تا رادەیەك قورسە.

*** بەڵام ئەگەر چارەسەری لابردنی ئەسەد لەبەرچاو بگرین، هەندێك لە توێژەران پێیانوایە کە هەتا بارودۆخەکە نەگات بەو ئاستەی کە لایەنە ناکۆکەکان نەگەن بەو قەناعەتەی کە ئەو بە بنبەست گەیشتنەی لەئارادایە لە زیانی هەردوولا تەواو دەبێت، ئەوا لایەنە بەشەڕهاتووەکان ناگەن بە سازان. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بارودۆخی ئێستای ئەو وڵاتە لەسەر ئەرزی واقیع لێکدەدەیتەوە و ئایا پێتوایە دەتوانن بە سازان یان ڕێککەوتنێك بگەن؟**

- لە بەر چەندین هۆکار لایەنەکان ناتوانن بگەن بە ڕێککەوتن. کاتێك گرووپە شۆڕشگێڕەکان لە ناو یەکدا بە تەواوی جیاوازن، زۆر قورس دەبێت کە بگەن بە ڕێککەوتنێك

## داڤید سیدهارتا پاتیل
## تایبەتمەند لە سەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# هێرشەکانی رووسیا لە سووریا هەوڵێکە بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد

**داڤید سیدهارتا پاتیل پرۆفیسۆرە لە زانکۆی کۆرنێڵ و ئەندامی پرۆگرامی دیراساتی ئاشتییە لە هەمان زانکۆ. ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی ستانفۆرد بەدەستهێناوە. تایبەتمەندە لە بوارەکانی سیاسەتی بەراوردکاری «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئەزموونی هەیە لە بواری توێژینەوە لە سەر وڵاتانی عێراق و یەمەن و سووریا و مەغریب و لوبنان. نووسینی هەیە لە بواری ئەوەی چۆن رێساکانی هەڵبژاردن و باری دانیشتووان کاریگەرن لەسەر ئەدای پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان، هەروەها نووسینی هەیە لە بواری پرسی شوناس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گوڵان چەند پرسیارێکی سەبارەت بە رەوشی ئاڵۆزی ناوچەکە و شەڕی ناوخۆیی و خوێناوی لە سووریا و ئایندە و پێگەی کورد لەم نێوەندەدا، ئاراستەی ئەو کەسایەتییە کردووە و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

و بە تەواوی قورسە کە بتوانن باوەڕ بە یەك بکەن و لە داهاتوودا رێز لە رێککەوتنەکە بگرن. دەزانم کە پێتوایە شەڕی ناوخۆ بەوشێوەیە کۆتایی دێت، بەڵام لە راستیدا وا نییە، شەڕێ ناوخۆ لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی سووریادا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، لەوانەیە بۆ ساڵان و تەنانەت چەندین دەیە. پێموایە هەرچەندە رێگەکان داخراو بن، هەروەك لە شەڕی ناوخۆی لوبناندا، هەرچەندە بە بنبەست گەیشتبوو، بەڵام ئەمە وای نەکرد بەئاسانی بە رێککەوتن بگەن. کاتێك گرووپەکان دەبینن دەتواندرێت سازان دروست بێت، بەمەش زەرەرمەند دەبن، ئەوا قازانجیان لەوەدا دەبێت کە تێکی بدەن. ئەو هاوپەیمانییەی ئێستا لە نێو گرووپەکاندا هەیە لە سووریا زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت، لە کاتی درووستبوونی سازان کە هەندێك گرووپ دەخاتە پێش هەندێك گرووپی دیکەوە. پێموایە گەیشتن بە رێککەوتن لە سووریا ئەگەری زۆر کەمە، ئەگەر دەتەوێت راستگۆ بم لەگەڵت، باشترین سیناریۆ بۆ سووریا ئەوەیە وەك سۆمالی ئەمڕۆ وایە کە بەشێك لە وڵات بە واقیعی هەیە، بەڵام بە تەواوی سەربەخۆ نییە، لەوانەیە ئەم بەشانە وەك وڵاتانی سەربەخۆ نەناسرابن، بەڵام سەقامگیرن و وەك وڵاتێکی سەربەخۆ کاردەکەن. لە زۆربەی بەشەکانی سۆماڵدا چەندین گرووپی جۆراوجۆر هەن. هەندێك جار هەندێك گرووپ کۆنترۆڵی دەکەن و هەندێك جاریش جیادەبنەوە. پێموایە سووریاش بە هەمان شێوەی لێدێت.

*** لەبەر ئەوەی ئێمە دراوسێی سووریان و پێمانوایە ئەگەر ئەو رێگەیەی دانراوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سووریا رێگەگرتن بێت، ئەوا ئەنجامەکەی شکستە. ئەگەر ستراتیژییەکە ئیحتواکردن بێت، ئەوا ئەنجامەکە زۆر کارەسات دەبێت و سەرئەنجام وڵات دابەش و وێران بووە لەلایەن ئەکتەری نادەوڵەتییەوە و وڵاتانی دراوسێی وەك ئێمەش بەدەست ئەمەوە دەناڵێنن، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە، چ بژاردەیەك هەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەم حاڵەتە بیگرێتەبەر؟**

- هەموو ئەمانە روون و راستن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەلتەرناتیڤ چییە؟ پێم بڵێ دەتوانی ئەوە ببینی کە سعودیە و ئێران لە سەر یەك مێز دانیشن و گفتوگۆی ئەوە بکەن چی لە بەرژەوندی سووریادایە؟ کەواتە مەبەست لە چارەسەری ناوچەیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چییە؟ پێتوایە دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ٣٥٠ هەزار سەرباز وەك ئەوەی لە عێراق کردی سەقامگیری بۆ سووریا دەهێنێت؟

*** ئێمە ئەزموونی دەستێوەردانی ئەمریکامان هەیە و**

**وڵاتانی رۆژئاوا کاتێک شەڕی ناوخۆی سووریا دەستی پێکرد، زۆر شتی کەمیان کردو زۆر کەس پێیوایە بەرپرسیارن و وڵاتانی دراوسێش بەرپرسیارن. سعودیە و کوەیت و ئیمارات کە هەم حکومەت و هەم خەڵکەکانیان پشتگیری چەند گرووپێکی شۆڕشگێڕیان لە سووریادا دەکرد، ئەوانیش بەرپرسیارن**

**ئێستا عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە. لە سووریادا کە دەستێوەردان نەکراوە، بە هەمان شێوە وڵات تێکچووە و لە لیبیاش کە ئەمریکا بە کەمی دەستێوەردانی کرد، هەر بە هەمان شێوەیە، بۆیە دەمەوێت ئەو پرسیارەت لێبکەم، چۆن سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەبینی کاتێك هەر سێ نموونەکەمان هەیە دەستێوەردان و دەستێوەرنەدان و بە کەمی دەستێوەردان و ئەنجامەکان هەر یەك شتن؟**

- پێموا نییە هەمان شت بن. بارودۆخەکان جیاوازن. بەڵام لە ئێستادا پێموایە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە دەستێوەردان نەکات، ئۆباما پێیوایە دەبێت سەرەتا ئەسەد لە دەسەڵات لابەرێت. مەسەلەکە ئەوەیە خەڵکی لە ئیدارەی ئۆبامادا ئێستا ئەو گفتۆگۆیەیان بیستووە سەبارەت بە پێویستی دەستێوەردان لە سووریا، بەڵام لە دەرئەنجامە پێشبینی کراوەکانی دەترسن کە سەرهەڵدەدات. بە بۆچونی من وڵاتە یەکگرتووەکان زیاتر لەوە ناکات کە تائێستا کردوویەتی، هەتا سەرۆکێکی نوێ نەبێت، ئێستا ئۆباما داعش لە سووریا و عێراق بۆردومان دەکات و یارمەتی سەربازی بۆ حکومەتی عێراقی دابین دەکات و هەوڵدەدات پەرە بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەو بدات لە سووریا، پێموا نییە هەتا هاتنی سەرۆکێکی نوێ چاوەڕێی شتی دیکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بکرێت، ناشزانم ئەو سەرۆکە نوێیە چۆن بارودۆخەکە دەبینێت.

لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ دا کوردەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبوو دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن، بەڵام نەیانکرد، زۆر بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتیان کرد و ئێستاش گەیشتوونەتە ئەوەی کە بە لانی کەمەوە لە ماوەیەکی کورت، یان مامناوەند ئۆتۆنۆمیەکی دیفاکتۆیان هەبێت

*** کوردەکانی سووریا زۆر گرنگن لە شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و شەڕێکی پاڵەوانانەیان کردووە، بەتایبەتی لە کۆبانێ بە یارمەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە هێرشی ئاسمانی دابین کرد، هەروەها پێشمەرگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشدارییان تێدا کرد. لە ئێستادا کوردەکانی سووریا ئیدارەی خۆیان دروست کردووە و بەرەو جۆرێك لە سەربەخۆیی دەچن، چۆن داهاتووی کوردەکان لە سووریادا دەبینی؟**

- پشت دەبەستێت بەوەی تاچەند دەڕۆن. پێموایە تورکیا ڕێگە نادات کە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لە سووریادا سەرهەڵبدات و پێموا نییە تورکیا بیەوێت ڕۆژئاوا سەربەخۆ بێت. پێشنیاری تورکیا ئەوەیە کە ناوچەی ئارام هەبێ و لە باکووری سووریا دروست بکرێت، کە ئەمریکا ئاسمانی کۆنترۆڵ بکات و پەنابەرانی تێدا بن و سەرجەم ئۆپۆزسیۆنی سووریای تێدا بێت، ئەمەش لە ڕووی ستراتیژییەوە دەکەوێتە ناو ڕۆژئاواوە و دابەشی دەکات. سەیر بکە تا ئێستا تورکیا چی کردووە، شوێن ئەو گرووپە کوردییانە کەوتووە لە سووریا کە سەر بە پەکەکەن، بۆیە پێموایە زۆر قورسە تورکیا ڕێگە بدات دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ سەرهەڵبدات، بەڵام کوردەکان زیرەك بوون، گەر بگەڕێینەوە بۆ چەند دەیەیەك لەمەوپێش، دەبینین گرووپە کوردییەکان دەرفەتی ئەوەیان بینیوە کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، چەندین جار، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم مەملەکەتێکی کوردی لە سلێمانی هەبوو، پاشان نەما، هەر بۆ ماوەیەکی زۆرکەم پاش جەنگی دووەمی جیهانی، کۆماری کوردستانیان لە مەهاباد ڕاگەیاند -لە گۆڕەپانی چوارچرا و لە سەر ردەستی قازی محەمەد-، ئەم دەرفەتانەیان بینیوە و شکستیان خواردووە. پێموایە کوردەکان لەمەوە شت فێربوون، بەتایبەتی بارزانی. بارزانی لە کوێ لەدایك بووە؟ لە مەهاباد لە دایك بووە، باوکی وەزیری بەرگری بووە لەوێ. کوردەکان ئەو هەڵانەیان بیردێتەوە، ئەو دەرفەتانەیان بینیوە لەبەر شەڕی نێودەوڵەتی و دەبینن لە هەردووکیاندا شکستیان هێناوە، سەیرکە لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ دا کوردەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبوو دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن، بەڵام نەیانکرد، زۆر بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتیان کرد و ئێستاش گەیشتوونەتە ئەوەی کە بە لانی کەمەوە لە ماوەیەکی کورت، یان مامناوەند ئۆتۆنۆمیەکی دیفاکتۆیان هەبێت. پێموایە کوردەکان لێرەدا زۆر زیرەکن، سەیری مێژووی خۆیان کردووە و تێگەیشتوون کە ئەو کاتەی هەوڵیان داوە و گەیشتوون بە سەربەخۆیی شکستیان هێناوە، لە ئێستاشدا زۆر بەرپرسیارانە چاوەڕێ دەکەن. ئەگەر ئەمەش لە سووریا بکەن باشە، بەڵام ئەگەر هەڵە بکەن، وەك ئەوەی لە پاش هەردوو جەنگی یەکەم و دووەم جیهانی کردیان، ئەوا هەر وەك مەملەکەتی کوردستان و کۆماری مەهاباد دەڕووخێندرێن.

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم مەملەکەتێکی کوردی لە سلێمانی هەبوو، پاشان نەما، هەر بۆ ماوەیەکی زۆرکەم پاش جەنگی دووەمی جیهان، کۆماری کوردستانیان لە مەهاباد ڕاگەیاند

*** لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە حکومەتی ناوەندی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی عێراق بڕیوە و ڕێگەشی گرتووە کە کوردستان خۆی نەوت بفرۆشێت کە جۆرێکە لە سزای ئابووری. لەلایەکی دی بە هۆی کەوتنی موسڵ و هاتنی داعش بۆ عێراق، کوردستان پڕ بووە لە ئاوارە و بووەتە بارێك بە سەر کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا بارزانی ڕێگەی بەرەو سەربەخۆیی کوردستانی گرتۆتەبەر، چۆن ئەمە دەبینی؟ هەروەها وەك دەبینین تەنها هێز کە بەرپەرچی داعش بداتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، پێتوا نییە پێشمەرگە بووەتە مۆدێلێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و کوردستانیش بە مۆدێلێك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە؟**

- پێموایە کوردستانی عێراق لە ئێستادا مۆدێلێکە بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا. هەر لە ٢٠٠٣وە بووەتە مۆدێلێك بۆ هاوکاری و بەلانی کەمەوە لە نێوان یەکێتی و پارتی، ئەمەش پیشانی دەدات کە ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ یەك ناکۆکن لە ڕووی ناوچەییەوە و سیاسەتی

جیاوازیان هەیە، هێشتا دەتوانن پێکەوە حوکم بکەن، بۆیە بەم مانایە مۆدێلێکە بۆ ناوچەکە. بەڵام پێموایە لێدوانەکانی بارزانی بۆ مەبەستی گفتوگۆکردنە، بۆ بەدەستهێنانی یارمەتییە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپاوە. بارزانی لە مێژووی خێزانەکەی و مێژووی میللەتەکەی باش تێگەیشتووە دەزانێت چۆن بانگەشەی سەربەخۆیی بکات و چی بۆ کورد بەدەست بهێنێت، پێموایە ئەو زۆر دانایە و تا ئێستا بەرگەی ئەم هاوکێشەیەی گرتووە. من لێدوان نادەم لە بارەی ئەوەی پێویستە کوردستان سەربەخۆ بێت، یان نا، بەڵام ئەو دەزانێ تورکیا و ئێران کاردانەوەیان چۆن دەبێت، گەر کوردستان بانگەشەی سەربەخۆیی بکات. دەزانێت گرووپە جیاوازەکان چۆن دەکەونە بەر مەترسی گەر کوردستان بانگەشەی سەربەخۆیی بکات. بۆیە دووبارە هەرچەندە دەرفەت و ساتێك هەیە بۆ ئەوەی ئەوە بکەن، بەڵام کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژوو و دەبینن چۆن بە تەنیا هەوڵیان داوە ئەو ساتە ببینن و شکستیان هێناوە، ئەوا لە ساتەکە رادەکەن و پێیانوایە دەبێت پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، لە ئێستاشدا ئەوە نییە، نە لە ناوچەکە و نە هێشتا لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپاوە.

*** ئەمەمان لەگەڵ شارەزایەکی ئیسرائیلی باس کرد، وتی: وڵاتەیەکگرتووەکان سەرەتا لەگەڵ سەربەخۆیی ئیسرائیلدا نەبوون، بەڵام لە دواییدا یەکەم وڵات بوون ئیعترافیان پێکرد. ئایا کوردیش کە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە دەتوانێت ئەم ئەزموونە دووبارە بکاتەوە؟**

– ئێوە کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت نین لە جیهاندا، زۆر نەتەوەی دی هەن لە وڵاتانی گەورەتردا و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نییە، بۆ نموونە لە هیندستان چوار بۆ پێنج گرووپ هەن وەك بنجابەکان کە دەوڵەتی خۆیان نییە، زمانی خۆیان و تەنانەت بزووتنەوەی سەربەخۆشیان لەناو هەندێکیاندا هەیە. دەتوانین بڵێین کوردەکان گەورەترین گرووپن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەوڵەتی خۆیان نییە، نەك لەجیهاندا.

*** وەك دەزانن پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیادا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو گۆڕاوە. پێتوایە هیچ تەنگژەیەك بێتە ئاراوە لە ناوچەکەدا گەر هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی بڕوات؟**

– بە دڵنیاییەوە تورکیا و ئێران دژی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دەوەستنەوە، لەبەر ئەوەی مەترسی دەخاتە سەر سەقامگیری لە وڵاتەکانیاندا. پێموایە دەوڵەتی دیکەش هەن لە ناوچەکەدا وەك میسر کە دژی سەربەخۆیی کوردستانە، لەبەر ئەوەی دەترسێت گرووپەکانی تر نەك هەر لە وڵاتەکەی خۆیدا بەڵکو لە یەمەنیش، ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و سەربەخۆیی رابگەیەنن و بەو ئاراستەیەدا بڕۆن. بۆیە پێموایە هەموو فاکتەرە ناوچەییەکان دژی کوردن بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی لە ئێستادا. دەزانم کە ئارەزوویەك هەیە بۆ ئەوە، بەڵام سەیری پێگەی کوردستان بکەن، هیچ دەربەندێکی ئاویان نییە، ئۆتۆنۆمی کوردستان باشی هێناوە، یەکێك لەو هۆکارانەی وای کردووە باش بێت، ئەوە بووە کە دەربەندەکە لە لێوەی دەربچن لە عێراقەوە بووە، یان لە سنووری نێوان تورکیا و عێراق، ئەو سنوورەی کەلوپەلی تورکیای لێ دێتە ناو کوردستان لەبەر ئەوەیە کە کەلوپەلەکان دەچێت بۆ عێراق، کە لە پڕدا ئەم سنوورە داخرا، عێراق چەند دەریچەی دەبێت بۆ بازاڕەکانی عێراق، وەك سعودیە و کوەیت و ئێران، ئیتر ئەو قازانجانەی کە کوردستان هەیبووە، چیتر نایمێنێت. هەتا درێژ نەبێتەوە بۆ دەریای ناوەڕاست بە ناوچە کوردییەکاندا تێنەپەڕێت، زۆر قورس دەبێت. بۆ نموونە ئەلبانیا هێشتا ناکۆکی لەگەڵ دراوسێیەکانی هەیە لە بارەی رێگەی گەیشتنی بە دەرەوە، یان ئەرمینیا هێشتا لە گەڵ ئازەربایجان ناکۆکە لەسەر ئەم مەسەلانە. پێموایە زۆر قورس دەبێت بۆ بارزانی کە تەنیا لە کوردستانی عێراق سەربەخۆیی رابگەیەنێت، لەبەر ئەوەی هەڕەشە دەبێت بۆ تورکیا و ئێران و ئەوانی تر لەناوچەکەدا کە کوردی تێدایە.

*** پێتوانیە وڵاتانی رۆژئاوا بەرپرسیار بن لەو لێشاوی پەنابەرانەی کە رێگەی مردن بەرەو ئەوروپا دەگرنە بەر، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا ئەوەی دەبوایە بیانکردایە، نەیانکرد؟**

– وڵاتانی رۆژئاوا کاتێك شەڕی ناوخۆی سووریا دەستی پێکرد، زۆر شتی کەمیان کردو زۆر کەس پێیوایە بەرپرسیارن و وڵاتانی دراوسێش بەرپرسیارن. سعودیە و کوێت و ئیمارات کە هەم حکومەت و هەم خەڵکەکانیان پشتگیری چەند گرووپێکی شۆڕشگێڕیان لە سووریادا دەکرد، ئەوانیش بەرپرسیارن. پێموایە حکومەتی ئێران و تا رادەیەك حکومەتی عێراقیش کە پاڵپشتی رژێمی ئەسەدیان دەکرد و قبووڵیان بوو رژێمی ئەسەد بۆردومانی خەڵکی خۆی بکات و چەکی کیمیاوی لە دژی خەڵکی خۆی بەکاربهێنێت، ئەوانیش هەر بەرپرسیارن. نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو وڵاتانی جیهان دەبێت بەرپرسیاریی کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی هەڵگرن. ئەو خەڵکانەی وڵاتانی خۆیان بەجێ دەهێڵن لەبەر رەوشی لە سووریا هەروەك ساڵی ١٩٤٨ی قەیرانی پەنابەرانە لە کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئیسرائیل و بۆ چەندین دەیە لە داهاتوودا لەگەڵمان دەمێنێتەوە، بۆ دۆزینەوەی جێگەیەك بۆ ئەو خەڵکە، ماڵێك بۆیان لە جیهاندا. دیاریکردنی ئەوەی کێ بەرپرسیارە لەمانە خۆی لەخۆیدا بیرکردنەوەیەکی گریمانەییە و هیچ بەرهەمێکی نابێت.

**شەڕی ناوخۆ لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی سووریادا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، لەوانەیە بۆ ساڵان و تەنانەت چەندین دەیە**

**وڵاتە یەکگرتووەکان گرنگی داوە بە شەڕکردن لەگەڵ داعش، بەڵام هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی سعودیە و تورکیا زیاتر گرنگی بە کەوتنی ئەسەد دەدەن و پێیانوایە کە دەبێت کەوتنی ئەسەد لە سەرەتادا بێت، بۆیە لە هێرشکردنە سەر داعش بە کەمی بەشداری دەکەن**

### فازل سامر سەرۆكی یەكێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# عێراق میراتی سیاسەتی حوكمڕانە دیكتاتۆرەكانەو هەر لایەنێكی سیاسی دەیەوێت خواستی خەڵك بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكاربهێنێت



**فازل سامر نووسەرو رەخنەگرو رۆشنبیرێكی عێراقییەو هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە زمانی ئینگلیزی و بەدەیان وتاری رۆشنبیری و رەخنەیی نووسیوە وێڕای نووسین و بەچاپگەیاندنی دەیان رۆمان و چیرۆك، هەروەها بەشداریی كارای لە چەندین كۆنگرەو سیمیناری ئەدەبی و سیاسیدا كردووە، ئێستاش سەرۆكی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقە، لە دەرفەتێكدا (گوڵان) چەند پرسیارێكی سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراق و چاكسازییەكانی ئێستای حكومەتی فیدراڵ و ئاییندەی ناوچەكە ئاراستەكردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.**

*** وەك كەسایەتییەكی ناسراو چۆن دەڕواننە رەوشی ئێستای عێراق، كە لەسەرەوە بە ئەرێنی باس دەكرێ، كەچی لە خوارەوە تا بڵێین نەرێنی و رووەو شكست و كارەساتبارە؟**

- عێراق میراتێكی بۆماوەیی دێرین و لە مێژینەی سیاسەتی ئەو حوكم و دیكتاتۆرانەیە كە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، یەكەمیان سیاسەتی چەوتی سەدام حوسێن، دووەمیان سیاسەتی داگیركاریی، سێیەمیشیان سروشتی پێكهاتەی سیستەمی سیاسیی وڵات كە دوای رووخانی سەدام و رۆیشتنی هێزی داگیركەر هاتە ئاراوە، ئەو پێكهاتە تایفەگەرییەی كە لەسەر بنەمای پشكایەتی بنیادنرا، كە دەرئەنجام كۆمەڵێك سیاسەتوان پەیدابوون و حوكمڕانیی عێراقیان گرتە دەست كە بە حەڵاڵ و بە حەرام و لەسەر حیسابی هاووڵاتیان خۆیان دەوڵەمەند كرد، ئەم كردارە بووە هۆی ناسەنگیی لە هاوكێشەكان و پەكخستنی چالاكی و پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە وڵاتدا، ئەمە وێڕای ئەوەی كە كاریگەریی راستەوخۆی هەبوو بۆ سەر شێواندن و بەلاڕێدابردنی پرۆسەی دیموكراسی كە دەستوور بۆ بنیادنانی عێراقێكی نوێ دەست نیشانی كردبوو، دواتر بووە هۆی هێنانەكایەی رەوشێكی نەخوازراو بە ئاراستەی ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندیی تایبەتی، ئێمە لە ئێستادا رووبەڕووی چەندین قەیران بووینەتەوە، قەیرانی دارایی و سیاسی و ئەمنی و رۆشنبیری كە وا دەخوازن چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا سەركردەی بەو شێوەیە دڵسۆزو ئینتیمادارانە پەیدا نەبوونە كە چارەسەری ئەم قەیرانانە بكەن، لەسەر ئەم هەموو كەموكورییانەش كاتێ بەراوردی رەوشی ئێستا دەكەم لەگەڵ رەوشی سەردەمی سەدام دەبینم كە گۆڕانكارییەكی كوالیتی تا رادەیەك بەرچاو هاتۆتەئاراوە، بۆیە ناكرێ رەحم بە هیچ رژێمێكی پێشوو بكەین چ سەردەمی پاشایەتی یان سەردەمی سەدام حوسێن، بەڵكو پێویستمان بە كۆمەك و یەكگرتنی هەوڵی هەموو لایەنە سیاسییەكان هەیە، هەروەها خوێندنەوەیەكی تازەی رەوشەكە، لەسەر هەموو هێزو لایەنەكان بە پێشكەوتووەكانیشەوە پێویستە بەخۆیاندا بچنەوەو دان بە هەڵەكانیاندا بنێن، تاكو خەڵكەكە هەست بە ئازادی بكات، ئەو راپەڕین و خۆپیشاندانانەش گوزارشت لە نادادپەروەری و نایەكسانی و ستەم و چەوسانەوە دەكەن كە میللەت بەدەست حوكمڕان و كاربەدەستانەوە پێوەی دەناڵێنن، بۆیە رەوشەكە ئێستا وا دەخوازێت كە هەموو لایەك بۆ بنیادنانی سیستەمێكی تازەی حوكمڕانیی كاربكەن، بەڵام دوور لە ئیسلامی سیاسی، چونكە ئەستەمە لە عێراق دەوڵەتێكی ئیسلامی دابمەزرێ لەبەر بوونی جیاوازیی نێوان مەزهەبی شیعەو سوننە و لایەنەكانی دیكە، چەنكە ئەگەر ئەم بیرۆكەیە سەربگرێت ئەوا دەبێتە هۆی دابەشبوونی كۆمەڵایەتی و سیاسی و كەلتووری و پەرتەوازەبوونی هێزو لایەنەكان لەنێو خۆیاندا، ئەمەش بەوە سەردەگرێت كە رێگە بگیرێت لە بوونی دەسەڵاتی هێزی ئیسلامی و مەزهەبی لە جومگەكانی حوكمڕانیی وڵات، هاوكات رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی هێزی چەكداریی مەزهەبی و ئایینی، چونكە هەروەكو دەبینین كە ئەم جۆرە رەفتارانە بە پێكهێنانی هێزی مەزهەبی خەڵكەكەی نارەحەت كردووەو بێزارییەكی زۆری هاووڵاتیانی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە من پێموایە بوونی ئەو خۆپیشاندانانەی گۆڕەپانی تەحریر لە بەغداو لە پارێزگاكانی دیكە هێمای دیموكراسییە

بە ئاراستەی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی جەماوەر، چونکە ناکرێ پرۆسەی دیموکراسییەت پشتگوێ بخرێت یان بەش بەش بکرێت، چونکە پرۆسەیەکی یەکگرتووی تەواوکارەو پێویستە ئاکامی ئەرێنی لێبکەوێتەوە، بۆیە من زیاتر دووپاتی ئەوە دەکەمەوە کە پێویستە دەرفەت بە بزاڤی رۆشنبیری بدرێت تاکو رێکخراوەکانی رۆشنبیریی عێراقی بتوانن رۆڵی خۆیان لە هەر گۆڕانکارییەکدا ببینن کە میللەت خەباتی بۆ دەکات، هاوکات پێویستە بوار بدرێت بە گەنجان و ئافرەتان و ئەکادیمیستان و رۆشنبیران کە بەشداری لە پەرەپێدان و گۆڕانکارییەکاندا بکەن و ئەو دەموچاوە سواوو تەقلیدییانە لابەرن کە خەڵکەکە لێیان بێزاربووە، هەروەها پێویستە ئەو کەس و هێزانە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت کە سامانی ئەو وڵاتەیان بە ناحەق بردووەو بدرێنە دادگاو میللەتیش هەست بەوە بکات کە دادپەروەری و یەکسانی و ئازادیی رادەربڕین خەریکە بەردەدات و دواتر لە سایەیدا بحەسێتەوە.

*** هەر وەکو ئاماژەتان پێکرد ئەو چالاکی و خۆپیشاندانانە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و لێپێچینەوەیە لە گەندەڵکارو ئەو کەسانەی کە میللەت دەچەوسێننەوە، بەڵام دەبینین بۆ نموونە مەرجەعییەت داوادەکات کە ئەم چاکسازییانە راستەقینە بن، وەك بڵێی گومان لە ئەنجامدانیان هەبێت، رای ئێوە لەم بارەوە چییە؟**

- راستە، ئێمە بینیمان لە بەهاری عەرەبیدا، جەماوەر رادەپەڕێت و داوای مافەکانی خۆی دەکات، کەچی دەبینین هێزە سیاسییەکانیش بە ئۆپۆزسیۆنەوەش هەر یەکەیان لە هەوڵێی ئەوەدایە پارچەیەك لەو کێکە ئامادەیەی بەربکەوێت، بۆ نموونە لە تونس ئەمە روویدا کاتێ ئیسلامییەکان گەیشتنە دەسەڵات، هاوکات لە میسریش ئەمە هاتە ئاراوە، بۆیە من بەدووری نازانم کە رەنگە مافیاکان و عەشیرەتەکانیش بێنە نێو پرۆسەکەو دواتر کارەساتی بەدوادابێت، ئێمە داوای جێبەجێکردنی داخوازییە راستەقینەکانی خەڵك دەکەین، بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بینیمان چۆن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ململانێی زۆر ئەنجامدرا لە نێوان هێزو حزبە سیاسییەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر و پۆست و سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو پارێزگایانە، دیارە مەبەستی سەرەکیش لەمەدا خزمەتکردنی خەڵکەکە نەبوو بە قەدەر ئەوەی هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و سوودی ماددی و سیاسی، بۆیە من پێموایە سەرکەوتنی ئەم جۆرە پرۆسانە تەنیا لە دانان و هەڵبژاردنی کەسانی شیاوو بەتواناو شارەزا سەردەگرێت، لەو خۆپیشاندانانەدا زۆر شتی نەرێنی و نەخوازراومان بینی کە مەبەست تەنیا بەلاڕێدابردن و چەواشەکاری بوو تاکو ئامانجەکانیان نەپێکن، لەوانە تەشقەڵەکردن بە خۆپیشاندەران و گوشارخستنە سەریان تەنانەت رفاندنی کەسانی بەتوانا کە پێشەنگی ئەو خۆپیشاندانانە بوون، لەبەر ئەوە هەتا ئەگەر حکومەتی بەڕێز حەیدەر عەبادی نیازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری و چاکسازی راستەقینەشی هەبێت، بەڵام کەوتۆتە نێو تەڵەی هەندێ لایەنی سیاسی کە پێیان وایە بەم چاکسازیانە زیانیان بەردەکەوێت، کە ئەمەش تا رادەیەکی زۆر پرۆسەکە دوادەخات، کێشەیەکی دیکە کە لە ئێستادا رووبەڕووی عێراق بۆتەوە ئەوەیە کە چەندین هێزو دەوڵەت بیر لەوە دەکەنەوە کە وڵات پارچەپارچە ببێت و چاویات بڕیوەتە پرۆسەکەو ئاستەنگ و لەمپەر دەخەنە بەردەم سەرکەوتن و بەئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی وەکو ئەمریکا و ئێران و تورکیاو دەستێوەردانی دەرەکیی ناوچەکە لە کاروباری عێراق، هەندێ لەو دەوڵەتانە رێز لە سەروەریی خاکی عێراق ناگرن، جگە لەمانەش هێزە عەرەبییەکان و هەندێ دەوڵەتی ناوچەکە راستەوخۆ پشتگیریی لە تیرۆرستانی داعش و ئەلقاعیدە دەکەن و هاوکارییان دەکەن، دیارە ئەم دەستێوەردانەش مەبەستی دابەشکردنی عێراقە، ئێمە دژی بەهەرێمبوون نین، بەڵام پێویستە بە سازان و رێککەوتن ئەم جۆرە پرۆسانە ئەنجام بدرێن، وەك چۆن هەرێمی کوردستان دامەزراوە، کە رەنگە رۆژێك بێت بەغداش ببێتە هەرێمێکی تەواو سەربەخۆ، تا لەو ململانێ تایفەگەرییانە رزگاری بێت، باشترین رێگە بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە یەکگرتنی هەڵوێست و بیروبۆچوونی هەموو هێزەکانە لەپێناو پاراستنی خاك و میللەت، بە پشتبەستن بە یاساو دەستوور لەمیانی چاوخشاندنەوە بە رێڕەوی پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا.

*** دوا پرسیار ئەوەیە کە دەبینین کێشەی سەرەکیی ئەم عێراقە، زیاتر ململانێ و ناکۆکیی ئایینی و مەزهەبییە لە نێوان سوننەو شیعەدا، کە ئەمە زیاتر کێشەی دیکەشی بەدوای خۆیدا هێناوە، پێتانوایە رۆژێك دابێت ئەم ململانێ و ناکۆکییانە چارەسەر بکرێن؟**

- رەنگە هەندێ جار ئەمە راستییەکە بێت و جاری واش هەیە تەنیا بە شێوەو رووخسار بێت، لەهەمان کاتدا من لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیم کە وا دەزانن کەسایەتیی تاکی عێراقی بەگشتی تا رادەیەك حەز لە ململانێ و توندو تیژی یان دابەشکاریی تایفەگەریی دەکات، رەنگە لە ناهۆشیاریی هەندێ کەسەوە بێت، بەڵام لە راستیدا تاکی عێراقی حەز لە مەدەنییەت دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو شەپۆلە ئازارو مەینەتییانەی دووچاری بوونە، بەڵام هەر حەز بە پێشکەوتن و بنیادان و ژیانی لێبووردەیی دەکات، بۆیە من پێوایە ئەو خۆپیشاندانانە ٢٠٪ی ئەو ململانێیە تایفەگەرییەی نەهێشتووە لەبەر ئەو دروشمە هاوبەشانەی کە بەرزکراونەتەوە کە لە کۆتاییدا بۆ سوودو بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکانە، هەروەها من سەردانی شەقامی موتەنەببی دەکەم و خۆپیشاندەرانیش لە گۆڕەپانەکان دەبینم، کە دەموچاوی تازەی گەنجان و ئافرەتان و رۆشنبیرانیان تێدایە کە بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا کردووە،ئەوانە پێشتر دوورخرابوونەوە یان پشتگوێ خرابوون، بۆیە کۆمەڵگەی عێراقی لەو هەموو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە پێکدێت، چونکە بەبێ بەشداریی ئەو توێژە جیاجیایانە ناکرێ بەردەوام بین و دواجار زیاتر سوود بە پرۆسەکە بگەیەنن و ئاییندەیەکی گەش بۆ میللەت بێنینە ئاراوە.

**کۆمەڵێک سیاسەتوان پەیدابوون و حوکمڕانیی عێراقیان گرتۆتە دەست کە بە حەڵاڵ و بە حەرام و لەسەر حیسابی هاووڵاتیان خۆیان دەوڵەمەند کردووەو بوونەتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری**

**لەو خۆپیشاندانانەدا زۆر شتی نەرێنی و نەخوازراومان بینی کە مەبەست بەلارێدابردن و چەواشەکاری بوو تاکو ئامانجەکانیان نەپێکن،وەک تەشقەڵەکردن و تەنانەت رفاندنی کەسانی بەتوانای ئەو خۆپیشاندانانە**

**هەتا ئەگەر حکومەتی حەیدەر عەبادی نیازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری و چاکسازی راستەقینەشی هەبێت، بەڵام کەوتۆتە نێو تەڵەی هەندێ لایەنی سیاسی کە پێیان وایە بەم چاکسازیانە زیانیان بەردەکەوێت**

**پێموایە ئەو خۆپیشاندانانە ٢٠٪ی ئەو ململانێیە تایفەگەرییەی نەهێشتووە لەبەر ئەو دروشمە هاوبەشانەی کە بەرزکراونەتەوە کە لە کۆتاییدا لە سوودو بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکاندایە**



### مەلا محەمەدی ئێنەیی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوا بۆ گوڵان:

# گرنگە حزبەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە خەمی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان و چارەنووسی گەلی کوردستاندا بن

## بوونی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕ و شکستهێنان بە دوژمنێکی دڕندەی وەکو داعش جێگەی شانازییە و مێژوو ئەو ڕۆڵەی لەبیر ناکات

**مەلا و مامۆستا و زانایانی ئایینی کوردستان بەردەوام ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لە خزمەتکردن بە گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی گێڕاوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی تیرۆرستانی داعش و ئەو قەیران و فیتنەیەی گەلی کورد دوچاری بووە، جارێکی دی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕۆڵی سەرەکییان لە پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی ناو ماڵی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بینی، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو پەرلەمانتارانەی هەندێك لایەن و حزبە ئیسلامییەکانە کە بەردەوام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وتارەکانیاندا کار بۆ دووبەرەکی و حزبایەتی و چاندنی ڕق و کینە دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەلا محەمەدی ئێنەیی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوا و شارەزا لە بواری زانستی ئیسلامی کردووە و لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕەوی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و هاوکاریکردنی پێشمەرگەی کوردستان، ئایا تا چەند گرنگە مامۆستایان و زانایانی ئایینی لەم قۆناغەش بۆ پاراستنی یەکڕیزی و هاوکاری هێزی پێشمەرگە هەر پێشەنگ بن؟**

- بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان. مێژووی میللەتی کوردی موسڵمان شاهیدی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی مەلا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، ئەمەش جێگەی شانازی و بەختەوەرییە کە دەستێکی باڵایان هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و پارێزگاریکردن لەم گەلە مەزڵوومە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا گەر لاپەڕەکانی مێژووی سەد ساڵەی گەلەکەمان هەڵبدەینەوە، هەر لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و قازی محەمەد تا مەلا مستەفا بارزانی دووبارە ڕۆڵی خەباتگێڕانەی مامۆستایانی ئایینیمان بۆ دەردەکەوێت، هەر کەسێك بڕوانێتە ئەو وێنەیەی کە لە ساتەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد گیراوە، ئەو ژمارە زۆرەی مەلا و مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە ئیسلامییەکانی ناو نەتەوەکەمان دەبینێت کە ئاڵای کوردستانیان بەرز کردۆتەوە. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بە دەیان مەلا و مامۆستا و زانای ئیسلامی لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەوە و پشتگیرییان لە شۆڕش کرد، ئەوە بوو خودای گەورە و میهرەبان دەرگایەکی خێری لە میللەتی کورد کردەوە و بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا گەلی کورد زۆربەی مافەکانی ئەو کاتی لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار بەدەستهێنا، توانرا حکومەت و دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق بەچۆکدا بهێنێت و ناچاری بکات بۆ دانپێدانان بە مافەکانی نەتەوەی کورد. هەر ئەو کاتەش مەلا مستەفا بارزانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی دامەزراند و ڕێکخستنێکی ڕێکوپێك لە نێوان مامۆستایانی ئایینی لەلایەك و خواست و ویستی گەلەکەمان لەلایەکی دی دروست کرا، ئەمڕۆش مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لە گوتار و ئامۆژگارییەکانیان شەڕی پێشمەرگەیان دژ بە داعش بە جیهاد داناوە و ئەوانەشی لەو ڕێگەیەدا قوربانی بە ژیانیان دەدەن، پلەی شەهادەتیان هەیە و بەرامبەرەکەشیان کە داگیرکار و هێرشبەرە جێگەیان دۆزەخ و جەهەننەمە.

*** مێژووی موسڵمانێتی کورد مێژووی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی بەرهەمهێناوە، بەڵام کاتێك ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ مەبەستی سیاسی بەکار دەهێندرێت، هەست دەکەین ئەم دیوە جوانەی لێبووردەیی دەگۆڕێت بۆ توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوە، ئێوە وەکو مامۆستایانی ئیسلامی چۆن بەردەوامی بە دیوە جوانەکەی لێبووردەیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەدەن؟**

- شەڕەکانی سەلاحەددینی ئەیووبی کە لە ژێر ئاڵای پیرۆزی ئیسلام بۆ ڕزگارکردنی بەیتولمەقدیس ئەنجام درا، شاهیدی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەی ئازایەتی گەلی کوردە کە بۆ خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە، ئەو نەبەردییە ئەو کات و ئێستاش بە هیچ سەرکردەیەکی عەرەبی نەکراوە. نەتەوەکانی دەوروبەرمان لە عەرەب و تورك و فارس باش دەزانن کە گەلی موسڵمانی کورد بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئاییندا بوون و چ ڕۆڵێکی گەورەیان لە مێژووی ئیسلامدا گێڕاوە. لە ڕووی زانایان و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بە سەدان زانا و مامۆستای گەورەی ئایینیمان هەبووە وەکو سەلاحەددینی شارەزووری و ئیبنوحازم و مەولانا خالید، چەند ساڵێکیش پێش ئێستا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە بیارەمان هەبوو کە لە بەغدا دادەنیشت و ببووە سەرۆکی زانایانی هەموو عێراق و تەنانەت لەبەر گەورەیی و شارەزایی ئەم زانا کوردە موسڵمانە بڕیار وابوو ببێتە سەرۆکی زانایانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم نموونە و بەڵگانە هەموویان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەوانەی بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هێرش دەکەنە سەر کورد، جگە لە ڕق و کینێکی شۆڤێنی هیچی تریان نییە. ئەوان چاویان بەو ئازادی و پێشکەوتنە هەڵنایەت کە کوردستان بەخۆیەوە بینیویە، چاویان بەو پێکەوەژیان و لێبووردەییە هەڵنایەت لە کوردستان بوونی هەیە و هەروەها باوەشی بۆ ئاوارەکانی عێراقیش لە سوننە و شیعە کردۆتەوە. ئەو گرووپە چەکدارانەی بە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام هێرشمان دەکەنە سەر، بەڵایەکیان تووش کردین لە کاتێکدا ئێمە گرفت و کێشەمان لەگەڵ ئەواندا نەبوو، بە هیچ شێوەیەك تەعەدا و ناهەقیمان بەرامبەر نەکردوون. هەر بۆیە کارەکە پێچەوانە بووەوە، لە کاتێکدا تەواوی نەتەوە و حکومەتەکانی دنیا لە داعش دەترسان، کەچی لەسەر دەستی کورد و پێشمەرگە تیرۆریستانی داعش زەلیل و ڕیسوا کران و شکستیان پێهێنرا، ئەمەش بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) جێگەی فەخر و شانازییە، چونکە شەڕێکی هەق و دادپەروەرییە و پارێزگارییە لە مرۆڤایەتی و نەتەوەیەکی موسڵمان، مامۆستایانیش لە مینبەرەکانی مزگەوت بە بەردەوام ئاماژە بەوە دەکەن کە برا پێشمەرگەکان هیچ گومانیان لەوەدا نەبێت، ئەگەر بکوژرێن پلەی شەهادەتیان هەیە و بکوژەکانیشیان بە ئاگری دۆزەخی دەسووتێن. پێغەمبەر ( د.خ) بە ئەسحابەکانی فەرموو: ئەگەر گرووپێك بێن و هێرش بکەنە سەرتان پێیان بڵێن با شەڕ نەکەین. ئەوانیش پێیان وت: باشە ئەگەر ڕانەوەستان و هەر شەڕیان کرد؟ پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: بەرگری و پارێزگاری لە خاك و نیشتمانی خۆتان بکەن، مادام ئێوە دیفاع لە کەرامەت

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو تەمەنەی بە درێژایی هەفتە و مانگ لە بەرەکانی شەڕ ماوەتەوە، بەمەش توانی پێشڕەویی پێشمەرگە بکات و شکست بە دڕندەترین دوژمن بهێنێ**

**لە کوردستان خەڵک هەبووە لە ناو حزبی شیوعیدا بووە، بەڵام دینداری خۆی کردووە و ڕێزی لە ئایینی ئیسلام گرتووە**

**ئیسلام موڵکی هیچ حزبێک نییە، پاوانکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لەلایەن حزبەوە تاوانە و ئایین بۆ گەیشتن بە پلە و پۆست و کورسی دەسەڵات نییە، بەڵکو بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و بەها بەرزەکانە**

**گەلی کورد موسڵمان و خواپەرستە و بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی گەورەی لە پاراستنی ئاییندا هەبووە، پێش پەیدابوونی حزبی ئیسلامییش، چەندین سەدەیە کورد هەر لەسەر ڕێچکەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بووە**

**هەڵبژاردنی سەرۆک لەناو خەڵک دیموکراتیتر و باشترە و هەموو خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکی خۆیان دەکەن**

**پێغەمبەری خودا (د خ) کە خێری دەکرد لە دابەشکردنی خێرەکەدا جیاوازی لە نێوان موسڵمان و کریستیان و جوولەکە نەدەکرد. ئەخلاق و ڕەوشتی کوردەواریش ڕەنگدانەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە**

**دەبێت لە وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی بەڕێزەوە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە خەڵک بگەیەنین و مەترسییەکانی سەر نەتەوەکەمان ڕوون بکرێتەوە**

و شەرەفی خۆتان دەکەن، ئەگەر ئەوان ئێوەیان کوشت، ئێوە پلەی شەهیدتان هەیە و جێگاتان بەهەشتە، ئەوانیش جەهەننەمین و لە دۆزەخ دەبن، ئەمەش موژدەیەکی بەرزە بۆ شەهیدەکانی پێشمەرگە کە جێگەیان بەهەشتی بەرینە.

*** وەکو مامۆستایەکی ئایینی و شارەزا لە بواری شەریعەتی ئیسلامی چۆن دەڕوانیتە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی خەڵکی و بەڕێوەبردنی شەڕی داعش؟**

- لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دواتریش لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین، هەموو کات پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی خۆیان پێشڕەو بوون و بەشداری شەڕیان دەکرد و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بوون. خالیدی کوڕی وەلید و ئەبو عوبەیدەی جەڕاح و سەدان سەرکردەی دیاری موسڵمانان سەرکردەی فتووحاتی ئیسلام بوون و لە پێشەوەی سوپاکانیاندا بوون. بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو تەمەنەی بە درێژایی هەفتە و مانگ لە بەرەکانی شەڕ ماوەتەوە، بەمەش توانی پێشڕەویی پێشمەرگە بکات و شکست بە دڕندەترین دوژمن بهێنێ. بوونی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕ و شکستهێنان بە دوژمنێکی دڕندەی وەکو داعش جێگەی فەخر و شانازییە و مێژوو ئەو ڕۆڵەی لەبیر ناکات.

*** وەکو ئاشکرایە پەرلەمان وەکو دەزگایەکی تەشریعی و یاسادانان دەبووایە لە خزمەتی خەڵکدا بووایە، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان و زۆر لە پەرلەمانتاران ڕۆڵێکی سلبییان گێڕا و بە تەواوەتی ئەو دەزگایەیان لە کارو چالاکی ئیفلیج کرد، ئایا پێتوا نییە هەڵگیرسانی فیتنەکە فەشەلی پەرلەمان بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی خەڵك؟**

- پەرلەمان شەرعییەتی نێودەوڵەتی هەیە و دامەزراوەیەکی گرنگی گەلی کوردستانە، پەرلەمانتارانیش بە دەنگی هاووڵاتیانی کوردستان چوونەتە ناو ئەو دەزگایەوە، هەر بۆیە دەبێت لە ئاستی فەخر و شانازی گەلەکەیاندا بن و نوێنەرایەتی ئەو میللەتە بکەن و لە ئاست داخوازی و خواستەکانی ئەواندا بن و بە ڕێکوپێکی لە مەیداندا کار بکەن و ڕەچاوی بەرژەوەندیی میللەتەکەیان پێش حزبایەتی بکەن. من کەسێکی سیاسی نیم و ئاگاداری وردەکاری و نهێنییەکانی ئەو لایەنە سیاسی و حزبانە نیم کە چ ئامانجێکیان هەیە، بەڵام زۆر گرنگە لە هەموو سات و کاتێکدا پەرلەمانتاران کارێکی وا نەکەن ببێتە هۆکاری تێکدان و ئاژاوە و فیتنە لە نێوان گەلی کوردستان، بەتایبەتی ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەیە و کارێکی ناڕەوایە فیتنە و پشێوی دروست بکرێت.

*** باسی لێبووردەییت کرد لە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام، گەلی کوردستانیش خاوەنی ڕەسەنایەتییەکی گەورەیە لە بواری لێبووردەیی و پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیانی نێوان ئایین و ئایینزاکان، ئایا ئەم ژینگەی پێکەوەژیان و کەلتوورە مێژووییە چۆن پارێزگاری لێدەکرێت؟**

- شوێنێکی وەکو هەولێر کە ئەو هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکی تێدایە، بێ ئەوەی هیچ گرفت و کێشەیەکی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایینی تێدا بێت، جوانترین پەیامە بۆ جیهانی ئیسلام و مرۆڤایەتی، کە بزانن کورد خاوەنی کەلتوورێکی بەرزن و ئاشتی و برایەتی بۆ هەموو نەتەوە و ئایینزاکان دەوێت، ئەمەش وایکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان هەموویان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، ئەمە جێگای شانازییە و بەڵگەیە بۆ سینگفراوانی نەتەوەی کورد کە ڕێزی لە تەواوی نەتەوەکان و ئایین و ئایینزاکان گرتووە، لەلایەکی دیکەوە ئەو هەموو ئاوارە عەرەبەی لە بارودۆخێکی دژوار و ناڕەحەتییەکی گەورەدا ڕوویان لە کوردستان کردووە، بێ ئەوەی کەس سووکایەتیان پێ بکات، بگرە بە پێچەوانەوە ڕێزگرتن و پێشوازیکردن لێیان بووەتە هەوێنی پێکەوەژیان، پاراستنی ئەم لێبووردەیی و پێکەوەژیانە بۆ ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی دیکە دەگەڕێتەوە کە وایکردووە بە عەقڵانی و مرۆڤایەتی بڕواننە ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، بگرە پێشوازی لە لێقەوماوانی شەڕی تائیفی لە عێراق و ناوچەکەش بکەن. نەبوونی دەوڵەتی کوردیش بۆ ئەو ستەمە مێژوویی و زوڵمە دەگەڕێتەوە کە دەرهەق بە گەلی کورد کراوە، پێش هەموو شتێك دەبێت، پەنا بۆ خودا بەرین و دواتر ئەو ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و یەکڕیزییەی کورد بکەینە پەیامی بە دەوڵەت بوون و بیگەیەنینە جیهانی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی .

*** ئێمەی کورد چۆن بتوانین بە هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکە سوود لە فقهی ئیسلامی وەربگرین؟**

- خودای گەورەو میهرەبان بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموویت: (وما ارسلناك الا رحمة للعالمين)، واتا بۆ ڕەحم و بەزەیی هەموو کەسێکمان ناردووی، میللەتی کوردیش سوودی لە ئیسلام وەرگرتووە، هەروەکو چۆن ئێستا مامۆستا و مەلا بەڕێزەکان لە گوتاری ڕۆژانی هەینی شیکردنەوەی ڕاست و دروستی فقهی ئیسلامی دەکەن و ڕاشکاوانە جەخت لەوە دەکەنەوە پێشمەرگەکانمان لە بەرەکانی جەنگدان و ڕەوایە بەرگری لە کوردستان بکەن و ئەرکێکی ئایینیە و پێشمەرگە جیهاد دەکات و کوژراوەکانمان پلەی شەهادەتیان هەیە و کوژراوەکانی تیرۆرستانی داعشیش بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێن. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە گوتاری هەینیی مامۆستایانی بەڕێز ڕێك بخرێتەوە و نزامێکی بۆ دابنرێت، بە هاوشێوەی وڵاتانی وەکو سعودییە و کۆماری ئیسلامی ئێران و سەرجەم وڵاتانی موسڵمان، لەمەشدا وەزارەتی ئەوقاف

بەرپرسی یەکەمە، دەبێت لە وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی بەرێزەوە رێرەوی راستەقینەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە خەڵك بگەیەنین و مەترسییەکانی سەر نەتەوەکەمان روون بکرێتەوە، چونکە ئەگەر ئەم واقیعە و بارودۆخە تێك بدرێت و دوژمنانی گەلەکەمان زیانمان پێ بگەیەنن، ئەوا تەنانەت ناتوانین بە ئەرکەکانی ئایینیشمان هەڵسین بۆیە چاودێری و بەدواداچوون لەسەر هەڵەکان پێویستە.

*** مار گۆرگیسی سێیەم وەك ١٢١ هەمین پاتریاکی ئاشورییەکان لە هەولێر دانرا، دوای ٨٠ ساڵ گەڕانەوەی ئەم پۆستە واتە کورسیی پاتریاکی کەنیسەی رۆژهەڵات بۆ هەولێر تا چ رادەیەك گرنگی بۆ پاراستنی ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەیی هەیە؟**

- کاتێك فەقێ بووم لە شەقڵاوە بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە نێوان ئێمە و کریستیانێکدا نەبوو، من لە زۆر شاری کوردستانی رۆژهەڵات و باشوور خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردووە و ئەم واقیعەی پێکەوەژیان و لێبوردەییەم بینیوە. موسڵمان و کریستیان و ئایینزاکانی دیکە لە کوردستان یەك زمان و جلوبەرگ و کەلتوورمان هەبووە. خودای گەورە و میهرەبان دەفەرمووێت: (وَلا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً فَلاَ يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُوراً) واتا ئاگادار بن نەفسی خەڵکی بە ناهەق مەکوژن. هەر لەم بوارەدا پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووێت: (قتل مسلم بغير حق أعظم عند الله من زوال الدنيا ...) واتا ئەگەر کەسێك مرۆڤێك، یان ئیماندارێك بکوژێت، لە دنیا خراپکردنێك خراپترە. لە فەرموودەیەکی دیکە دەفەرمووێت: (مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا)، واتا کەسێك کەسێکی دی بە ناهەقی بکوژێت، کە موسڵمانیش نەبێت، بۆنی بەهەشت ناکات، ئەو بۆنەی کە بە درێژایی ٤٠ ساڵ دەڕوات. تەنانەت پێغەمبەری خودا (د خ) کە خێری دەکرد لە دابەشکردنی خێرەکەدا جیاوازی لە نێوان موسڵمان و کریستیان و جوولەکە نەدەکرد. ئەخلاق و رەوشتی کوردەواریش رەنگدانەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە. سەبارەت بە گەڕانەوەی کورسیی پاتریاکی ئاشورییەکانیش دەستکەوتێکی گەورەیە، ئەمەش بۆ ئەو کەلتوورەی پێکەوەژیانە دەگەڕێتەوە کە بە درێژایی چەندین ساڵە ئەو ئایین و ئایینزایانە لەم خاکەدا دەژین.

*** بۆ ئێستای کوردستان گرنگە فیتنە و ئاژاوە لە کوردستان دوور بکەینەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئێستا هەندێك لە حزبەکان خەریکە ئەم یەکریزی و یەکدەنگییە تێکبدەن، تاچەند گرنگە مامۆستایانی ئایینی خۆیان تێکەڵی ئەم ئاژاوەیە نەکەن؟**

- جێگەی نیگەرانی و داخە حزبەکانی کوردستان رەچاوی بارودۆخی خراپی نەتەوەکەیان نەکردووە و لە ئێستادا جۆرە فیتنە و پشێوییەکیان تێکەوتووە. خودای گەورەو میهرەبان دەفەرمووێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا)، لە دەقێکی دی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: (وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) لە دەقێکی دی دەفەرمووێت: (وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ). ئەم دەقانەی قورئانی پیرۆز پێمان دەڵێت بە کێشە و دووبەرەکی و جیاوازی زیانتان پێ دەگات و شکست دەهێنن. حزبە کوردستانییەکان دەبێت ئەو راستییە بزانن کە بۆ گەلێکی وەکو کورد کە چواردەورە دراوە بە دوژمن و داگیرکار و بە بەردەوام پیلان لە دژی دەگێڕن، تەنیا بە یەکگرتوویی و تەبایی سەرکەوتوو دەبن و سەروەریمان بۆ دەستەبەر دەبێت.

*** هەروەکو دەزانن، حزبە کوردستانییەکان لە دانوستاندن و گفتوگۆدان و ئەم هەنگاوە دوای پشتیوانی خوا پێویستی بە ئیرادەی خێر و پشتگیری هەموو لایەك بۆ سەرۆکی کوردستان هەیە. ئایا چەندە گرنگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کوردستان لەناو خەڵکدا دەنگی پێ بدرێت؟**

- هەڵبژاردنی سەرۆك لەناو خەڵك دیموکراتیتر و باشترە و هەموو خەڵك بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکی خۆیان دەکەن، چونکە بۆی هەیە خەڵکێکی کەمتر بەشداری لە دەنگدانی پەرلەمان بکات. من کەسێکی شارەزام لە شەریعەت و فقهی ئیسلامی و سیاسی نیم، بەڵام دەزانم گرنگە حزبەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە خەمی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان و چارەنووسی گەلی کوردستاندا بن.

*** تاچەند ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی بەوە هەیە حزبی ئیسلامی هەبێت و ئایین تێکەڵ بە حزبایەتی بکرێت؟**

گەلی کورد موسڵمان و خواپەرستە و بە درێژایی مێژوو رۆڵی گەورەی لە پاراستنی ئاییندا هەبووە، پێش پەیدابوونی حزبی ئیسلامییش، چەندین سەدەیە کورد هەر لەسەر رێچکەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بووە، گوندێك ئەگەر ١٠ ماڵی تێدا بووبێت، مزگەوتێکی تێدا بووە. ئیسلام موڵکی هیچ حزبێك نییە، پاوانکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لەلایەن حزبەوە تاوانە و ئایین بۆ گەیشتن بە پلە و پۆست و کورسی دەسەڵات نییە، بەڵکو بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و بەها بەرزەکانە، بۆ ئەوەیە پارێزگاری لە مەزڵوومیەتی خەڵکی بکات، لە کوردستان خەڵك هەبووە لە ناو حزبی شیوعیدا بووە، بەڵام دینداری خۆی کردووە و رێزی لە ئایینی ئیسلام گرتووە. ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستاش کورد بەرگری لە ئایینی ئیسلام کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ حزبێکی ئیسلامی بوونی هەبێت.

**ئەگەر ئەم واقیعە و بارودۆخە تێک بدرێت و دوژمنانی گەلەکەمان زیانمان پێ بگەیەنن، ئەوا تەنانەت ناتوانین بە ئەرکەکانی ئایینیشمان هەڵسین**

**پێش هەموو شتێک دەبێت، پەنا بۆ خودا بەرین و دواتر ئەو ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و یەکریزییەی کورد بکەینە پەیامی بە دەوڵەت بوون و بیگەیەنینە جیهانی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی**

**زۆر گرنگە لە هەموو سات و کاتێکدا پەرلەمانتاران کارێکی وا نەکەن ببێتە هۆکاری تێکدان و ئاژاوە و فیتنە لە نێوان گەلی کوردستان، بەتایبەتی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەکریزی و یەکدەنگی هەیە و کارێکی نارەوایە فیتنە و پشێوی دروست بکرێت**

**لە کاتێکدا تەواوی نەتەوە و حکومەتەکانی دنیا لە داعش دەترسان، کەچی لەسەر دەستی کورد و پێشمەرگە تیرۆرستانی داعش زەلیل و ریسوا کران و شکستیان پێهێنرا**





## (١)ی تشرینی یەکەم

# ساڵڕۆژی جیهانیی بەساڵاچووان

عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

چارەکە سەدەیەکە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێکی کردۆتە ڕۆژی جیهانیی بەساڵاچووان.

ڕەنگە زەحمەت بێت یەك پێناسە هەبێت بۆ ناساندنی بەساڵاچووان، چونکە پێناسەکان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت، سەرەتا لە ناولێنانەوە دەست پێدەکات، چونکە بۆ نموونە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەو کەسانەی کە بەتەمەنن پێیان دەڵێن گەورە، یان پیر، ئەم زاراوەیەش لە لای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕەتکراوەتەوە، چونکە وشەی (پیر) وشەیەکی نێگەتیڤە و کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤەکە، لەبەر ئەمە زاراوەی بە ساڵاچوو ڕاستترە لە پیر، چونکە پیر سیفەتێکی پەککەوتەیی و بێ توانایی بەمرۆڤ دەدات، بەڵام بەساڵاچوو واتە تەمەنی زیادی کردووە.

بۆیە بەساڵاچوون پرۆسەیەکی سروشتیی گۆڕانە، چۆن منداڵێك گەورە دەبێت و لە ماوەیەکدا پێی دەڵێن هەرزەکار، بەساڵاچوونیش قۆناغێکە لە قۆناغەکان و نەخۆشی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی سروشتییە لە گۆڕانکاریی جەستەیی و دیاردەیەکی بایۆلۆژیشەو گرفت نییە، تەنها ئەوەندەیە لەرووی تەمەنەوە بەرەو پێش دەڕوات.

یان قۆناغی سێیەمی تەمەنە، دوای قۆناغی یەکەم و دووەمی تەمەن، قۆناغی سێیەم دێت، بەو قۆناغی سێیەمە دەگوترێت بە ساڵاچوون، یان قۆناغی هێمنیی، واتا مرۆڤ کە دەگاتە ئەو تەمەنە لە قۆناغێکی هێمندا دەژی.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی (١٩٧٢)وە وای دیاریکردووە کە بە مرۆڤی

(٦٥) ساڵ بەرەو ژوور بڵێن بەساڵاچوو، لەجیهانیشدا لە ساڵی (٢٠٠٠)دا نزیکەی (٦٠٠) ملیۆن کەس لەم تەمەنەدا بوونە، پێشبینییش دەکرێت لە ساڵی (٢٠٥٠) دا، نزیکەی (٢) ملیار مرۆڤ بگەنە سەرووی (٦٥) ساڵ.

ئەم تەمەنی بەساڵاچوونە دەکرێت بە دوو بەشەوە بەساڵاچووی چالاك کە ئەو کەسانەن لە نێوانی (٦٥) هەتا (٧٠)ساڵیدان، بەساڵاچوونێکی دیکە هەیە پێی دەڵێن گەورە کە دەکاتە ٧٥ ساڵ بەرەو ژوورتر، لەبەر ئەوەشە وڵاتانی جیهان تەمەنی ٦٠ هەتا ٦٥ بۆ خانەنشینی دادەنێن، چونکە بە پێی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٦٥ ساڵ بەرەو ژوور پێی دەگوترێت بە ساڵاچوو.

لەم بۆنە و یادەدا بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بە چەند ئەرکێکی کەمی پەرلەمان و حکومەت و کەرتی تایبەت و میدیاو خێزان بدەم وەك کارئاسانییەك بۆ ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگەی کوردستانی:

١. پەرلەمان: پێویستە پەرلەمان لە بیری ئەوەدا بێت کە سوود لەو یاسایانەی ئەمڕۆ و ئەم سەردەمە وەربگرێت کە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا خزمەتی باش پێشکەش بە توێژی بەساڵاچووان دەکەن.

٢. حکومەت: حکومەت دەتوانێت بەلای کەمەوە ئەم سێ کارەیان بۆ ئەنجام بدات:

یەکەم: لەگۆڕینی شێوازی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینان کە ئەو هەموو خەڵکە بەو تەمەنە و، بەو گەرماو سەرمایە ریز دەبەستن لە کاتێکدا دەبێت ئەوان مووچەکانیان بۆ ماڵەوە بۆ ببرێتەوە یان لە رێگەی کارتێکی زیرەکەوە مووچەکەیان وەربگرن.

دووەم: دۆزینەوەی بواری کاری خۆبەخشیی بۆ بەساڵاچووان، بۆ نموونە ئەگەر بەساڵاچوویەك مامۆستای مێژوو بێت ئێستاکە خانەنشین بوویێت، دەکرێت لە مۆزەخانەیەك سوود بگەیەنێت بە شێوەیەکی خۆبەخشانەو، کە هەر کاتێك میوانێکی هەرێم یان کۆمەڵە کەسێك هاتن، ئەو دەتوانێت راڤەی ئاسەواری ئەو مۆزەخانەیان بە جوانترین شێوە بۆ بکات، نموونەی دیکەی زۆر هەیە لە وڵاتانی ئەورووپا کە کار دەدۆزنەوە بۆ بەساڵاچوان و خانەنشینان.

سێیەم: هێشتنەوەو پاراستنی هەندێك لە شوێنە گشتییە کۆنەکان، چونکە هەر مرۆڤێکی بەساڵاچوو یادەوەرییەکی هەبووە لەگەڵ شەقامێك یان شوێنێکی دیاری کراو یان قوتابخانەیەکی دیاری کراو.

بەڵام ئەگەرحکومەت هەموو ئەو شوێنانە برووخێنێت و بیانکات بە بینای تازە، ئەوسا بەساڵاچووان هەست بەغەریبیی دەکەن لە شاری خۆیاندا کاتێك هیچ ئاسەوارێکیان بۆ ناهێڵنەوە کە نیشانە بێت بۆ سەردەمی ئەوان، بۆیە حکومەت دەتوانێت پێشکەوتنی ئابووری خۆی ئەنجام بدات و شاریش جوانتر بکات و بینای بڵندیش دروست بکات، بەڵام بەو مەرجەی هەندێك لەو شوێنە کۆنانە لەبەر بەتەمەنەکان بهێڵێتەوە، چونکە یادەوەریی ئەو کەسانەن و، دێنەوە سەردانی ئەو شوێنانەی کەیادەوەریی خۆیانیان لەگەڵدا هەیە.

٣. کەرتی تایبەت:

ئەو کەسانەی کە لە ٦٣ ساڵیدا خانەنشین دەبن ئەزموونێکی باشیان لایە، بۆیە لە وڵاتانی دی کەرتی تایبەت دێت سوودیان لێوەردەگرێت لەبواری پسپۆڕێتیی خۆیاندا، کە دەکرێت ئەم ئەزموونە لای ئێمەش هەبێت.

٤. میدیاو راگەیاندن:

(کۆفی ئەنان)ی ئەمینداری پێشووتری نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێت:

(ئێمە لە ئەفریقیا پەندێکمان هەیە دەڵێت: هەر کاتێك کە بە ساڵاچوویەك دەمرێت، کتێبخانەیەك لە ناو دەچێت) کەواتە هەر بەساڵاچوویەك بۆخۆی کتێبخانەیەکە کە حکومەت و کۆمەڵگە و دامودەزگاکان پێویستیان پێیەتی، بۆیە دەبێت میدیاکان لەگەڵیان دابنیشن و ئەزمون و زانیارییان لێ دەربێنن و هەموو زانیاریەکانیشیان بخەنە سەر سی دی و تیڤی بۆ ئەوەی نەوەی نوێ سوودیان لێوەربگرن.

٥. خێزان:

بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە کەباشترین ژینگەیەك بۆ بەساڵاچوو بریتییە لە ئامێزی خێزانەکەی خۆی، بۆیە هەڵەیە ئەگەر بەساڵاچوو لە ماڵ دەربکرێت بەرەو خانەی بەساڵاچووان، چونکە بە ساڵاچوو یادەوەریی هەیە لەگەڵ ئەوماڵەو، گەورەترین کارەسات و گرفتیش بۆ بەساڵاچووان ئەوەیە شوێنی یادەوەریەکانیان بەجێبێڵن، بۆیە لەرووی کۆمەڵناسییەوە باشترین ژینگەیەك بۆ بەساڵاچووان ماڵەکەی خۆیەتی.